دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ٣٠ی سەرماوەز ١٣٩١ ـ ٢٠ی دێسامبر ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٨ | نرخ: ١٥٠ تمەن

### ٢٠١٢ خوێناویترین ساڵ بۆ ڕۆژنامەنوسان

پەیامنێرانی بێسنور، لە ڕاپۆرتێکیدا ئاشکرای کرد: لە ساڵی ٢٠١٢دا (٨٨) ڕۆژنامەنووس و (٤٧) هەواڵنێر کوژراون، کە بەرزترین ڕێژەیە لەوکاتەی لە ساڵی (١٩٩٥) ەوە ڕێکخراوەکە دامەزراوە و پێشێلکردنەکانی سەر ڕۆژنامەنوسان تۆمار دەکا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەو وڵاتانەی کە ململانێ و شەڕیان تێدایە وەکو سووریە و سۆمالی و پاکستان، مەترسیدارترین وڵاتن بۆ ڕۆژنامەنووسان و هەریەکە لە مکزیک و برزیلیش بەهۆی بوونی مافیا و قاچاغچێتیی مادە هۆشبەرەکانەوە لەو وڵاتانەی دیکە مەترسییەکانیان کەمتر نییە.

ئەو ڕێکخراوە ئاشکراشی کردوە: سووریە لە ریزبەندی یەکەم دایە و لەمساڵدا (٢٨) ڕۆژنامەنووس کوژراون، کە لەنێویاندا چوار ڕۆژنامەنووسی بیانی بەرچاو دەکەون.



شەو زستانی هەموو ساڵێک تێکۆشەرانی دیموکرات و ئۆگرانی بیروباوەڕی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی ڕێبەری شەهید دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، یادی لە دایک بوونی ئەم کەسایەتییە گەورە دەکەنەوە.

«کوردستان» پیرۆزبایی ئەم یادەتان لێ دەکات.

# هەڵپڕووکانی کچە قوتابییەکانی سووتمانی قوتابخانەی «شیناوێ» خەڵکی کوردستانی ماتەمبار کردوە



لە ١٥ی سەرماوەزەوە کە٣٧ کچە قوتابیی پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی گوندی «شیناوێ»ی پیرانشار، بە هۆی تەقینەوەی کوورەی نەوتی پۆلەکەیان تووشی سووتان بوون، ماتەم، نیگەرانی و تووڕەیی سەرانسەری ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگرتوە.ماتەم بە بۆنەی مەرگی دوو لە کچەکان(سەیران یەگانە و ئیلهام ئیسمائیلپوور)کە مەرگی کەسی دووهەم، هێشتا بە ڕەسمی ڕانەگەیەندراوە. ژمارەیەکی ٧-٨ کەسییش لە سووتاو و برینداره‌کان، هێشتا لە مەترسیی مردن ڕزگاریان نەبووە و ئەمە بووە بە هۆی نیگەرانیی خەڵک و هەموو مرۆڤێکی خاوەنویژدان . شەپۆلی تووڕەییش سەرانسەری کوردستان و چالاکانی مەدەنی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و دەرەوەی وڵاتی داگرتوە، تووڕەیی لە کەمتەرخەمیی دەسەڵاتداران بەرامبەر بە خەڵک و گرتنەبەری سیاسەتی هەڵاواردن لە پیوەندی لە گەڵ نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا. قسەنابەرپرسانەکانی وەزیری پەروەردە لە مەجلیسی ئێران لە بارەی ئەو کارەساتە و بێدەنگی و بیخەمیی سەرانی ڕێژیم لە ئاست ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ، ئەوەندەی دیکە، تووڕەیی خەڵکی شیناوێ و پیرانشار و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و دەرەوەی وڵات وروووژاندوە. ترس لە تەقینەوەی ئەم تووڕەییانە و وەڕێکەوتنی ڕێپێوان و خۆپێشاندانی هاوپیوەندیی لە گەڵ بنەماڵەی قوربانییەکان ، بووە بە هۆی ئەوە کەشوهەوای نیزامی و سەرکوتکەرانە بە سەر پیرانشار و بە تایبەتی گوندی شیناوێ دا ، زاڵ بکا.

**لە پەیامیک دا ،**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:**

## بە هیوای چاکبوونەوەی هەر چی زووتری مام جەلال

**زۆر بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،

ئێمەش وەک هەموو ئەو کەس و لایەنانە کە شارەزای مێژووی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی مام جەلال و ڕۆڵی مێژوویی ئەو کەسایەتییە لە شۆڕشی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتیی عێراقدا هەن، بە هەواڵی نەخۆشیی مام جەلال نیگەران بووین. خۆشحاڵین کە سەرچاوە پزیشکییە پێوەندیدارەکان، باس لە جێگیر بوونی تەندروستیی مام جەلال و باشتر بوونی نەخۆشییەکەی دەکەن.

لەم ساتە دا لە لایەن خۆم و بە ناوی ڕێبەری و سەرجەم ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە،هیوای چا کبوونەوەی هەر چی زووتر بۆ مام جەلال سەرکۆماری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی دەخوازم.



**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٩ی دیسامبری ٢٠١٢**
**٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩١**

## کۆبوونەوەی بەرینی بروکسێل بۆ دیالۆگ

### لە سەر پرسە گرنگەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران، کۆتایی پێ هات



کۆبوونەوەیەکی بەرین کە بە دەسپێشخەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و چالاکانی سەر بە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە بروکسێل پێک هاتبوو، دوای ٣ ڕۆژ کار و چەندین دانیشتن، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. بەشداران، دەرفەتخولقاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بۆ ئالوگۆڕی دیالۆگ لە نێو هاونیشتمانان و ڕۆڵی ئەم کۆبوونەوە بەرینەیان لە خستنە ڕووی ڕوانگە جیاوازەکان و لێک نزیککردنەوەیان لە یەکتر، بەرز نرخاند. سەرنجتان بۆ کۆمەڵێک بابەت لە پیوەندی لە گەڵ ئەم کۆبوونەوە بەرینە، لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا ڕادەکێشین.


سیاسی



هەڵسەنگاندنی کۆبوونەوەی سێ ڕۆژەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بروکسێل

٦

نەتەوەیی



وتاری دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

٧

سیاسی



میسر بەرەو کام ئەزموون؟

٨

کۆمەڵایەتی



کارەساتی شیناوێ و چەند سەرنج و تێبینی

٩

کولتووری



مەرگی بێدەنگ

(خەسارناسیی زمانی زکماکی لە نێو کوردەکانی باکووری خوراسان دا)

١٠


ڕاگەیاندراو

## با ئاڵای کوردستان هەوێنی یەکبوونمان بێت

**قادر وریا**

پارلمانی کوردستان لە ساڵی٢٠٠٤ەوە (بە بڕیاری ژمارە ٤٨ لە ٢٠٠٤/٦/١٩) ڕۆژی ١٧-١٢ ی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی ڕێزگرتن لە ئاڵا دەسنیشان کردوە.

لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤(١٧ی دیسامبەری ١٩٤٥)، خەڵکی مەهاباد بە ڕێنوێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەستیان بەسەرشارەوانی وەک دوا بنکەی سەرکوتی ڕێژیمی شایەتی لە مەهاباد داگرت و هەر لە سەر بینایەی ئەو بنکەیە، بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد.

بە چەککردنی شارەوانیی مەهاباد، دەسەڵات لەو شارە بە تەواوی کەوتە دەستی خەڵک و ڕێخۆشکەر بوو بۆ پێکهاتن و ڕاگەیاندنی جمهوریی کوردستان لە کەمتر لە مانگ و نیوێک دوای ئەو ڕووداوە دا. چەکداربوونی خەڵک بناغەیەک بوو بۆ پێکهاتنی سوپایەک بۆ پاریزگاری لە کۆماری کوردستان کە بە سوپای میللیی کوردستان ناودێر کرا وچەکدارەکانی ئەو سوپایەش، هەر لە لایەن ئەو کۆمارەوە، ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان لە سەر دانرا. هەر لە سەر ئەم بناغەیەش بوو کە ڕێبەریی حیزبی دیموکرات، هاوینی ١٣٦٣(١٩٨٤) لە گەرمەی خەبات و بەربەرەکانیی حەماسیی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزە هێرشکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک «ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان» ناودێر کرد و لەو کاتەوە تا ئێستا کە نزیکەی سێ دەیە دەکا، هەموو ساڵێ، لە٢٦ی سەرماوەزدا، حیزبی دیموکرات و لە گەڵ حیزبی دیموکرات دا لایەنی دیکەش و ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان، ڕێزیان لە پێشمەرگەی کوردستان، گرتوە.

ئەوە کە لە هەرێمی کوردستان، ڕووداوی ڕۆژی٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ وەک یەکەم هەڵکردنی بە ڕەسمیی ئاڵای کوردستان، لە لایەن پارلمانەوە، وەک ڕۆژی ئاڵا، ناودێر کراوە، جێگای خۆشحاڵییە.هەم لێک گرێدانەوەی دوو بەشی نەتەوەی کورد و دوو پارچەی کوردستانە بە یادکردنەوەی بۆنە و بیرەوەرییەکی نەتەوەیی، هەم بەرزراگرتنی جێگە و پیگە ئاڵای کوردستانە کە ڕەمزی هاوبەشی نەتەوەییمانە. ئەوە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بیرەوەریی ڕووداوی ٢٦ی سەرماوەز، وەک ڕۆژی ریزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر جێ کەوتوە،هیچ ناتەباییەکی لە گەڵ تەرخانکردنی ئەم ڕۆژە بۆ ریزگرتن لە ئاڵای کوردستان نییە.بە پێچەوانەوە «پێشمەرگە« و «ئاڵا» پێوەندییەکی زۆر پتەویش لە نیوانیان دا هەیە.چونکە، جگە لەوەی هەر دوویان لە پرۆسەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، لە دایک بوون، هەر لە بنەرەتدا، هەر دوویان لە ڕەمزە جێی شانازییەکانی نەتەوەی کوردن. ئەگەر ئاڵا، هێمای نەتەوەی کوردە، پێشمەرگەش پارێزەری ئەو نەتەوەیە و ناسنامە و دەسکەوت وهێماکانییەتی و مێژوویەک بە قەرا تەمەنی ئاڵای کوردستانی لە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی ڕزگاری و سەربەرزیی ئەو نەتەوەیە دا هەیە. هەر بۆیە دەکرێ هەروەک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە گەڵ ریزگرتن لە پێشمەرگە دا، یادی یەکەم هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکرێتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش، ڕۆژی ئاڵای کوردستان، ڕۆژی ریزگرتن لە پێشمەرگەش بێت.

ل ٢

# پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشیی سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی مەرگی دووکەس لە قوربانییەکانی کارەساتی ئاگرکەوتنەوەی قوتابخانەی شیناوێ



چەند ڕۆژە خەڵکی کوردستان و لە گەڵ خەڵکی کوردستان دا هەموو ویژدانێکی ئاگادار لە ئێران و جیهان، نوقمی ماتەمی گوڵە هەڵپرووکاوەکانی ئاگر کەوتنەوەکەی قوتابخانەی کچانەی گوندی شێناوێی پیرانشارن.

نزیکەی حەوتوویەکە،هەموومان بە بۆنەی ئەو کارەساتەوە تاساوین و لە دڵەوە ئارەزوو دەکەین، خونچە هەڵپرووزاوەکانی ئەم ئاگرە بێئەمانە، بگەڕێنەوە باوەشی ژیان.

ڕووداوی دڵتەزێنی ئاگرکەوتنەوە لە نێو نزیکەی ٤٠ قوتابیی پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی کچانەی گوندی شیناوێ، هەر لەو کاتە دا کە شەپۆلی ماتەم و نیگەرانیی لە نێو خەڵکی کوردستان و مرۆڤدۆستان لەدەرەوە و ژوورەوەی وڵاتدا بڵاو کردەوە، تووڕەیی و نارەزایەتیی بە حەقیشی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوکۆمەڵانی خەڵک وچالاکانی مەدەنیی بوارە جۆراوجۆرەکانی نیوخۆی وڵات دا وروووژاندوە.

لە گەڵ هەموو ڕووداو و کارەساتێکی لەم چەشنە دا، جارێکی دیکە کەمتەرخەمی وبێموبالاتیی کۆماری ئیسلامی لە ئاست نەتەوە بندەستەکانی وڵات و لە پێشەوەی هەمووان خەڵکی کوردستان، خۆی دەردەخاتەوە. جارێکی دیکە ئاکامەکانی سیاسەتی هەڵاواردنی نەتەوەیی و تەرخانکردنی هەموو ئیمکاناتیک بۆ میلیتاریزەکردنی کوردستان و سەرکوتی گەلی کورد و لە بەرامبەر دا پشتگوێخستنی دابینکردنی سەرەتاییترین ستانداردەکانی خویندنگە و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگاوبان و هتد،بە زەقترین شێوە خۆیان پێشان دەدەنەوە. لە گەڵ هەر کارەساتێکی ئینسانی دا کە لە کوردستان و ناوچە بێبەشەکانی دیکەی ئێران ڕوو دەدەن، ئەم زەنگە لە ناخی هەر مرۆڤێکی تێگەیشتوو و خاوەن ویژدان دا دەزرینگێتەوە کە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، شایانی ئەو ژیانە پڕ لە نەهامەتی و بێبەشییە نین کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران، بە سەریان دا سەپاندووە.

بە بۆنەی ئەو کارەساتە خەمهێنەرە بە گشتی و بە تایبەتی مەرگی دڵتەزێنی دوو کیژۆڵەی قوتابی «سەیران یەگانە» و «ئیلهام ئیسماعیلپوور»، لە سووتاو و بریندارەکانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی قوتابخانەی شیناوێ، لە لایەن خۆم و تێکڕای ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، هاوخەمی و سەرەخۆشی بە خەڵکی شیناوێ و پیرانشار وهەموو خەڵکی کوردستان، ڕادەگەیەنم. بە وتەی پزیشکەکان، بە داخەوە هێشتا سێبەری مۆتەکەی مردن لە سەر هێندێک لە بریندارەکان لانەچووە. ئارەزوو دەکەم هەوڵ و ماندوو بوونی دلسۆزانەی پزیشکەکان و کادری دەرمانی، سەرجەم زیانپێگەیشتوانی ئەم کارەساتە لە مردن و نەقوستانی بگێڕێتەوە و بنەماڵەکانیان و دایکی نیشتمان بە چاکبوونەوە و گەڕانەوەی ئەم جگەرگۆشانە بۆ ژیانی ئاسایی،بگەشێنەوە.

داواش لە کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و بە تایبەتی توێژە پێشڕەوکانی کۆمەڵ دەکەم ئەو هاوپیوەندی و یەکیەتییە نەتەوەیی و ئینسانییەی بە دوای ئەم کارەساتە دا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێک هاتوە، بپارێزن و شانبەشانی هاوخەمی و هاوپیوەندی و پشتگیریی بنەماڵەی قوربانییەکان، چالاکانە لە هەموو حەرەکەتێکی مەدەنی و هێمنانە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە دەسەڵاتداران و کاربەدەستان و دامودەزگاکانی ڕێژیمی نامەسئولی کۆماری ئیسلامی دا بەشدار بن. هەر لەم پێوەندییە دا پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بانگەوازی ڕاگەیاندنی ماتەمینی گشتی لە لایەن چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی وڵاتەوە بۆ ڕۆژی پێنجشەمەی داهاتوو(٢٣ی سەرماوەز) ڕادەگەیەنین.

سڵاو لە گیانی پاکی دووخونچەی وەریو،دوو کیژۆڵەی قوتابی «سەیران یەگانە» و «ئیلهام ئیسماعیلپوور»،

بە ئاواتی چاکبوونەوەی هەر چی زووتری سووتاو و بریندارەکان،

ڕێز و ئافەرین بۆ یەکدڵی و یەکگرتوویی و هاوخەمیی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەیان.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠١٢/١٢/١٠**
**٢١ی سەرماوەزی ١٣٩١**

## لە دانیشتنی هاوبەشی هەر دوو لای دیموکراتدا پرسە سیاسییە گرنگەکان تاوتوێ کران



ڕۆژی چوارشەمە ١٢ی دیسامبری ٢٠١٢دانیشتنێکی هاوبەش لە ئاستی هەرەبەرز لە نێوان ڕێبەریی هەردوولای دیموکرات دا بەڕیوە چوو.

**کوردستان وکورد:** پێشنیوەڕۆی چوارشەمە ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩١،هەیئەتێکی هاوڕێیانی پێشوومان، بە سەرپەرستیی بەڕیز مستەفا هیجری، سکرتیری گشتی و ئەندامەتیی بەڕێزان حەسەن شەرەفی جیگری سکرتیر و حەمەنەزیف قادری وکەریم پەرویزی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و شاهۆ فەرازمەند و دارا ناتیق، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد . شاندی میوان لە لایەن هەیئەتێک لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی وئەندامەتیی بەڕێزان قادر وریا، حەسەن قادر زادە وعومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کەریم سەقزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنە هاوبەشە دۆستانەیەدا، هەر کام لە بەڕێزان کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی،لێکدانەوە وبۆچوونی حیزبەکانیان لە بارەی پێوەندیی هەر دوو لای دیموکرات، بارودۆخی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پیوەندیی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی،بزووتنەوەی کورد لە باکوور و خۆراوای کوردستان وکێشەکانی نیوان هەریمی کوردستان و دەولەتی ناوەندیی عێراق، خستەڕوو. دواتر، بەشدارانی دانیشتنەکە، باسەکانیان بە سەرنج و تێبینییەکانیان دەولەمەند کرد.لەوکۆبوونەوە هاوبەشەدا، ڕێبەریی هەر دوولای دیموکرات، خۆشحاڵی و ڕەزامەندیی خۆیان لە دەسپێکردنی ڕەوتی وتوویژەکانی نێوانیان و پێشوازیی خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی دیموکرات لەم ڕەوتە ڕاگەیاند. خاڵی جێگای سەرنج، روانین و خوێندنەوەی لێک نزیک و لە زۆر بواردا وەک یەکی هەر دوو لای دیموکرات لە بارەی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییە گرنگەکانی کوردستان و ناوچە بوو. هەر دوو لا، ئەرک و بەرپرسیارەتیی هاوبەش و خوێندنەوە و ڕوانینی وەک یەکیان بە هۆکار و هاندەرێکی باش زانی بۆ ئەوەی لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکان و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی لایەنە ئێرانییەکان و لەبەرەورووبوونەوە لە گەڵ پرسە هاوبەشەکان، بە یەکدەنگی و بە گوتار و هەلویستی وەک یەک بێنە مەیدان وهاوکاری و هەماهەنگیی پێویست لە نێوانیان دا هەبێت. ڕێبەریی هەر دوو لای دێموکرات، پێوەندییەکانی ئێستای نێوان ئەو دوو لایەنەیان بە هۆکار و ڕیخۆشکەر زانی بۆ ئەوەی لە بازنەیەکی گەورەتر کە لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بگریتە خۆ، دیالۆگ وهاوکاری و هاوهەنگاوی پێک بێ.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەوە یەکەم جارە کە ڕێبەریی هەر دوو لای دیموکرات لەو ئاستەبەرزە و بێبەشداریی هیچ لایەنێکی دیکە، کۆ دەبنەوە.

## خالید عەزیزی: ئەوەی لە ئێستاو لەم قۆناغەدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگ و جێی بایخە، ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و هەرەسهێنانی سیستمی سەرەرۆیی و چەوسانەوەیە





پێشنیوەڕۆی پێنجشەممە، ١٥ی سەرماوەز، بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ ناوەرۆکی دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا راپۆرتێکی پێشکەش بە بەشداران کرد.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای قسەکانی دا بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە بارودۆخی سیاسیی هەردوو وڵاتی میسرو سووریە، وەک دوو نموونە لە گۆڕانەکانی ناوچەکە، کە یەکیان پرۆسەی دوای رزگاری تێدەپەڕێنێت و ئەوی تریان لە دژی دیکتاتۆری لە خەبات دایە، باسی لە خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دوایین ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین کرد.

بەڕێز خالید عەزیزی لەم بەشە لە قسەکانی دا بە ئاماژەدان بە لێکدانەوەکانی ڕێبەریی حیزب لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا، وتی: ئەوی لە ئێستاو لەم قۆناغەدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیسبەت گۆڕانەکانەوە گرینگ و جێی بایخە، ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و هەرەسهێنانی سیستمی سەرەرۆیی و چەوسانەوەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ قەیرانی سووریە دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: لە قەزیەی سووریەدا، ڕێبەریی حیزب لە دوو لایەنەوە لێکدانەوەی ئەم پرسەی کردوە کە بریتین لە: ڕۆڵی ئێران لە هەوڵدان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و ئەوی تریان چۆنیەتیی مەسەلەی کوردی ڕۆژاوای کوردستان لە داهاتووی سووریە دایە.

کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ یارمەتیدانی ئێران بە مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد پێی وابوو کە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشێک لە داهاتووی خۆی لە قەزیەی سووریەدا دەبینێتەوە. بۆیە هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە یارمەتی بە مانەوە، یان لانی کەم، درێژ بوونەوەی تەمەنی ڕێژیمی ئێستای سووریە بدات.

بەڕێزی سەبارەت بە پرسی کورد لە سووریە ڕایگەیاند کە ڕێبەریی حیزب بە بایەخەوە ڕووداوەکانی ڕۆژاوای کوردستان تەعقیب دەکات و هەوڵ دەدات وێڕای پاراستنی فەرهەنگی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە «خۆ بواردنە لە دەستێوەردان لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان»، بە دانیشتن لە گەڵ هێزو لایەنەکانی سەر بە ڕۆژاوای کوردستان، ڕۆحی هاوکاری و یەکگرتوییان تێدا بەهێزتر بکات.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەرێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات چووە سەر کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندیی لە بەغداو لەم پێوەندییەدا روانین و خوێندنەوەکانی ڕێبەریی حیزبی بۆ بەشداران خستە ڕوو.

لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان وتی: بە پێی خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزب لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ئەوەکە خۆمان بە پشتیوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەزانین، بەڵام هیچ پێوەندییەکمان بە کێشەکانی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە بەغدا لە گەڵ هەرێمی کوردستان نییە و خۆمان ناکەینە بەشێک لەم کێشانەو پێشمان وایە هەردوو لا ( هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی لە بەغدا) ئیستعدای ئەوەیان هەیە کە بە گرتنە پێشی ڕێگای دیالۆگ، بە سەر کێشەکان دا زاڵ بن.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ هەلوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیسبەت پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە، بەڕێز کاک خالید عەزیزی باسی لە بزووتنەوەی کورد لە باکوور کرد و بە ئاماژەدان بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزب لە دوایین کۆنگرەی پارتی ئاشتی و دێموکراسی (بە دە پە) لە باکووری کوردستان و پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پ کە کە)، پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ خەباتکارانی کورد لەم بەشە لە خاکی کوردستان دووپات کردەوە.

لە دوایین بڕگەی راپۆرتەکەیدا لە پێوەندی لە گەڵ دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە پرۆسەی دیالۆگی نێوان هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات کردو بە خستنە رووی بۆچوونی ڕێبەریی حیزب لەم پێوەندییەدا وتی: لە پرۆسەی تا ئێستای دیالۆگی نێوان دێموکراتەکاندا ئێمە هەوڵمان داوە شوێنەوارە ڕەوانییەکانی دوو کەرتبوونی حیزب بسڕینەوە. بەڵام لە گەڵ ئەوەکە تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێکی رەسمی لە نێوانمان دا مۆر نەکراوە، هەوڵ دەدەین لە داهاتوو دا کە پێکەوە دادەنیشین و دەکەوینە دیالۆگەوە، کار لە سەر مکانیزمەکانی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوەبوون بکەین.

شایانی ئاماژەپێدانە کە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە هێندێک بڕیارو راسپاردەی دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتی ئیدارەکردنی حیزب دا کرد.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە دەوری یەک کۆ بوونەوە



دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە) بە سەرپەرستیی هەردوو بەڕێزان؛ خالید عەزیزی و ئیبرایم عەلیزادە لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی سیاسیی ڕۆژدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی سەرماوەز هەیئەتیکی حیزبی دێمووکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب ،لە لایەن هەیئەتێکی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)بە سەرپەرستیی بەرێز ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری گستیی، پێشوازیی لێ کرا .

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوە هاوبەشەدا هەردوو لا لە پێوەندی لە گەڵ دوایین ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، بارودۆخی ئەمڕۆی وڵاتی سووریە، کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەند لە بەغدا و بەتایبەتی بارودۆخی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکان دا ئاڵو گۆری بیروڕایان لە سەر کرا.

لە درێژەی ئەم دانیشتنەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) ڕەوشی سیاسیی ئێران و داهاتووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی کورد لە داهاتووی ئێران و چۆنیەتی ڕاگرتنی ورزن و قورسایی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێوەندیی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان باسیان لە سەر کرا و هەردوولا ڕوانینی هاوبەشیان بۆ زۆرێک لە پرسە سیاسییەکان هەبوو.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە پێداگریان لە سەر پتەوتر کردنی پێوەندییەکانیان کردەوە.

**درێژەی:**

## با ئاڵای کوردستان هەوێنی یەکبوونمان بێت

بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە، لە هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی خۆی دا یادی یەکەم هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ناکەنەوە ، و هەر ئەمە وای کردوە دوو بەشی کوردستان لە دوو ڕۆژی جیادا یادی ڕووداوێکی دیاریکراو بکەنەوە کە ئەمەش لە گەڵ فەلسەفەی یەکیەتیی نەتەوەیی و یەک ئاڵایی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە ناتەبایی دایە. مەسەلەکە ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، یادی یەکەم هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکرێتەوە و ڕیز لە پێشمەرگەی کوردستان دەنرێت، کە مەرج نییە هەموو ساڵێ بکەوێتە ١٧ی دیسامبر و ساڵی وایە ئەم ڕۆژە لە گەڵ ١٦ی دیسامبر،ڕێکەوت دەبێ! ڕاستە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ڕێکەوتە لە گەڵ ١٩٤٥/١٢/١٧، بەڵام بەو هۆیەوە کە شوێنی ڕووداوەکە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دروست وایە ڕۆژژمێرە کوردی و هەتاوییەکە بکرێتە بناغەی یادکردنەوەکە نەک ڕۆژژمێری زایینی. پارلمانی کوردستان، دەتوانێ بە ناودێرکردنی «٢٦ی سەرماوەز» وەک «ڕۆژی ڕیزگرتن لە ئاڵای کوردستان» (لە جیاتی ١٧ یا ١٦ی دیسامبر) یەکیەتی لە یادکردنەوەی ئەم بۆنە نەتەوەییە دا، دروست بکاتەوە.

«ئاڵای کوردستان» هەتا دێت پتر دەبێتە ڕەمزی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. با بە دروستکردنی یەکیەتییەکی هەرچی بەرینتری نەتەوەیی لە یادکردنەوە و بەرزراگرتنی ئەو ڕەمزە دا، ئەو لایەنە سیاسییە کوردانەش کە هەتا ئێستا بە هەر بیانوویەک لە داننان بەم ڕەمزە نەتەوەییەمان خۆ دەبوێرن، ناچار بە چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستی خۆیان دا بکەین.

# پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی بەرینی بروکسێل

**بەشدارانی بەڕێز!**
**نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان!**
**کەسایەتییە سیاسییەکان!**
**خوشک و برایانی هێژا!**

لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و کومیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات، بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم و هیوادارم لەم کۆبوونەوەیەدا بتوانین ،لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی هەموو ئێرانییەکان دا، ڕێگاچارەی دیموکراتیک ، پێشکەوتخوازانەو هاوسەنگ لەگەڵ داخوازە ڕەواکانی نەتەوەکانی ئێران و یەک بە یەکی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بخەینە ڕوو.

**دۆستانی بەڕێز!**

لە ئێوە شاراوە نییە کە جیهان بە گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی ، گۆڕانی بنەڕەتیی بە سەردا هاتوە و لە حاڵی گۆڕان دایە. لەئاستی جیهانیدا شەڕی سارد کۆتایی پێ هاتوە و جیهان بەرەو دیموکراسی ڕۆیشتوە و خەریکە دیموکراسی وەکوو کولتوور لە هەموو جیهاندا نەهادینە دەبێ، بە خۆشییەوە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ژمارەی دیکتاتۆرەکان کەم دەبێتەوە و حکوومەتە سەرەڕۆکان دەڕووخێن. مافخوازیی نەتەوەکان ، دیموکراسی و مافی مرۆڤ ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر بووە بەئەمری واقیع و ئیتر

سەردەم،سەردەمی دیکتاتۆری و زۆرداری نییە و هیچ دەولەتێک ناتوانێ لەڕێگەی تیرۆر و توندوتیژی و سەرکوتی بێ بەزەییانە نەتەوە بندەستەکان لە کۆیلەیی دا بهێڵێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوازێکی دڕندانە هەوڵی دا دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی خۆی لەولات سەقامگیر بکا و لەمبارەوە هەوڵی زۆری دا بەڵام لەئاکامدا بەشێکی زۆر لە دۆستان و دەست و پیوەندەکانی خۆیشی لێ بووە بە نەیار و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، دۆستان و لایەنگرانی ئەو ڕێژیمە چ لە ئاستی نیوخۆیی، چ لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کەمتر و کەمتر دەبنەوە. ڕەوتی ئاڵ وگۆرە ناوچەیی و جیهانییەکان بە جۆرێکن کە دۆستانی کۆماری ئیسلامی لە ژمارەی قامکەکانی دەست کەمترن،تەنانەت بزووتنەوە ئیسلامییەکانی وەکوو حەماسی فەلەستین کە لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە پشتیوانیان لێ دەکرا ئێستا خۆیان بە دۆستی ڕێژیم نازانن. هاوپەیمانی نزیکی ڕێژیمی ئێران ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەدە کە دەولەتی ئێران بە تەواوی هێزی ئابووری ، سیاسی، نیزامی و مەزهەبییەوە تێدەکۆشێ بەرگری لە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بکا، بەڵام دەولەتی سووریەش لە ڕووخاندایەو دڵنیاین کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە ڕێژیمی ئێرانیش دەگرێتەوە و تەمەنی ئەو ڕێژیمە کورت تر دەکا. لە پیوەندی لە گەڵ پرسی ناوکیی ئێران، ئەو ڕێژیمە پێداگری لە سەر هەلوێستەکانی پێشووی خۆی دەکا و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە پێگەی ئەو ڕێژیمە لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکان ڕۆژ بۆ ڕۆژ لاوازتر بێ، بە جۆرێک کە لە دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانیی وزەی ناوکیدا، جارێکی دیکە و ئەم جارەیان زیاتر لە رابردووش ئەم ڕێژیم کەوتۆتە ژێر گوشار.

ڕێژیم لەم ناوچەیەدا خۆی تووشی ململانێیەک کردوە کە بە هۆی ناوەڕۆکەکەی، بە هیچ جۆر توانای سەرکەوتن لەم ململانێیەی دا نییە. لە هەمووی گرنگتر بارودۆخی خراپی خەڵکی نیوخۆی وڵاتە کە بەهۆی سەرکوت و زەبروزەنگی دەزگا ئەمنیەتی و ئێتزامییەکان ناتوانن بڕژێنە سەرشەقام، دەنا ئەو ڕێژیمە مەشرووعیەتی نیوخۆییشی نەماوە. ڕێژیم نە تەنیا لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڵکوو لە بواری ئابوورییشەوە تووشی دارمان بووە. داڕووخانی نرخی دراوی ئێران لە بەرانبەر دراوەکانی ناوچە و بیانی، ئابووریی وڵاتی تووشی قەیران کردوە. کۆی ئەمانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە ڕێژیمی ئێران درەنگ یا زوو دەبێ بڕوات و سیستەمێکی دیموکرات دابمەزرێ کە بتوانێ وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی هەموو نەتەوەکانی ئێران بێ .

**دۆستان!**

ڕێژیمی ئێران دەڕوات بەڵام کێ دەبێتە ئاڵترناتیڤی؟ دەبێ ئەم پرسە، پرسی هەموو ئەو کەسانە بێ کە دڵیان بە هیوای ئێرانێکی ئازاد، دیموکراتیک و وڵامدەری ویست و داخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران و سەرجەم دانیشتوانی لێ دەدا. بە بڕوای ئێمە حکوومەتێک دەتوانێ لە ئێران سەقامگیر و بەردەوام بێت کە لە سەر بناغەی ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران و لە بەرچاو گرتنی ویستە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران دامەزرابێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی خاوەن دین و ئایینی جیاوازەوە و دەوڵەتی داهاتووی ئێران ئەم ڕاستیانە لەبەرچاو نەگرێ، هەر وا کە کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمەکانی پێشووتر لەبەرچاویان نەگرت. چیتر بە حاشالێکردنی پێکهاتەی فرەچەشنی ئێران کە لە نەتەوە و کولتوور و ئایینی جیاواز پێک هاتوە دەسەڵاتداریتی بە سەر وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران دا ،مومکین نییە، کەوابوو تەنانەت ئەوانەش کە بڕوایان بە چەند نەتەوەیی بوونی ئێران نییە و دەیانهەوێ لە داهاتووی ئێراندا ڕۆڵیان هەبێ، دەبێ هەوڵ بدەن ڕەزامەندیی سەرجەم پێکهاتەکانی ئێران بە دەست بێنن. ئیتر هیچ هێزێک ناتوانێ بە پێی ویستەکانی تەنیا خۆی وڵاتێکی ڕەنگاوڕەنگی وەک ئێران بەڕێوە بەرێ. ئەو هێز و لایەنانەی دەیانەوێ وەک ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران پشتگوێ بخەن، چلۆن دەتوانن ئێرانێکی سەقامگیر، دیموکراتیک،پێشکەوتنخواز و دامەزراو لە سەر بناغەکانی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، بنیات بنێن؟ ئەو هێزانەی باسی دیموکراسی دەکەن بەڵام بە بیانووی جۆراوجۆر لە داننان بە ڕاستییەکانی وڵاتی ئێران دا خۆ دەدزنەوە ، ئەدی دەیانەوێ ج جۆرە دیموکراسییەک لە ئێران

دادەمەزرێنن؟دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بە بڕوای ئێمە دیموکراسی لە ئێران بە دەرگای دابینکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران دا تێپەر دەبێ . ئەم ڕاستییەش دەخوازێ کە حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران بەر لە هەر شتێکی دیکە لەم بارەیەوە ڕێک بکەون. دیموکراسی تەنیا مافی دەنگدان نیە، دیموکراسی کەلتوور و بەستێنێکی گشتیە کە تێیدا هەموان لە هەموو بوارەکان دا مافی دەتوانن بە مافەڕەواکانی خۆیان بگەن. ئایا تەنیا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی سەرانسەری بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی ناوەندی ، کێشەکانی سەرانسەری ئێران چارەسەر دەبن و سیستەمێکی دیموکرات دادەمەزرێ؟ ئەوانەی بە بیانووی لەتبوونی ئێران یان لە ترسی لەتبوونی ئێران دەیانەوێ پرسی نەتەوەکانی ئێران و مافەکانیان پشتگوێ بخەن بەتەواوی لە هەڵەدان. لە ڕاستیدا هەر ئەم پشتگوێخستن و حاشالێکردنانە گەورەترین مەترسی لە سەر ڕێی یەکپارچەیی وڵاتی ئێرانن.

**خوشک وبرایانی بەڕێز!**

هەولدان بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی لە داهاتووی ئێران دا تەنانەت لە حیزبەکانیش تێدەپەڕی و دەبێتە گشتی و جەماوەری.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ ، ئەگەر لە داهاتووی ئێراندا سیستەمێکی توتالیتێر وپاوانخوز هاتە سەر کار وحاسای لە ڕاستییەکانی وڵاتی ئێران کرد و ماف و داخوازەکانی گەلانی ئێرانی پێشێل کرد و ئەوکات خەڵک بە ملیۆن کەس ڕژانە سەرشەقام و نارەزایەتیان دەربڕی و داوای مافی چارەنووسی خۆیان کرد، دەولەت لەگەڵ ئەو خەڵکە چۆن مامەڵە دەکا؟ ئایا وەکوو ڕێژیمەکانی پێشوو دیسان هێرشی نیزامی دەباتە سەر خەڵک و ناوچە جوراوجۆرەکانی ئێران لە خوێن وەردەدا؟ ئەگەر وهای لێ هات ، چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو ڕێژیمە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا دەبێ و چۆن دەتوانێ باس لە هەبوونی دیموکراسی بکا؟ بەم پێیە هەنگاوی یەکەم و بنەڕەتیترین پێویستیی بنیاتنانی ئێرانێکی دیموکراتیک دابینکردن و سەقامگیرکردنی دیموکراسییەکی گونجاو لە گەڵ پێکهاتەی ئێران ، باوەڕمەند بوون بە فرە نەتەوەبوونی ئێران و جۆراوجۆرریی ئەو وڵاتە لە باری کەلتوورییەوەیە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە یارمەتیمان دەدا تا

بتوانین سیستەمێکی دیموکراتیکی فیدراڵ بە بەشداریی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان دابڕێژین و ڕێگای دیموکراسی، پێشکەوتن و پێکەوەمانەوەی نەتەوەکانی ئێران تەخت بکەین.ئەمەش تاقەڕێگای پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانە. میکانیزمی جێبەجیکردنی ئەم چارەسەرەش ڕێککەوتنێکی گشتی بە بەشداریی حیزبەکان، ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە هەڵکەوتە و خەباتگێرەکانی ئێرانە. لە بارەی پرسە گرنگەکانی دیکەی وەک مافی شارۆمەندی، ئازادیی تاکەکان، مافی ژنان،ئازادیی حیزب و ڕێکخراوەکان و پرسەکانی دیکەی لەم چەشنە، بیروراکان یەکگرتوون و پێمان وانییە گرفتێک لە سەر ڕێی ڕێککەوتن لەم بوارانە دا هەبێت. هیوادارین لەم کۆبوونەوەیە دا لە سەر ئەو مەسەلانە کە ناکۆکیمان لە سەریان هەیە، بگەینە ڕێچارەیەکی باش.

**دۆستان!**

ئێمە ڕێگایەکی ترمان بێجگە لە دیالۆگ و لێک تێگەیشتن و داننان بە ڕاستییەکان دا نییە.حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆچارەسەری پرسەکان هەمیشە ڕێگای دیالۆگی هەڵبژاردوە و باوەڕ بە ڕێگەچارەی همنانە و دیموکراتیک هەر لە کۆنەوە بەشێک لە ستراتیژ و سیاسەتی ئێمە بووە. لە ڕێگەی ڕێککەوتن لە گەڵ هێزە دیموکراتیک و ئازادیخوازەکان، لە هیچ هەوڵێک درێغی ناکەین. لە کۆتاییدا



سەرنجی ئێوە بەشداربوانی بەڕێزی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە رادەکێشم کە هەموو ئەو چوارچێوە و دەرفەتانەی بۆ بۆ دیالۆگ و پێکەوە دانیشتن لە نێوان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی پێک دێن ، تەنیا کاتێک دەتوانێ وڵامدەری ئەرکی سروشتی و پێویستییەکانی هەلومەرجی ئەمڕۆ بێت کە بە کردەوە بەرهەم و کاریگەریی هەبێت.

لە گەڵ هەموو خۆشحاڵی و شانازی کردنمان بە بەشداریتان لەم کۆبوونەوەیەدا،مەبەستی ئێمە لە پێکهێنانی ئەوە کۆبوونەوەیە نەک تەنیا باس و قسەکردن، بەڵکوو دارشتنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ نەهادینەکردنی دیالۆگ و بەرهەمدارکردنی لە باری نیوەرۆک و دۆزینەوەی میکانیزمەکانی هاوکارییە. هیوادار و چاوەڕوانین لە ڕەوتی دیالۆگ و هەوڵدان بۆ دروستکردنی گوتارێکی کاریگەر و قووڵکردنەوەی باسەکان و پێناسەکردنی بنەما و چوارچێوەی هاوکاری دا، لە دۆزینەوەی وڵامێکی هاوبەش بۆ دوو تەوەری سەرەکیی ئەم کۆبوونەوەیە، غافڵ نەبن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٧ی دیسامبری ٢٠١٢**

**(ئەم پەیامە لە لایەن بەڕێز مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشکەشی بەشدارانی کۆبوونەوەی بروکسێل کرا)**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی بەرینی بروکسێل
# بە دەستپێشخەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە رۆژانی ٧ – ٩ دێسامبر، لە شاری بروکسێل بە دەست پێشخەری و خانەخوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بەرین بە بەشداریی چەندین کەسایەتی و چالاکی سیاسیی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەڕێوەچوو.

لە دەسپێکی ئەو کۆبوونەوە بەرینەدا لە لایەن بەڕێز کاک کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا. لە درێژەی کاری کۆبوونەوەدا داوا لە بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی حیزب کرا کە پەیامی دەفتەری سیاسی پێشکەش بکا، بەڕێز شەڵماشی بیروبۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ئاست مەسەلەی گفتگۆ و دیالۆگ و هەروەها چۆنیەتیی پێکەوە هەڵکردنی گەلانی ئێرانی باس کرد و هاوکات دیکتاتۆری و زوڵم و توندوتیژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ بەشداربووان باس کرد و باوەڕی حیزبی دێموکراتی لە ئاست مەسەلە میللییەکان بە ڕاشکاوی باس کرد.

لە سەرەتای بەرنامەی کاری ڕۆژی دووەم دا دیوانی یەکەمی ڕۆژی دووەم دەستی بە کارەکانی کرد. بەڕێوەبەرانی دیوانی یەکەمی ڕۆژی دووەم بریتی بوون لە بەڕێزان گوڵاڵە شەرفکەندی و عەباس خورسەندی و مێهدی زولفەقاری.

عەباس خورسەندی لە وتەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد پێویستە بزووتنەوەی کەسک بناسین، ئەم دانیشتنە گرینگە و پێویستە سرنج بدرێتە سەر نێوخۆی وڵات، قەیرانەکان خەریکن ئێران و داهاتووی ئێران دەخەنە مەترسییەوە.

دواتر دەرفەت درا بە عەلیڕەزا کازمی وتەکانی پێشکەش بکا. ناوبراو پێشەکی پێناسەیەکی لە شەبەکەی جەوانانی پێشرەو کرد و دواتر ئاماژەی بە شەفافییەت و ڕێککەوتن لە سەر هەندێک بابەت کرد کە پێویستە ئێمە لە نێوخۆماندا هەمان بێ. ئەو پێی وابوو ڕەخنە گرتن لە کۆبوونەوەکانی پێشوو لە بواری مێتۆدی کارەوە بەجێیە و بۆیە پێویستە لەمە بەولاوە هەوڵ بدرێ بۆ باشتر بەرەو پێشچوونی کارەکان، بلۆکی فکری و سیاسی پێک بێ .

بەڕێز ئەحمەد ڕەفعەت یەکێکی دیکە لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە وتی ئەوەی دڵمان دەیهەوێ لەگەڵ ئەوەی چۆن دەتوانین پێی بگەین فەرقی هەیە، پێویستە بە کەرستەی چۆن گەیشتن بە هیواکان بگەین. لاوەکانی نێوخۆ لەم جۆرە کۆبوونەوانە ماندوو بوون. بزووتنەوەی دژی توندوتیژی واتە یانی من هێرشبەر نابم، بۆیە بەرگری کردن نابێتە توندوتیژی. گۆڕان لە زۆربەی ڕێژیمەکان دا پێکهاتوە، ئەو گۆڕانانە هەروا بێ هۆ نەبوون بۆیە دەبێ موتالای تەواو بکەین و بە ئاکام بگەین.

بە دوای ئەو دا ڕەحیم بەندوویی یەکێکی دیکە لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە وتەکانی دەست پێکرد. بەندوویی لە سەرەتای وتەکانی دا ئاماژەی بە ستەم و جیاوازیدانان لە نێو ئێرانییەکاندا لە بواری ماڵی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، کۆمەڵایەتی و .... کردو پێی وابوو دەبێ ڕێکاری دیار و عەمەلی بۆ گرفتە دیارەکان پێشکەش بکەن، ئەگینا ئیمکانی هاوپێوەندی و هاوکاری نییە.

بە شوێن ئەودا بەڕێز موختاری لە حیزبی مەشرووتە هاتە ئاخاوتن و لە وتەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد: جۆری خەباتمان بە دوور لە توندوتیژییە. خەڵک بۆ خۆی هەڵوێست دەگرێ کە چ ڕێکارێک بۆ خەبات هەڵبژێرێ. ئێمە ناتوانین لە دوور را هێز بە دەستەوە بگرین. مەرجی یەکەم و باوەڕی ئێمە ئەوەیە کە ئێران یەک وڵات و یەک نەتەوەیە. ئەگەر حوقووقی قەومەکان لەبەرچاو بگیرێ، قەومەکان بە مافی خۆیان دەگەن و لە سەر ئەو باوەڕەین کە بە دانانی تاکی مرۆڤ لە ناوەندی سیاسەتگوزاریەکە بە ئاکامان دەگەین.

بەڕێز ئەکبەر کەریمیان لە «صدای موج سبز ایران» یەکێکی دیکە لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە ، لە وتەکانی دا باسی لەوەکرد کە خەباتی هێزەکانی ئێرانی بۆ دابین کردنی دێموکراسی دەبێ لە نێوخۆی ئێران بێ. هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیم: شەڕی نێوخۆیی، هەژاریی ئابووری و فەرهەنگی و ڕاکردنی هێزی شوێندانەرە.

بەڕێز یاسین ئەهوازی بەشدار بوویەکی دیکەی کۆبوونەوەکە لە سەرەتای وتەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد ئەگەر بێ متمانەیی هەیە هۆکاری چیە؟ ئێمە وەک «حزب تضامن دمکراتیک اهواز» ئامادەی هاوکارین. دەبێ ڕێکاری متمانەسازی لە بواری نەتەوەییەوە لە نێوخۆ و دەرەوە و هەروەها لە نێو هێزە سیاسی‌یەکان دا بگرینە بەر.

دواتر بەڕێز ئەحمەد رەئفەت وتەکانی دەست پێ کرد. ناوبراو وتی پێویستە تابۆکان بشکێنین. دروشمی هەڵبژاردن کارساز نیە، لە نێوخۆ نەزەریە دروست ناکرێ هەتا لە دەرەوە باسی بکەین.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز مستەفا شەڵماشی تێبینییەکانی خۆی خستە ڕووو وتی: خەریکە دەگەڕێینەوە ئەو جێگایەی گرفتەکان بکەینەوە. گرینگترین تایبەتمەندیی ئەو کۆبوونەوەیە سەراحەتی بەیانی قسەکانە، زۆر شەفاف قسە دەکرێ و هەر کەس بە بێ تەعاروف نەزەری خۆی دەڵێ. بە تایبەت گرنگی لەوە دایە کە باسی مەسەلەی نەتەوەکان و چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان زۆر گرنگیی پێدەدرێ. سێ نوختەی گرنگی وەک هەڵاواردنی نەتەوەیی، متمانە سازی و بەدیل سازی دەکرێ وەک مەسەلەی هاوبەشی هەمووان چاو لێ بکرێ.

دواتر بەڕێز مەنووچێهر عەزیزی لە ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان قسەی بۆ بەشداران کرد. ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانی دا وتی: ئێمە باوەڕمان بە چاکسازی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نییە و هەروەها پێداگری لەسەر مافی مرۆڤ و کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و مافە نەتەوەییەکان کرد.



بەشداربوویەکی دیکەی کۆبوونەوەکە بەڕێز پەرویز ضرغامی لە قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد بۆ من هەندێک پرەنسیپی تایبەتی هەن کە هەمیشە و لە هەموو حاڵەتێک دا دەبێ بیپارێزم. تەشکیلات دەبێ لە زۆر کاری نێوخۆی ئێران و ڕووداوەکان دا دەخاڵەت بکا و نابێ دەست لە سەر دەست دابنێین و چاولێکەر بین بەڵکوو بە پێچەوانە دەبێ ئێمە دەستپێشخەر بین و پێشرەو.

لە بەشێکی دیکە کاری کۆبوونەوەکەدا بەڕێز کاوە ئاهەنگەری ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان قسەی بۆ بەشداران کرد. ئاهەنگەری لە بەشێک لە قسەکانی دا وتی: ئێمە بۆ خەڵک تەکلیف دیاری ناکەین بەڵکوو ئێمە وەک حیزبی سیاسی و مرۆڤی سیاسی حەقی هەڵبژاردنمان هەیە. ئێمە نامانهەوێ کتێبێکی پیرۆز بنووسین. بەو هەموو جیاوازییەوە چۆن دەتوانین لە سەر دەقێکی پیرۆز ساغ ببینەوە. ئێمە سیاسین ، جیهان و ناوەڕۆکی جیهانیش لە حاڵی گۆڕان دایە، کەوابوو ناکرێ خۆمان بە یەک ڕێکار ببەستینەوە، کەمترین ڕێکەوتن ئەوەیە کە ئێمە گفتوگۆ لە سەر چۆنیەتی دەرباز بوون لە کۆماری ئیسلامی درێژە بدەین و شێوازی خەباتی چەند ڕەهەندی پەسەند بکەین.

دواتر حوسێن لاجوەردی بەشداربوویەکی دیکەی کۆبوونەوەکە قسە بۆ بەشدارن کرد و وتی: بە باوەری من هەموومان ناتوانین بە یەکەوە بین بەڵام دەتوانین هەموو ئەوانەی لێک نزیکن و بیروباوەریان لێک نزیکە بە یەکەوە بن و بە یەکەوە هاوکاری بکەن و لە زۆر شت کەمێک لە خۆمان بگوزەرێین.

بەڕێز ناسر بولیدەیی یەکێکی دیکە لە ئاخێوەرانی پانێلەکانی ڕۆژی دووەم ئاماژەی بەوە کرد کە : پێویست ناکا هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵکوو پێویستە گرنگەکان چارەسەر بکەین و دواتر گرفتەکانی دیکە چارەسەر بکەین و دەبێ بۆ سیناریۆ جیاوازەکان ڕێکاری دیکەمان هەبێ و هەروەها پێویستیمان بە هاوکاری هەمەلایەنە هەیە.

پاشان نۆرە گەیشتە بەڕێز مێهدی زولفەقاری. ناوبراو وتی: ئایا ئێمە بۆ هەموو جۆرە بەرەنگارییەک لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی ئامادەییمان هەیە ؟ بەداخەوە جۆری بەرگری حاکمییەت دیاریی دەکا. توندوتیژیی کۆماری ئیسلامی دیارە و بەرچاوە و کوردستانیش خەباتێکی دوورودرێژی بەڕێوە بردوە و سەنگەری واقیعیی بەرگری لە خۆی و ئێران بووە.

بە داوی ئەودا یەکێکی دیکە لە بەشداران واتە بەڕێز جەمشید ئەسەدی وتی: دەرباز بوون لە کۆماری ئیسلامی بۆ کوێ و بۆچی؟ هەڵبژاردنی ئازاد دروشمێکی جیهان پەسەندە، ئێمە دەبێ دەرەوە لە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران بستێنین و کاروباری دەرەوەی وڵات بخەینە دەست ئۆپوزیسیۆن. ئەمڕۆ پێویست ناکا هەمووومان بە ئاڵترناتیڤەوە لەگەڵ یەکتر بین ئەگەر لە سەر هەندێک مەسەلە ڕێککەوتین ئەوکات ئاڵترناتیڤ بدۆزینەوە و شێوازی خەبات بۆ خۆمان هەڵیبژێرین نەک بۆمان هەڵبژێرن.

ئاسۆ حەسەنزادە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکێکی دیکە لەو کەسانە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ تەوەری پانێلەکەدا قسەیان بۆ بەشدارن کرد. ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد: ئەمڕۆ سنووربەندیەکانی نێو ئۆپوزیسیۆن کەمرەنگ بۆتەوە و ڕەوتێک لە دیالۆگی هەمەلایەنە دەستی پێ کردوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئەو دیالۆگانە بەرهەمی کارای لە بوای هاوخەباتی دا هەبێ. ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی گیرۆدەی کۆمەڵێک کێشەی وەک مەجازی بوونی لە ڕادەبەدەری چالاکیی سیاسی، تێگەیشتنی هەڵە لە جێگە و نەخشی ڕێکخراوە سیاسییەکان، بێ متمانەیی بە یەکتر، ونبوون لە نێو کۆمەڵێک باس‌و خواسی لاوەکیدا بووە. پەرش‌وبڵاوی لەم قۆناغەدا زۆر بە زیانە. بەڵام هەر لەو کاتەدا هاوکاری و هاوخەباتی پێویستە لەسەر بنەمای بە ڕەسمی ناسینی ماف و داخوازی‌یەکانی یەکتر پێکدێ.

# پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ ئیمزا کرد



لە دووەم ڕۆژی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ (جینڤا کاڵ) لەگەڵ نوێنەرانی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبەستی پەرەپێدانی دەروەستییەکانی ئەو حیزبانە لەبواری قانوونی بەشەردۆستیدا، دوو پەیمانی ئەو ڕێکخراوە لەبواری مافی ژنان و مافی منداڵان بەتایبەتی لە پەراوێزی بزووتنەوەی چەکداریدا لەلایەن نوێنەرانی دیاریکراوی ئەو حیزبانەوە ئیمزا کران.

بۆ ئەو مەبەستە کاتژمێر ٣ تا ٥ ی ئێوارەی ڕۆژی ١٤ ی دێسامبری ٢٠١٢، ڕێوڕەسمێک بۆ ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامانە لە ساڵۆنی ئالابامای پارلمانی ژنێڤ کە یەکەمین دەقەکانی پێوەندیدار بە قانوونی بەشەردۆستیی تێدا پەسند کراوە، بە بەشداریی نوێنەری حکوومەتی کانتۆن و کۆماری ژنێڤ و سەرۆکی ڕێکخراوی ژنێڤا کاڵ و نوێنەرانی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا، وتەیەکی بەخێرهێنان لەلایەن بەرپرسی پرۆتۆکۆلی حکوومەتی ژنێڤەوە پێشکەش کرا. ئینجا خانمی ویدێن گێلپا سەدری ئەعزەمی حکوومەتی ژنێڤ لە وتەیەکدا وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە حزووری نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ژنێڤ، بایەخی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی لەلایەن ڕێکخراوە کوردییەکانەوە خستە ڕوو.

دواتر، خاتوو ئێلزابێت دێکرێ وارنێر سەرۆکی ڕێکخراوی ژنێڤا کاڵ وێڕای وەبیرهێنانەوەی رابردووی هاوکارییان لەگەڵ پارتەکانی کوردستانی ئێران، ئیمزاکردنی ئەو دوو ڕێککەوتنە نوێیە خستە خانەی قووڵکردنەوە و پەرەپێدانی پێوەندی و هاوکارییەکانی نێوان ڕێکخراوی جنێڤا کاڵ و نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران کە یەکەمین بزووتنەوەی چەکداریی جیهانە کە متمانەی ئیمزاکردنی ئەو دوو ڕێککەوتننامە نوێیەیان دراوەتێ.

ئینجا داوا لە نوێنەرانی هەرکام لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا کە لەو پێوەندییەدا وتەی خۆیان پێشکەش بکەن. لەو بەشەدا هەریەک لە سروە ناسری لەلایەن ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ناهید بەهمەنی لەلایەن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، میرۆ عەلیار لەلایەن حدکاوە، ڕێبوار ڕەشید لەلایەن کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و گوڵاڵە شەڕەفکەندی لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە قسەیان کرد.

لە قسەکانیدا خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەمە کە ئەوە دوژمنانی گەلی کوردن کە قانوونی بەشەردۆستی ژێرپێ دەنێن و کورد بۆخۆی قوربانیی پێشێلکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لەو بوارەدا بووە، ئاماژەی بەوە کرد کە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامانە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بەمانای پابەندنەبوونی تا ئێستای ئەو حیزبە بە پرەنسیپەکانی قانوونی بەشەردۆستی نییە، بەڵکوو ئیمزاکە ئەو پابەندییە تۆمار دەکا و ئەرکی ئەو حیزبە لەو پێوەندییەدا قورستر دەکا. ناوبراو ئینجا بە وردی پرژایە سەر ڕوانگە و کردەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ژنان و ماف و ئازادییەکانی ژنان لەنێو خێزان و لە کۆمەڵ و لە دەسەڵاتی سیاسیدا و وێڕای ئاماژە بەو هەنگاوانە کە ئەو حیزبە لەبواری دابین کردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدان بە بەشداریی زیاتری ژنان لە مێکانیزمە بڕیاردەرییەکاندا هەڵیهێناوەتەوە، تایبەتمەندییەکانی بەستێنی بردنە پێشی پرسی ژنان لە کۆمەڵگای کوردی و لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا شی کردەوە و نەخشی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی لەم پێناوەدا زەق کردەوە. لە دوایین بەشی قسەکانیدا، خاتوو گوڵاڵە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامانە تەنیا ئیمزای سەر کاغەز نەبن و لە ژیانی ڕێکخراوەیی حیزبەکاندا بە تەواوی و وەک پێویستە جێ بگرن، پێویستە جنێڤاکاڵ زیاتر و باشتر لەڕێگای پرۆژەی جۆربەجۆر بەتایبەت لەبواری مافی ژناندا پشتیوانی لە هەوڵەکانی حیزبەکوردییەکان لەو بوارەدا بکا.

پاش تەواو بوونی وتارەکان، داوا لە نوێنەرانی دیاریکراوی حیزبەکان کرا کە ڕێککەوتننامەکان ئیمزا بکەن کە هاوکات لەلایەن سەرۆکی ڕێکخراوی جنێڤا کاڵ و سەدری ئەعزەمی حکوومەتی کۆماری ژنێڤیشەوە وەک لایەنی پارێزەری و ڕاگری دۆکومێنتی پەیمانەکان ئیمزا کران. لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەڕێز مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات هەردوو ڕێککەوتننامەی جنێڤا کاڵ لەبواری مافەکانی ژنان و مافی منداڵاندا ئیمزا کران.

# ناوەندی ڕێبەرایەتیی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند پێشوازیی لە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد



ڕۆژی دووشەممە ١٠ی سێپتامبری ٢٠١٢ ، هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کورستان بە سەر پەرستیی بەڕێز مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، سەردانی دەفتەری ڕێبەرایەتی حیزبی سۆسیال دیموکڕاتی هولەندیان کرد و لە لایەن بەڕێز کریستیەن مایەر، سکرتێری بەشی ئێنتەرناسیۆناڵی ئەو حیزبەوە پێشوازی لێ کرا.

هەر دووک لا لە کەش و هەوایەکی زۆر دۆستانەدا بۆ ماوەی سەعات و نیوێک لە سەر مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان، ئێران، مافی مرۆڤ، پەیوەندیی نێوان هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات و درێژەدان و بە پەیوەندیی و ڕێکارەکانی هاوکاریی نێوانیان، پێکەوە گفتو گۆیان کرد.

هەردووک لا بە پیویستیان زانی کە لە بۆنە و چالاکییە جۆراوجۆرەکان دا یەکتر ئاگادار بکەن و زانیاری بگۆڕنەوە. هەروەها بە پێویستیان زانی کە پەیوەندیی بەردەوام هەبێ و لە مەودوا لە پلەی جۆراوجۆردا دیدار و گفتگۆ لە نێوانیان دا هەبێ.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزب لە ڕێورەسمی یادی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە یادی بیست و حەوتەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی سەرماوز هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان: حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی، برایم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە شاری هەولێرو محەممەد حەسەنپوور، کادری سکرتاریا، بەشداریی لە ڕێورەسمی یادی ٢٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا کرد.

لە درێژەی ئەم سەردانەدا هەیئەتی حیزب لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا، سکرتێری حیزبی ناوبراوەوە پێشوازییان لێکرا و پێکەوە کۆبوونەوە.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا وێڕای پیرۆزبایی هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانەوە، هەردوو لا لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی سیاسیی ناوچەکەو پێوەندیدار بە کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

# شاندێکی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکان سەردانی بنکەی سەرەکیی لیبرال دێموکراتی لە لەندەن کرد



سەرلەبەیانی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢/١٢/ ١٢ کاتژمێری یازدەو نیو هەیئەتێک بە نوێنەرایەتی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا، لە دانیشتێک دا لە بنکەی سەرەکی پارتی لیبرال دێموکرات، لەگەڵ هەریەکە لەبەڕێزان پیتر لیشنەک، بەرپرسی کاروباری نێونەتەوەی و بەرپرسی لیبرال پارتی کوبونەوە.

لەم کۆبوەنەوەیەدا کە بەنوێنەرایەتی هەرچوار پارچەی کوردستان قسەو لێداوان کرا، هەر کام لە نوێنەرانی بەشدار لە پێوەندی لەگەڵ پارچەیەک لە کوردستان قسەو لێدوانیان کرد و دواین زانیاریان لە پێوەندی لەگەڵ ئالوگۆری ناوچە و هەروەها جێگە و پێگەی کورد لەناوچەدا پێشکەش کرد. لە بەشی باسەکان سەبارەت بە ڕۆژهەلات کوردستان، بەڕێز مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، بە وردی سەبارەت بە ڕەوشی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان قسەی کرد و ئاماژەی بەو هەولانە دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و ئێرانی لە ماوەی ڕابردوو دا داوەیەتی و هاوکات باسی لە کۆبوونەوەی بەرینی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لە بروکسێلی پایتەختی بلژیک کرد کە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لە مانگی دیسامبری ٢٠١٢ دا بەردەوام بوو.

پێویست بە ئاماژەیە کە شاندی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکان، ڕاشکاوانە داوای پشتگیری و هاریکاری پارتی لیبڕالی بریتانیایان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان کرد و هاوکات خوازیاری ئەوە بوون کە دەرگای دیدار و وتووێژەکانی نێوان نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان و لیبڕال پارتی بریتانیا بەردەوام بێت.

# کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیا سەردانی باڵوێزخانەی ئەمریکایان کرد



لە درێژەی کاروچالاکییەکانیاندا بۆ ناساندنی هەرچی زیاتری کێشە کورد بە وڵاتانی جیهان و بە دەست هێنانی پشتگیری زیاتر بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد، ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/١٢ی زایینی، کاتژمێر دوو و نیوی پاشنیوەڕۆ، نوێنەرانی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە لە بریتانیا، سەدانی باڵویزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان لە شاری لەندەن کرد و لایەن بەڕێز «جاناتان پیسیا» سکرتێری یەکەمی ئەو باڵوێزخانەیە پێشوازیان لێ کرا.

سەبارەت بە دۆخی کورد لە باکوور کوردستان و ئەو گوشار و بەربەستانەی بۆ پارتە کوردییەکان، بە تایبەت « ب . د . پ» و نوێنەرانی کورد لە پارلەمانی تورکیە دروست دەکرێن، بە وردی قسە و باس کرا و داوا لە نوێنەری ئەمریکا کرا کە گوشارەکانیان بۆ سەر تورکیە، بەمەبەستی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی چڕتر بکەنەوە. هەروەها بارودۆخی باشووری کوردستان و ئاڵۆزییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی باسی لێوە کرا.

شەر و تێکهەڵچوون و کوشتاری بەردەوامی خەڵکی سڤیل لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی بەعسی سوریەوە تەوەرێکی دیکەی باسەکان بوو. لەو پەیوەندییەش دا نوێنەرانی کورد داوایان لە نوێنەری ئەمریکا کرد کە دەور و کاریگەریی گەلی کورد لە خۆرئاوای کوردستان بە هێند بگرن.

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی و هەلسوکەوتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پیشێل کردنی مافەکانی خەلکی کوردستان و مافی مرۆڤ تەوەرێکی تری باسەکان بوو کە لە لایەن بەڕێز مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا پێشکەشی نوێنەری باڵوێزخانەی ئەمریکا کرا.

گرتنی کنفرانسێکی بەرین لەپیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست تەوەرێکی تری دانیشتنەکە بوو کە هەر دوو لا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو پرسە خستە ڕوو.

لە کۆتایی دانیشتنەکە نامەیەک ڕادەستی بەڕێز جۆناتان کرا کە لە ڕێگەی بەڕێزیانەوە ئاڕاستەی بەڕێز هێلاری کلینتون، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بکرێ. لەو نامەیە دا ئاماژە بە کێشەی کورد.

# هەردوو نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات و پەیەدە لە هەولێر کۆ بوونەوە



لە دانیشتنێکی هاوبەشدا هەردوو نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی یەکیەتیی دێموکرات(پەیەدە) دوایین پرسەکانی پێوەندیدار بە کوردستانیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی سەرماوەز، هەیئەتێکی پارتی یەکیەتیی دێمۆکرات (پ.ی.د) لە ڕۆژاوای کوردستان، بە سەرپەرستیی بەڕێز دوکتۆر محەممەد رەشۆ سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کردو لە لایەن هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبەوە بە سەرپەرستیی نوێنەری حیزب، بەڕێز برایم زێوەیی پێشوازی لێ کرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا لە لایەن نوێنەری حیزبەوە پیرۆزبایی دەست بە کاربوونی بەڕێز دوکتۆر محەممەد رەشۆ، وەک نوێنەری تازەی پەیەدە لە هەرێمی کوردستان کرا و هیوای خواست کە لە کارەکانی دا سەرکەوتوو بێ.

پاشان نوێنەری حیزبی دێموکرات ئاماژەی بە پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و پارتی یەکیەتیی دێمۆکرات لە ڕابردوو دا کردو پێوەندیی نێوان لایەنەسیاسییەکانی سەرجەم بەشەکانی کوردستانی بە فاکتەرێکی بەهێز و کاریگەر لە پێناو وەدیهاتنی ئاواتە لەمێژینەکانی نەتەوەی کورددا دایە قەڵەم.

لە درێژەی ئەم دانیشتە هاوبەشەدا دوو لایەن بارودۆخی ڕۆژاوای کوردستانیان لە قەیرانەکانی ئەمڕۆی سووریەدا تاووتوێ کرد و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە پێوەندی نێوان حیزب و لایەنە سیاسی یەکانی ڕۆژاوای کوردستان هاتە بەر باس و یەکریزی و یەکگرتوویی هێزەسیاسییەکانی ئەو بەشە لە خاکی کوردستان پێداگرییان لە سەر کرایەوە.

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بەشداری لە کۆبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان دا کرد



لە سەر بانگهێشتی هەردوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان؛ «پارتی دێموکراتی کوردستان» و «یەکێتی نیشتمانیی کوردستان» ڕۆژی هەینی ٧ی دیسامبر هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بەشداریی کۆبوونەوەیەکی هێزە سیاسییە کوردستانییەکانی کرد.

مەبەست لەم کۆبوونەوەیە تاوتوێ کردنی ڕەوشی هەرێمی کوردستان، عێراق و ئەو بار گرژییانەی لە لایەن مالکی یەوە بە نیسبەت هەرێمی کوردستان و لەشکر کێشی بۆ سەر ناوچە دابرینراوەکانی هەرێمی کوردستان و پێشێل کردنی دەستور و بەتایبەتی مادەی١٤٠ بوو.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە سەر جەم لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیە دا، یەک هەڵوێستی و کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکانیان لە هەرێمی کوردستان بەز نرخاند و لەشکر کێشی بۆ سەر ناوچە دابڕاوەکان مەحکووم و بە کارێکی ناڕەوا لە قەڵەم درا.

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان











بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک لە کەسایەتی و ئەندامانی ڕێبەری و سەدان کەس لە پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی دێموکرات، ڕێورەسمێکی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوز(ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان) بەڕێوەچوو.

پێشنیوەڕۆی یەک شەممە، ٢٦ی سەرماوەز لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەربە دەفتەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە مەبەستی ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێورەسمێکی تایبەت بە بەشداریی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک لە کەسایەتی و ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و هەروەها سەدان کەس لە پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی دێموکرات بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەداوێرای «سروودی ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی پێشمەرگە، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە لایەن بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا. دەقی وتاری دەفتەری سیاسی لەم ژمارەیەی کوردستان دایە.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پەیامی ڕێکخراوە سینفییەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن بەڕێز حەلیمە رەسووڵی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە.

برگەکانی دیکەی ئەم ڕێورەسمە بریتی بوون لە:

پێشکەش کردنی چەند سروودێکی پێشمەرگانە لە لایەن کۆرسی هونەریی کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکرات.

پێشکەش کردنی چەند گۆرانییەک لە لایەن هونەرمەندی لاو، کەریم عەبدولحەمید.

خوێندنەوەی چەند پارچە هۆنراوەیەکی ئەدەبی لە لایەن شاعیری شاری کۆیە، قادر بەشدار.

پێشکەش کردنی پەخشانە شێعرێک لە لایەن لاوی دێموکرات هیوا ڕاعی و نواندنی چەند تابلۆیەکی جوان لە هونەری هەڵپەڕکێی کوردی لە لایەن «تیپی هەڵپەڕکێی پێشمەرگە» وهەروەها خوێندنەوەی چەند کۆپلەیەکی ئەدەبی لە لایەن خاتوو سوهەیلا قادری.

ڕێورەسمی تایبەت بە ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

## لە شاری لینشۆپینگ لە وڵاتی سوئێد ڕێز لە ٢٦ی سەرماوەز گیرا







ڕۆژی شەممە ٢٦ی سەرماوەز کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری لینشۆپینگ بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کۆڕێکی بۆ ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان و هەروەها بۆ بەشێک لە کوردانی دانیشتووی شاری لینشۆپینگ پێک هێنا.

سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی هەموو پێشمەرگە شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆڕیادی ڕۆژی پێشمەرگە دەستی بە بەرنامەی خۆی کرد. پاشان بەڕێوەبەری بەرنامە کاک قادر نەبیزادە بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و ئەم ڕۆژەی لە گشت لایەک پیرۆز کرد و هاوکاتیش لە وەسفی پێشمەرگە و لە ئاست قارەمانەتیی پێشمەرگەدا چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

پاشان لە لایەن کاک کەماڵ قازی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری لینشۆپینگ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا.

شایانی باسە کە وەفدی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وەک ڕێزلێنان لەم ڕۆژە و ناوی پێشمەرگە چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستیان پێشکەش بە کۆڕیادی ٢٦ ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

پاشان بەڕێز حەمەرەسووڵ کەریمی ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێزی وێڕای ئاوڕدانەوە لە مێژووی جووڵانەوە یەک لە دوای یەکەکانی کورد، ئاوڕێکی لە چۆنیەتیی ناودێر کردنی هێزی چەکدار بە پێشمەرگەی کوردستانی کرد و شانازییەکەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گەڕاندەوە و گوتی لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا چەندین لاپەڕەی زێڕینی وەک دروست کردنی حیزب بە پێی بەرنامە و ئامانجی دیاریکراو، پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد کەسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناودێرکردنی هێزی چەکدار بە پێشمەرگە و دروست کردنی سوپای میللی بە ناوی پێشمەرگە و دواتر دانانی ڕۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە کە ٢٦ ی سەرماوەزە کرد.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە هێزی شۆڕشگێڕی گەل واتە پێشمەرگە کرد و هەموو ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتیدەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوون وەک پێشمەرگە ناوبرد.

لە درێژەی بەرنامەکەدا چەند کەس لە کادرو پێشمەرگە دێرینەکانی سەنگەری بەرگری لە نیشتمان بە باس کردنی بیرەوەری و خوێندنەوەی شێعر و هەڵبەستی تایبەت بە پێشمەرگە هەست و سۆزی خۆیان دەربڕی و هەر کامەیان بە نۆبەی خۆیان لە وەسفی پێشمەرگەدا باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد کە بریتیبوو لە بەڕێزان:

برایم شەم ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کاک عەلی باڵەکی، ڕەسووڵ قادرزادە، کەریم ڕەحمانپوور، حاجی عەبدوڵڵا سولێمانی، خاتوو نەسرین محەممەدی و سەدیق لیلانەیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان شیرینی ڕۆژی پێشمەرگەیان بە سەر گشت بەشداربووان دا دابەش کرد و بەم شێوەیە ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت.

شایانی باسە هەر لەم ڕێورەسمەدا پەیامی ڕێکخراوەکانی: یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵەی کولتوری کوردی بەم بۆنەوە پێشکەش کران

دوایین بەشی ئەم ڕێوڕەسمە بۆ بەشی هونەری تەرخان کرابوو، کە لەم بەشەش دا دوو گەنجی دەستوپەنجە ڕەنگین و دەنگخۆش بە ناوەکانی «ڕەهێڵ» بە لیدانی ئۆرگ و خاتوو «باوان کەریمی» بە دەنگی بە سۆزی خۆی تا درەنگانێک لە شەو هەموو بەشداربووانیان نوقمی شایی و خۆشی کرد و بەم شێوەیە ڕێز لە پێشمەرگەی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا.

## ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان به شکۆیەکی زۆرەوە لە تۆرکۆی وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو





ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و نوێنەری هێزە سیاسیەکانی کوردستان ومیوانان، بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی پڕ لەسەروەریی پێشمەرگەی کوردستان لە شاری تورکۆی وڵاتی فینلاند بەرێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد کە لە لایەن پۆلێک کیژی ئەندامی یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش کرا. پاشان ئامادەبوان خولەکێک بە بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان ڕاوەستان.

دواتر پەیامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمیتەی فینلاند بە بۆنەی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەڕێز ئازاد شێخی ەوە خوێندرایەوە.

لەدرێژی ڕێورەسمەکەدا سروودی لە قەندیلی سەربەرزەوە، لەلایەن هونەرمەند ڕزگار هەورامییەوە پێشکەشی ئامادەبوان کرا. لە درێژەی کاری ڕێورەسمەکەدا پەیامی هاوبەشی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەشیر ئەمیر خانی یەوە خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە: پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمان دێموکراتیک یارسان، پارتی دێموکراتی کورد سوریە (ئەلپارتی)، حیزبی شیوعیی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستان.

هەروەها بەرێوە بەرانی بەرنامە سپاسی ئەو لایەنانەیان کرد کە پەیامی پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان ڕەوانەی ڕێورەسمەکە کردبوو.

برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان سروودی «ئەی شەهیدان» بوو کە خاتوو ناهید هەورامی پێشکەشی کرد. دواتر پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان لەلایەن هێمن زاد ئەحمەدەوە خوێندرایەوە.

دوا برگەی ڕێورەسمی ٢٦ سەرماوەز ڕۆژی ڕێزگرتن لە فیداکاریی پێشمەرگەی کوردستان شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران بوو کە هەریەک لە هونەرمەندان خاتوو ناهید هەورامی و ڕزگار هەورامی بە دەنگە بەسوزکەیان تا درەنگانێکی شەو کۆری شایی و هەڵپەڕکێیان ڕازاندبووەوە.

## جێژنی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە پارێزگای ئۆستفۆڵدی «نۆڕوێژ» بەڕێوەچوو





ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز، بەرانبەر بە ١٥ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی، کومیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بەمەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بۆ کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستان پیک هێنا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لەلایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامە جەعفەر ڕەسوولی، هەتاو ساڵحزادە و سازگار ئەمینی چەندین شێعرو پەخشانی شۆرشگێری پێشکەش کراو ناوبراوان بەخێرهاتنی میوانانیان کرد.

پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن بەڕێز نادر ئەمینی بەرپرسی کومیتە ناوچەی ئۆستفۆڵد پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات حەسەن ئەمینی ناسراو بە «حەسەن غەمبار» پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا پەیامی کۆمیتەی ناوچەی ئۆسفۆڵدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن بەڕێز خاتوو نازێ عەلیدوست خوێندرایەوە.

لەدرێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پارچە پەخشانێک و شێعرێک لە لایەن بەڕێز سامان شۆرش پێشکەش کرا.

کۆمیتەی ئۆسفۆڵدی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و بەرخۆدان و تێکۆشانی پێشمەرگە چەندین چەپکە گوڵیان پێشکەش بە سەرجەم پێشمەرگەکانی پێشووی کوردستان کرد کە لەم جێژنەدا بەشدار بوون.

شایانی باسە کە چەندین بروسکە و پەیامی پیروزبایی و چەپکە گوڵ لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانەوە گەیشتبوونە دەستی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە کە بریتی بوون لە:

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

پارتی دێموکڕاتی کوردستان

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان

یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوابەشی ڕێوڕەسمەکە بە شایی و شادی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان و دەنگە خۆشەکەی هونەرمەند قادر ئەسعەد تا درەنگانێکی شەو درێژەی هەبوو.

# هەڵسەنگاندنی کۆبوونەوەی سێ رۆژەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بروکسێل

کاوە ئاهەنگەری (*)



لە سەر بانگهێشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لە رۆژانی ٧ تا ٩ی دێسامبری ٢٠١٢ بە دەیان کەس لە نوێنەرانی پارت، رێکخراو، کەسایەتی و خاوەنرایانی ئێرانی بە مەبەستی باس و وتووێژ بۆ لێکنزیکبوونەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و کاریگەری لەسەر داهاتووی سیاسیی ئێران بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە دیمۆکراسی، لە بروکسێل کۆ بوونەوە.

بێ وەبەرچاوگرتنی میتۆدی جیاکردنەوە و کانالیزە کردن و رێکخستنی ئەو باسانەی لە کۆبوونەوەکەدا هاتنە گۆڕێ، گرنگترین تایبەتمەندی و خاڵی جیاوازی ئەم کۆبوونەوەیە، بەشداریی پارت و لایەنەکان بوو وەک بنەما سەرەکییەکانی پرەنسیپی سیاسی و وەدیهێنانی پرۆسەی دیمۆکراتیک، کە بە بەشداریی کۆمەڵێک خاوەن را و کەسایەتی سەربەخۆ، باس و لێکدانەوەکان دەوڵەمەندتر و بە پێزتر کران. لە لایەکی دیکەوە بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیە لە لایەن حیزبێکی وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە کە لە خەبات لە پێناو وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا خاوەن رابردوویەکی دووررودرێژە، دەتوانێ جێگەی تێرامان بێ.

بابەتەکانی بەرباسی ئەم کۆبوونەوەیە بەسەر دوو تەوەری سەرەکی‌دا دابەش کرابوون کە بریتین بوون لە چۆنیەتیی پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامی و، جۆری سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران، کە هەر کامیان لە پانێلگەلێکی تایبەتدا باسیان لێ‌کران و جگە لەوانەش، هەڵوێست و روانگەی بەشداران بە شێوەی باسی ئازاد وەرگیرا و هەوڵ دەدرێ وەک پرۆژە پراکتیکییەکان پێناسە بکرێن.

**چۆنیەتیی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی**

لە تەوەری یەکەمدا کە بۆ «چۆنیەتیی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی» تەرخان کرابوو، کاکڵی باس و وتووێژەکان لە سەر بنەمای بڕوای بەشداران بە پێویستیی هاوڕابوون و یەکهەڵوێستی لە رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دوور کەوتنەوە لە تەوەهومی چاکسازیی و گۆڕینی سیستم لە نێوخۆوە بوو.

لەسەر چۆنیەتیی گەیشتن بەو ئامانجانە، ئامادەیی بەکارهێنانی هەموو شێوازە رەواکانی خەبات، وەک خەباتی سیاسی، بزووتنەوەی مەدەنی، هەڵبژاردنی ئازاد، و بەرگریی بەکردەوە لە بەرامبەر سەرکوتدا خرانە بەرباس و، تێکڕا جەختیان لە سەر خەباتێکی چەند رەهەندی کردەوە.

بەسەرنجدان بەوەی کە هیچ بزووتنەوەیەک بە بێ میکانیزمێکی دیاریکراوی رێنیشاندەر کە بە کردەوە ئاراستەی پێبدا، سەر ناکەوێ و هەروەها بە لەبەر چاو گرتنی داخرانی سیاسی و چڕتربوونەوەی سەرکوتەکان لە نێوخۆدا، نەخشی رەوت و چالاکانی دژبەری رێژیم لە دەرەوەی وڵات و کاراترین شێوازەکانی کاریگەری و کارتێکەریی لەنێو بزووتنەوەی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تاوتوێ کران.

لەم پێوەندییەدا پێ لەسەر ئەم خاڵە داگیرایەوە کە خەباتی دەرەوەی وڵات کاتێک دەتوانێ لە نێوخۆدا کاریگەر بێ، کە بەرەو رێکخستنێکی پتەو و، لێکنزیک کردنەوە و نەهێشتنی ئەو کەلێنانە کە چەندین ساڵە بە دەستیانەوە دەناڵێنێ، هەنگاوی ژیرانە و جیددی هەڵێنێتەوە. هەروەها لەم پێناوەدا پیداگری کرا لە سەر پێویستیی متمانەسازیی نێوان رەوت و لایەنە سیاسییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی و، پەرەپێدانی وتووێژی نێوان لایەن و بیروبۆچوونە جۆراوجۆرە سیاسییەکان و قبوڵی یەکتری بۆ لێک کۆکردنەوە و کەڵک وەرگرتن لە خاڵە هاوبەشەکانی خەبات و جێبەجێ کردنی رێگەچارەکانی لێکنزیک کردنەوە لە هەموو ئاستەکان بۆ هێنانە ئارای ئەم متمانەیە.

بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە لە سەر ئەم بڕوایە بوون کە بۆ گەیشتن بە لانیکەمی میکانیزمێکی سیاسیی هاوبەش و یەکیەتیی ئۆپۆزیسیۆن، لە قۆناخی یەکەمدا دەبێ گرایشە وێکچووەکان لە چوارچێوەی بلوکی پێوەندیداردا رێک بخرێن و لە هەمان کاتدا هەوڵ بدرێ بۆ دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان بلوکەکان و دۆزینەوەی بنەماکانی هاوکاری و هاوهەڵوێستی لە سەر مەسەلە یەکیەتیبەخشەکان لەم قۆناغەدا.

هەروەها بە شێوەیەکی تایبەت دەور و گرنگیی میدیای هاوئاهەنگ لە پێکهێنانی گوتار و هاوئاراستەیی تاوتوێ کرا و باس لە پێکهێنانی میدیایەکی گشتگیری ئازادیخوازانی ئێران، یان لانی کەم هاوئاهەنگ کردنی نیوەرۆک و پەیامی میدیاکانی سەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کرا.

لەو بابەتانەی دیکەی کە کەوتنە بەر باسی بەشدارانی کۆبوونەوەکە، پێویستیی پێناسە کردنەوەی ئەو چەمک و واتایانە بوو کە لە لایەن هێندێک لە چالاکانەوە نکۆڵی لێ‌دەکرێ یان دەبێتە هۆی جیایی و لێک دوورکەوتنەوەی هێزەکان، لە حاڵێکدا کە ئاشکرایە کە هۆکاری سەرەکیی هێنانە ئارای ئەم بابەتە بە شێوی نیگەتیڤ دەگەڕێتەوە بۆ نائاشنا بوون و یان خراپ بەکارهێنانی ئەم چەمکانە.

پێداگریی لە سەر مەسەلەی هەڵاواردن و بە کارهێنانی میکانیزمی پێویست بۆ زەق‌کردنەوەی ئەم بابەتە وەک یەکێکی دیکە لە رێگەکانی خەبات و تێپەڕین، باسیان لێ‌کرا.

**«جۆری سیستمی سیاسیی داهاتوو لە چوارچێوەی ئێراندا»**

تەوەری دووهەمی کۆبوونەوەی بروکسێل بۆ دیاریکردن و تێگەیشتن لەو بنەما و بایەخانە تەرخان کرابوو کە دەبوو لە داڕشتنی سیستمی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی‌دا وەبەر چاو بگیرێ. تێگەیشتنی هاوبەش لەم بوارەدا بۆیە گرنگە، کە رەوتە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی کۆمەڵگە کاتێک پتانسییەل و وزەی خۆیان دەخەنە خزمەت بزووتنەوە کە دوورەدیمەنێکی روون و ئاسۆیەکی گەشیان لە دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی لە روانگەی ماف و چاوەڕوانییەکانی خۆیان هەبێ.

لەم بەشەدا، سەرەتا جەخت کرایەوە لە سەر گرنگیی هەموارکردنی تیۆریکی ئەو چەمکە بنەماییانەی کە راستییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان پێ پێناسەدەکرێ‌و، بەشداران هەر کام لە روانگەی خۆیان و رێکخراوەکەیانەوە، تێگەیشتن و پێناسەی چەمکەکانی وەک، نەتەوە، ئەتنیک، گەل، کەمینە و ... هتدیان هێنایە بەرباس.

پاشان ئەو سیستمە دیموکراتیکەی کە بە پێی راستییە مێژوویی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و تایبەتمەندیی ئەو زوڵم و هەڵاواردنەی کە لە زۆربەی خەڵک و گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە (نەتەوەکان، هزرە جۆراوجۆرە ئایینییەکان و ..) کراوە و دەتوانێ وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی ئەوان بێ، خرایە بەرباس و تاوتوێ کردن. لە پێوەندی دەگەڵ ئەم باسەدا، لایەنگرانی سیستمی لیبرال کە تەنیا لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتی بوون بە شوێن رێگەچارەکانی نەهێشتنی هەڵاواردنەوە بوون لە لایەک و لایەنگرانی سیستمێک کە وێڕای مافی هاووڵاتیبوون، مافی گرووپەکانی نێو کۆمەڵگەیان کردبووە بنەمای کاری خۆیان، بەوپەڕی راشکاوی و بە شێوەیەکی دیموکراتیکیانە روانگە و بۆچوونەکانی خۆیان باس دەکرد.

ئەم ئاراستەیە لە بەربژێرە دامەزراوەییەکانی سیستمی داهاتووی ئێرانیش‌دا رەنگی دابۆوە. وێڕای هاوڕا بوونی هەموو بەشدارانی کۆبوونەوە لەسەر پێویستی دابەشینی دەسەڵات و ناکۆجێی دەسەڵات، لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە فیدرالیزم و رەنگدانەوەی راشکاوانەی شوناسەکان لە بیاڤی گشتی و حکووتیدا هەبوو، کەسانێکیش هەبوون کە لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە دەکرێ داخوازی و ئامانجەکانی نەتەوەکان/ئەتنیکەکانی ئێران لە چوارچێوەی کۆمەڵە هەنگاوێک لە بواری فەرهەنگی و زمانی و دەسەڵاتی ناوچەیی و ئوستانی مسۆگەر بکرێن.

لە ئاکامی ئەم باسانەدا سەلماندیان کە یەکپارچەیی خاکی ئێران بە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و بێ متمانەیی و مۆرک لیدان و باوەڕ پێنەکردن نایەتە دی، بەڵکو بە قبووڵی شوناسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران و رێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی مافی یەکسانی هەموو خەڵک و گرووپەکان دەپارێزێ، بە جۆرێک کە دەبێ «حکوومەتی تاران» ببێ بە «حکوومەتی ئێران» و پێکەوەژیان لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ هەموو نەتەوە و گرووپە جۆراوجۆرەکان لە هەموو بەربژێرەکانی دیکە دڵخوازتر بێ.

لە بەشی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا، وتاردەران وێڕای بە ئەرێنی نرخاندنی کۆبوونەوەکە، ئەم دانیشتنانەیان بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ شکاندنی تابۆ و تێگەیشتنی هاوبەش لەبنەما بنەڕەتییەکانی هاوکاری لەقەڵەمدا و جەختیان لەسەر درێژەی ئەم وتووێژ و کۆبوونەوانە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا کردەوە و رێگەچارەکانی پەرەپێدان بەو وتووێژانە و بەرهەمدار بوونیان لە بواری پراکتیکییەوە خستە بەر باس.

١٠ی سێپتامەری ٢٠١٢

(*) کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەگەڵ پارت و رێکخراوە ئێرانییەکان




### خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی بۆ رۆژنامەی «کوردستان» دەدوێ:

# لە پێوەندیی لەگەڵ  دەسکەوتەکانی کۆبوونەوەی بروکسێلدا:

دیمانە: ئارەش لورستانی

تکایە روانگەی خۆتمان لە سەر چۆنیەتی و چەندێتی کۆبوونەوەی بروکسێل و دەسکەوتەکانی بۆ باس بکەن؟

کۆبوونەوەی بروکسێل هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو بۆ چێ بوونی گوتار، دیالۆگ و پێکهێنانی کەشێکی لەبار بۆ هاوکاری لە نیوان هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران لە چوارچێوەی پرۆژە دیاریکراوەکاندا. متمانەپێککردن لە نێوان ئەم هێزانەدا پرۆسەیەکە، کە پێوستی بە کات و رەخسانی دیالۆگی رووبەروو هەیە کە کۆبوونەوەی بروکسێل نموونەیەکی سەرکەوتوو بوو و ئەم هەلەی رەخساند تا ئەو هێزە سیاسییە جۆراوجۆرانەی کە بڕوایان بە رووخانی کۆماری ئیسلامی هەیە لە دەوری یەک کۆ کاتەوە تا لەسەر ئەم پرسە وتووێژ بکەن. لە بواری چۆنیەتەوە کۆبوونەوەکەی بروکسێل زۆر بە سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێنم و لە بواری چەندێتییشەوە لە درێژەی کارەکانماندا هیوادارم هێزێکی زیاتر رەگەڵ خۆمان بخەین.

بە لەبەرچاوگرتنی درووشمی کۆبوونەوەی بروکسێل «پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامی»، دەتوانی خاڵی جیاکەرەوەی ئەم کۆبوونەوەیە لەگەڵ کۆنفرانسەزنجیرەییەکانی «یەکیەتی بۆ دیمۆکراسی» روون بکەیەوە؟

ئەگەرچی ئەم کۆبوونەوانە دژی یەک نین و هەموویان لە پێناوی پێکهێنانی کەشێکی لەبار بۆ دیالۆگی نیوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دان، بەڵام ئەم دووە زۆر لێک جیاوازن، هەم لەم بارەیەوە کە لە کۆبوونەوەی بروکسێلدا باس لە پەڕینەوە لە کۆماری ئسیلامی دەکرێ بەو واتایە بەشداران بڕوایان بە چاکسازی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا نییە و هەڵوێستێکی دیارتریان هەیە و هەمیش ئەوەی کە باسی سیستمی دوای کۆماری ئیسلامی بە داهاتوو ناسپێرن و ئامادەن لەم بوارەشدا دیالۆگ بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر بانگهێشتی حیزبێکی کوردستانی بەشداری کۆنفرانسێک دەبن تا وێکڕا لە سەر داهاتووی ئێران بدوێن و لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە جۆری هاوکاری یا پرۆژەی کاری، لە پانێلدا و بە بەشداریی هەمووان دیاری دەکرێ.

بە سەرنجدان بە باسەکانی کۆبوونەوەی بروکسێل، درێژەی ئەم پرۆسەیەی «پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامی» دەتوانێ چ دەسکەوتێکی درێژخایەن و کورتخایەنی هەبێ؟

کەمترین دەسکەوتی، دیالۆگی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە و دڵخوازترین دەسکەوتیش دەتوانێ هاوکاریی ئەم دژبەرانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر پرۆژەیەکی دیاریکراو بێ. پرۆژەی سەرەکیی ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە پەڕێنەوەیە و ئەم کارەش بە هاوکاری و خەباتی هەماهەنگی ئەم هیزانە سەر دەگرێ. ئەم هەماهەنگییە پرۆسەیەکە کە دەبێ بە وردی و پشوودرێژییەوە کاری لەسەر بکرێ. وا نییە کە ئەم هەماهەنگییە بە یەک یان دوو کۆبوونەوە بە ئاکام بگا، بەڵام ئەم کۆبوونەوانە دەتوانن لە خزمەتی خۆشکردنی بەستێن بۆ ئەم پرسە کاریگەر و بەکەڵکەدابن.

بە لەبەرچاوگرتنی گرنگترین فاکتۆرەکانی یەکیەتی و بەشداریی ئۆپۆزیسیۆن و لە ئاکامدا کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، دەتوانی ستراتێژی و تاکتیکەکانی «پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامی» مان بۆ روون بکەیەوە؟

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، پێکهێنانی هەماهەنگی لە نێوان هێزەکاندا بە مەبەستی پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامی ئامانجی سەرەکییە و مەبەستیش لەو هەماهەنگی یان هاوکارییەش نە یەکیەتییەکی رەهایە و نە یەکگرتنێکی مەسلەحەتی؛ بەڵکو هاوپەیمانییەکی عەقڵانییە بە گوێرەی گرنگیدان بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی خۆمان و دەرفەت و پرەنسیپەکان. ناسینی هەموو رێگەچارەکان، خوێندنەوەی چەمکەکان بە بێ روونکردنەوە و بە بەڵگەهێنانەوەی نموونەی نێونەتەوەیی بە هۆی نەناسینیان زیاتر تەئیید یان رەت دەکرێنەوە و هەوڵدان بۆ گوتارسازی و کەمکردنەوەی مەوداکان بەشێکن لە ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج.

ئایا لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی داهاتووشدا هەر حیزبی دیموکرات بەڕێوەبەر دەبێ، یان بەشداریی پارت و



# وتاری دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

**(لە لایەن کاک عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیسیونی سیاسی نیزامی لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز دا پێشکەش کرا)**



**هاوڕێیانی بەڕێز!**
**پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**
**خوشک و برایانی هێژا !**

بە گەرمی بۆ ئەو ڕێو ڕەسمە بەخێر هاتنتان دەکەم و بە بۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان پێشکەشی ئێوە و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم .

نەتەوە بندەستەکان بۆ ئەوەی بە ماف و ئازادییەکانیان بگەن پێویستیان بە تێکۆشان و لە خۆ بردوویی هەموو چین و توێژەکانی کومەڵگەی خۆیان هەبووە. گەلی کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە کە سەرەڕای خەباتێکی دوور و درێژ بە داخەوە هێشتا ڕزگاریان نەبووە و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەبات نەیتوانیوە کۆڵ بە نەتەوەی کورد بدەن ولە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەتی و لەو ڕێگایەدا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکردوە، پاشگەزی بکەنەوە. نوێنگە و چڵە پۆپەی ئەو فیداکاری و لە خۆ بردوویییە، هێزی پێشمەرگەی کوردوستانە کە وەک باسکی بەهێزی ئەو خەباتە لە پسان نەهاتووە ئەرکی دیفاع و بەربەرەکانی لە مەیدانەکانی شەڕ بە دژی دوژمنانی کوردی دا کەوتوتە سەر شانی .

ئەو ناوە پیرۆزە لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە بەژنی ئەو کەسانە بڕا کە لە ریزەکانی سپای کوردستاندا ئامادەی دیفاع لە خاک و نەتەوە و ئاڵای نیشتمانەکەیان بوون و لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٣ی فێورییەی ١٩٤٦) بە بڕیارێکی ڕەسمی ناوی پێشمەرگە لە جێی ناوی سەرباز دانرا و لەو ڕۆژەوە ناوی پێشمەرگە بە ڕەسمی هاتە نێو فەرهەنگی نەتەوەی کورد و لە پارچەکانی تری کوردستانیش کە خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە ئاڕادا بووە ، هێزی چەکدار بە ناوی پێشمەرگە ناودێر کراوە و ئەو ناوە پیرۆزە بۆتە یەکێک لە هێماکانی ناسێنەری کورد.

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بە دەستی ڕێژیمی پاشایەتی ئەرکی درێژەی خەبات بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە سەر شانی حیزبی دیمۆکرات و لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییش ئەو خەباتە لە ئاستێکی بەرین و حەماسی دا درێژەی کێشا و لە گەرمەی ئەو خەبات و بەربەرەکانییە لەگەڵ هێزی پۆشتە و پەرداغی کۆماری ئیسلامی دا، ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی ڕێبەریی حیزب هەستی بەو پێویستییە کرد کە بۆ ڕێزلێنان و بایەخدان بە نەخش و ڕۆڵی پێشمەرگە لەو خەباتە ئازادیخوازانەیەدا ، پێویستە ڕۆژێک بە ناوی پێشمەرگە ناودێر بکری . هەر بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کرد.

هەر وەک لە پێشدا ئاماژەی پێ کرا دیاریکردنی ڕۆژێک لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وەک ڕۆژی پێشمەرگە نیشانەی ئەمەگداری وڕێزدانانە بۆ پلە و پایەی بەرزی پێشمەرگە و ئەمەش بەو مانا نییە کە حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان ، تەنیا لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەیان لە بیرە، بەڵکوو دەتوانین بڵێین هەموو ڕۆژێکی ساڵ، ڕۆژی پێشمەرگەیە چونکە هیچ ڕۆژێک لە ساڵ دا شک نابەین کە پێشمەرگە فیداکاریی تێدا نەکردبێ. هەر ئێستا بە هەزاران گەنج و لاوی کوردستان وەک پێشمەرگە لە ریزی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دان و بێگۆمان هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان کە ڕزگاریی گەل و نیشتمانە لە خەبات ناوەستن.

خوو و ڕەوشتی بەرزی پێشمەرگە لە کردار و ڕەفتار دا، لە نێو فەرهەنگ و ژیانی ڕۆژانەی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و تینووی ئازادی دا ڕەنگی داوەتەوە و بە دەیان سروود و ئاهەنگ بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە ئامادە کراون و گوتراون و کەوتوونەتە سەر زار و زمانی گەورە و بچووکی ئەو نیشتیمانە. بە سەدان و هەزاران منداڵی کورد بە ناوی پێشمەرگە قارەمان و شەهیدە خۆشەویستەکان ناودێر کراون .

**ئامادەبووانی بەڕێز !**
**پێشمەرگە خۆشەویستەکان !**

لە کاتوساتێکدا جێژنی ٢٦ی سەرماوەز دەگرین و بە ڕێزەوە یادی فیداکاری و لە خۆ بردوویی هێزی پێشمەرگەی کوردوستان دەکەینەوە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە دژی دیکتاتورەکانی ئەم ناوچەیە بەردەوامە. دوای ڕووخانی یەک لە دوای یەکی دیکتاتۆرەکانی تونس، میسر، لیبی و یەمەن، ئەوە ماوەی دوو ساڵە ڕاپەڕینی خەڵکی سووریە بە کورد و عەرەبەوە بە دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد بەردەوامە و لە هاتنی خەڵک بۆ سەر شەقام و دەربڕینی نارەزایەتی دەرچووە و بۆتە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان دوو بەرەی دەسەڵاتپارێز و دژ بە دەسەڵات. ڕۆژ نییە کوژراو و بریندار بوونی بە دەیان کەس خەڵکی بێ دیفاعی لێ نەکەوێتەوە و ئاوارەیی و دەربەدەریی کۆمەڵێکی دیکەی لە خەڵکی سووریەوە بە دوواوە نەبێ ، لە ئەنجامی ملمڵانێی هێزە دەرەکی و ناوچەییەکان قەیرانی سووریە درێژ بۆتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شەڕ و پێکدادانەی نێوان خەڵکی وەزاڵەهاتوو و دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد دا روخساری دژی ئازادیی خۆی زیاتر بە دیار خست، چونکە بە ئاشکرا و ڕوو هەڵماڵاوانە دیفاع لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەکا و لە هەموو بوارێکی ماڵی و تەسلیحاتی و سیاسی، بۆتە یارمەتیدەرێکی بەهێزی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان نیشاندەری ئەو ڕاستیەن کە لە ملمڵانێی ئاوا دا ئەوەی سەر دەکەوێ بەرەی خەڵـکە و ئەوەی تێک دەشکێ دیکتاتۆری و زوڵم زۆردابیە.

بە هۆی ئەوە کە بەشێک لە خاک و نەتەوەی بەشکراوی کوردیش دەکەونە سووریە، جێگای خۆیەتی بە چاوێکی دیکەوە بڕوانینە ئاڵوگۆڕەکان لە سووریە و بێجگە لەوە ئومێد بخوازین بە دوای ڕووخانی دیکتاتۆری لەو وڵاتە دا، دیمۆکراسی و ئاشتی سەقامگیر بێ و لە هەمان حاڵدا لە لایەنە کوردییەکانی ئەو پارچەیە لە کوردستان بخوازین کە یەکیەتیی و تەبایی نێو ماڵی کوردی دروست بکەن و خۆ لە پاوانخۆازی و یەکتر لە پەراوێز خستن بپارێزن و تەنیا بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکانی خۆراوای کوردستانە دەتوانرێ سەرکەوتن دەستەبەر بکەن.

ئەو ئاڵو گۆڕانەی لە چەند ساڵی رابردوودا لە سیستەمی حوکمرانیی وڵاتانی ناوچەکەدا، بە هۆی نارەزایەتیی خەڵک لە دەسەڵات پێک هاتوون، نیشانەی ئەو ڕاستیەن کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە رووبەڕوو بوونەوەی یەکجاری لەگەڵ خەڵکی ئێراندا تووشی هەر هەمان چارەنووس دەبن. گەلانی ئێران لە مێژە لە دەست ئەو دەسەڵات و نیزامە وەزاڵە هاتوون و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان ڕەخسابێ نارەزایەتیی خۆیان دەر بڕیوە.

ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە دەری خست کە لەگەڵ بنەما و ڕێوشوێنە دنیا پەسەندەکان و گیانی سەردەم ناگونجێ و لە گەڵ دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و بەرپرسایەتییەکانی لە ئاستی نێوخۆ و جیهاندا نامۆ و بێگانەیە. هەر بۆیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە تووشی تەریک کەوتنەوە بووە. هەتا ئێستا ساڵ نەبووە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ چەند جار لە لایەن ناوەند و دامەزراوە نێو نەتەوەییەکانی داکۆکیکاری ماڤی مرۆڤ مەحکووم نەکرابێ، هەر ئەو سیاسەتە پارادۆکسیکاڵەی کۆمار ئیسلامی لەگەڵ بنەماکانی پێکەوە ژیانی سەردەمیانە لە جیهانی ئەمڕۆ دا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئۆروپا و دەوڵەتی ئەمریکا و چەندین وڵات و ڕێکخراوی دیکەی جیهانی پێکەوە هاوهەڵویست کردوە، کە بە یەکەوە ئابلۆقەی ئابووری بهاوێنە سەر ئێران. توند کردنی ئاڵقەی ئەو ئابلۆقە ئابوورییە وای کردوە کە بایەخی دراوی ئێرانی بە شێوەیەک دابەزێ کە لە بەرامبەر هیچ ئەرزێکی بایەخداری دەرەکی دا نەتوانێ بەربەرەکانێ بکا و هەر ئەوە بۆتە هۆکارێکی گرینگ کە فشارێکی زۆر بکەوێتە سەر شانی خەڵک بە تایبەتی چینی هەژار و کەم دەرامەتی کۆمەڵگای ئێران و تەنانەت شوێنەوارەکانی ئەو ئابلۆقە ئابوورییە لە نێو دامودەزگای بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامییش دا خۆی دەرخستوە و بۆتە ئامرازی دووبەرەکی و کێشەی قووڵ لە نێوان دەسەڵاتەکانی وڵات و تەنانەت کێشەکان لە نێوان باڵەکانی دەسەڵاتداری ئێران گەیشتۆتە ڕادەیەک کە خودی خامنەیی ، وەک ڕێبەر و تاکە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی دێتە مەیدان بۆئەوەی ئێزن نەدا کێشەکان بۆ دەرەوەی بازنەی دەسەڵات تەشەنە بکات. بۆ وێنە، نوێنەرانی پاڕلمان سەر کۆمار ئەحمەدی نژادیان بانگهێشتی پاڕلمان کرد بۆ وەڵامدانەوە بە هێندێک پرسیار بە تایبەت نەبوونی ئەرزی خاریجی و دابەزینی نرخی دراوی ئێرانی سەرەڕای فرۆشی یەکجار زۆری نەوتی خاو، بەڵام دیتمان ڕێبەر ئێزنی نەدا ئەو کارە ڕوو بدا و لە لێپرسینەوە لە ئەحمەدی نژادی سەرکۆمار، ڕێگر بوو. بەڵام کێشە و ململانییەکانی نێو باڵەکانی دەسەڵات لە سەر شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ دنیای سەردەم لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە کێشەی خەڵک و سیستمی دەسەڵات لە ئێراندا لەوە قووڵترن کە بە خامنەیی یان سەرکۆمار چارەسەر بکرێن. بە پێی هەموو هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکان، ئێران لە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی چارەنووسساز دایە و بناغەی ئێرانی داهاتوو لە ڕەوتی ئەو ئاڵو گۆڕانەدا بونیاد دەنرێ.

لێرە دایە ئەرکی هەموو لایەکمان، تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات و بەتایبەتی پێشمەرگە ئازاو چاونەترسەکانی کوردستان قورستر دەبێ. پێویستە ئامادەییمان هەبێ بۆ هەموو ئەو دەرفەتانەی کە لە پێشمان دان، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی بیانقۆزینەوە و ئەرکی پێشمەرگایەتیمان کە دابین کردنی ئازادی و رزگاریی گەلەکەمانە بە جێ بگەیەنین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، سەرجەم تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دڵسۆزانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی بە تایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پیرۆز بێ .

بە هیوای ڕووخانی کۆشکی دیکتاتۆری و هەڵاتنی خۆری ئازادی لە وڵاتەکەماندا



**ئەرکی هەموو لایەکمان، تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات و بەتایبەتی پێشمەرگە ئازاو چاونەترسەکانی کوردستان قورستر دەبێ. پێویستە ئامادەییمان هەبێ بۆ هەموو ئەو دەرفەتانەی کە لە پێشمان دان، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی بیانقۆزینەوە و ئەرکی پێشمەرگایەتیمان کە دابین کردنی ئازادی و رزگاریی گەلەکەمانە بە جێ بگەیەنین**

---

**درێژەی:**

## وتووێژ لەگەڵ خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی

ڕێکخراوەکانی دیکەش بەرنامەی بۆ داڕێژراوە؟

لە کۆبوونەوەکەشدا ئەم پێشنیارە هاتە گۆڕێ و ئێستاش هەموو بەشداران بڕیارە ئەم باسە لەگەڵ پارت و لایەنەکانی خۆیان باس بکەن. ئاکامی ئەم ڕاوێژانە دەتوانی ببێ بە بنەمای درێژەی کۆبوونەوەکان. دیارە بڕیاردەری سەرەکی لەم بارەیەوە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە کە هەم پێی باشە پارت و لایەنە میوانەکان زیاتر لە کار وەردا و هەمیش شارەزایی لە سەر ئاڵۆزی و دژواریی کارەکە هەیە. چونکی هێشتاشی لەگەڵدا بێ ئەم کارە لە حاڵی تاوتوێکردن دایە و ناکرێ لێبڕاوانە لەم بارەیەوە لێدوان بدرێ، بەڵام هەروەک وتم ئەم پێشنیارە لە لایەن حیزب و بەشدارانەوە تاوتوێ دەکرێ.

بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوانە دەتوانێ چ کاریگەرییەکەی لەسەر بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەکانی ئیران هەبێت؟

بە داخەوە نەناسین و یان ترسان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ویستی ڕەوای نەتەوەکانی ئێران بووەتە هۆی لێک دوورکەوتنەوە و دووبەرەکایەتییەکی زۆر لە نێوان هێزە سەرانسەرییەکان و ئەو پارتانەی کە خەبات بۆ مافی نەتەوەکانی ئیران دەکەن. ڕەواندنەوەی ئەم گومانانە و دۆزینەوەی ڕێگەی هاوکاریی هاوبەش یان بواری هاوکاری زۆر دژوارە، کە پیویستی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی جیددی هەیە. لانیکەمی دەسکەوتی ئەم دانیشتنانە بیستن و باسکردن و ڕووبەڕووبوونەوەیە کە، کە لە هەرتک لا ڕەنگە هێندێک پێیان وابێت ئاو لە ئاونگدا کوتانە وکارێکی بێهوودەیە. بەڵام دەبێ ئەم وتووێژانە لە هێندێک بواری تایبەت و لە ڕاستای لێکنزیکبوونەوەی ئەم هێزانە و ناساندنی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئیران دا چارەسەرساز بن و پێگەیشتنی گوتاری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لێ بکەوێتەوە.

هەروەها(ئەم جۆرە دانیشتن و وتووێژانە) یارمەتیی پارت و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران دەدەن کە هێزە سەرانسەرییەکان باشتر بناسن و تاوتوێی دووبارەی پوتانسییەلەکان بکەن و ببنە هۆی ئاسانکاری بۆ هاوکارییەکانی داهاتوو.

لە کۆتاییدا وەک دوایین پرسیار، ئەگەر بابەتێک ماوە یان بە پێویستی دەزانن بیخەنە بەرباس، بفەرموون؟

تەنیا بابەتێکی کە دەبێ باسی بکەم و نیگەرانیشم دەکا تێکەڵاوکردنی باسەکان یان هەڵسەنگاندنی بە پەلەی شتەکانە. خەباتی ئێمە خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوە. دەبێ هەموو کارێک بە پێی کات و شوێنی خۆی شەنوکە و بکرێ، دیارە نەک تەنیا بە بەڵگەهێنانەوە لە رابردوو، کە ئەمەش بە مانای متمانەبەخشین بە لێکنزیکبوونەوەی مەسڵەحەتی بە بەهای چاوپۆشی لە داوا ڕەواکانمان نییە و ئێمە هاوکات لە بەرە جۆراوجۆرەکاندا خەبات دەکەین کە دژی یەکتر نین و لە ڕوانگەی منەوە هەموو ئەو ڕەخنانەی کە لە شێوەی کارەکەمان دەگیرێن، دەکەم بە ئاڵقەی گوێم و ئەو هاوڕێیانە کە ڕەخنەمان لێدەگرن دڵنیا دەکەمەوە لە سەر ئامانج و داواکانمان سوورین.

# میسر بەرەو کام ئەزموون؟



مستەفا مەعروفی

لە ٢٢ی ئۆکتۆبرەوە کە محەممەد مورسی سەرکۆماری میسر فەرمانی زیادکردنی دەسەڵاتەکەی دا، میسر لە نائارامی‌دا بەسەر دەبا. لەو فەرمانەدا مورسی رای گەیاند کە هیچ دادگایەک‌و ناوەندێک بۆی نیە بڕیارەکانی هەڵوەشێنێتەوە و هەر هەنگاوێک کە بە پێویستی بزانێ بۆ پاراستنی شۆرش و خەڵکی میسر هەڵی دەگرێ و بە کردوە خۆی لەسەرەوەی هەموو قانوون و دامەزراوە دەوڵەتییەکان دانا. لایەنگرانی دێموکراسی و هێزو لایەنە پێشکەوتنخوازەکان لێی وەدەنگ هاتن و ناوبراویان بە «فیرعەون» ناو برد و شەقامەکانی قاهیرەو شارەگەورەکانی دیکە بوون بە مەیدانی بەربەرەکانیی لایەنگرانی مورسی و موخالیفانی. هەرچەند ئاکامی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی میسر لە دژی فرەوانخوازییەکانی مورسی بووە هۆی ئەوەی ناوبراو بڕیارەکانی وەربگرێتەوە، بەڵام پێشنووسی ئەو قانوونە ئەساسییەی کە یەکێک لە خاڵە جێی ناکۆکیەکان بوو، سەرەنجام رۆژی ١٥ی دیسامبر لە قۆناغی یەکەم دا خرایە بەر ریفراندۆم و بڕیارە قۆناغی دووەمی رێفراندۆمەکە لە ٢٢ی دیسامبر دا بەڕێوە بچێ.

مورسی، کاندیدای حیزبی « عەداڵەت‌و تەوسیعە« لقی سیاسیی « اخوان المسلمین» بوو. ئەو ناوە لاساییکردنەی ناوی حیزبەکەی ئەردۆغان لە تورکیەیە کە لە روانگەی خەڵکی ناوچەوە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە دەسەلاتێکی خاوەن بیروبۆچوونی ئیسلامییە. لە کاتی شۆرشی میسر دا « اخوان المسلمین» بە روونی و بە ئاشکرا رایان گەیاند بەدوای هێنانە سەرکاری رێژیمێکی چەشنی ئێران نین. راگەیاندنی ئەم هەڵوێستە لە لایەک بۆ ئەوە بوو بە خەڵکی میسر بڵێن تووشی ئەو رۆژرەشییە نابن کە خەڵکی ئێران تووشی بوون‌و لەلایەکی دیکەش بیروزەینی خەڵکی بەرەو باردودۆخی تورکیە راکێشن کە خاوەنی سیبات‌و گەشەکردنی ئابوورییەو دیموکراسیەکی نیوە چڵی تێدا بەدی دەکرێ، دیموکراسییەکی ناتەواو کە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەوەندەش بێبەشن.

هەرچەند اخوان المسلمین خۆ لە ئەزموونی ئێران دەپارێزن بەڵام هەڵوێست‌و کردەوەکانی مورسی رووداوەکانی شۆرشی ئێران وەبیر دێننەوە. داخوا شۆرشی ساڵی رابردووی میسر لە چەشنی شۆرشی ١٩٧٩ی ئێرانە؟ ئایا محەممەد مورسی پێ لە جێ پێی ئایەتوڵڵا خومەینی دەنێ؟ لە حاڵێکدا کە ئەزموونی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران‌و ئەفغانستان بە تەواوی شکستی خواردوە، میسر بەرەو کام ئەزموون دەچێ؟ ئایا میسر بەرەو ئەزموونی تورکیە دەچێ؟

لە حاڵێکدا کە مورسی ئەو پێگەو نفووزەی لە میسر دا نیە کە ئەرۆغان لە تورکیە هەیەتی فەرمانی لەم چەشنە دەردەکا . ئەو فەرمانە راست ئەو فەرمانانە لە بیرەوەرییەکاندا زیندوو دەکاتەوە کە ئایەتوڵڵا خومەینی بەبێ دوودڵی لە ئاکامە ترسناکەکانی دەری دەکردن.

لەم بارەیەوە کە شۆرشی میسر بەرهەمی خەبات‌و فیداکاریی هەموو چین‌و توێژو لایەن‌و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بوو، وێکچوونێکی سەیری لەگەڵ شۆرشی ١٩٧٩ی ئێران هەیە، لەو بارەیەوە کە ئیسلامگەراکان هەوڵ دەدەن دەست بەسەر هەموو دەسکەوتەکانی شۆرش دابگرن‌و خەڵکی دیکە بە تایبەتی دێموکرات‌و پێشکەوتنخوازەکان بخەنە پەراوێزەوە، دیسان وێکچوونێکی




بەهێز لە نێوان ئەو دوو ئەزموونەدا هەیە. لەم بارەشەوە وێکچوون لە نێوان ئەو دوو ئەزموونە دا بەدی دەکرێ: ئیسلامگەراکان بە بەرنامەترو ئامادەترن تا هێزە نیشتیمانی‌و پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان. هێزە ئیسلامییەکان بە تایبەتی « اخوان المسلمین» رێکخستنێکی رێک‌وپێکیان هەیەو وەک رەقەبەرەکانیان پەرش‌و بڵاو نین. هەربۆیەش باشتر توانیویانە بەرنانەکانیان بەرنە پێش.

لە هەڵبژاردنی یەکەم دەورەی سەرکۆماریی پاش شۆرش لە بەهاری رابردوودا محەممەد مورسی ٥١,٧٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. ئەو لە حاڵێکدا بوو کە هێزە ئیسلامییەکان تێکڕا دەنگیان پێ داو دەنگەکانیان پەرش‌و بڵاو نەبووو توانیبوویان لایەنگرانیان بە باشی بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە. بەڵام رقەبەر سەرەکیەکەی، ئەحمەد شەفیق هەرچەند خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بەهێزانە نەبوو بەڵام رێژەیکی زۆر لە دەنگەکانی بەدەست هێنا کە نزیک بوو لە کاندیدای براوە ( ٤٨,٣ ٪ ). ئەگەر هێزە دێموکراتەکان بەرنامەیەکی رێکوپێک‌و هەماهەنگیان هەبووایە و توانیبایان خەڵکی بێ‌لایەن بە سوودی خۆیان بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە لەوانە بوو ئەمڕۆ سەرۆککۆمارێکی دیکە لەسەر کار بووایە.

ئەو پرسیارە جەوهەرییە لەسەر هەر شۆرشێکە کە داخوا توانیویەتی سیستمێکی باشتر لەوەی رووخاندوویەتی بێنێتە سەر کار؟ ئەو دروشمانەی شۆرشیان لە پێناودا کراوە، وەدی هاتوون؟ ئەو دیکتاتۆری‌و کەموکوڕیانەی پێش شۆرش هەبوون، لە نێو چوون؟ لە بارەی شۆرشی ئێرانەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە هەموویان مەنفین.

وەڵامی ئەو پرسیارانە لە بارەی میسرو هەڵوێستەکانی تا ئێستای محەممەدی مورسیەوەش مەنفین، هەتا ئێستا مورسی‌و رەوتی ئیسلامیی میسر هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوەتەوە کە لە چاو رێژیمی پێشوو دیموکراتیک تر بێ. هەر ئەوە کە ئیخوانییەکان لەسەردەمی حوسنی موبارەک دا تەنانەت کاندیدای سەرکۆماریشیان هەبووو نوێنەریان لە پارلماندا هەبووو لە دەسەڵاتدا شەریک کرابوون، لە کردەوەکانی مورسی ڕا وا دیارە ئەو نایەوێ موخالیفانی لەو مافە بەشدار بن.

رێژیمی حوسنی موبارەک لە کاتێکدا رووخا کە لە چاو زۆر وڵاتی ناوچە هەم لە رووی سیاسییەوە سیباتی زیاتری هەبووو هەم لە رووی ئابوورییشەوە لەچاو هێندێکیان باشتر بوو. بەڵام شۆرشی میسر دەری خست کە خەڵکی ئەو وڵاتە شایانی رێژیمی باشترن. حوسنی موبارەک بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتێکی نادیموکراتیکی بەسەر میسر دا هەبوو بەڵام ئیددیعای چەشنی مورسیی نەهێنایە گۆڕێ.

شۆرشی میسر شۆرشێکی بەربڵاو بوو کە هێزە ئیسلامی‌و دیموکراتەکانی لە دژی دیکتاتۆریی حوسنی موبارەک لە دەوری یەک کۆ کردەوە کە ٣٠ساڵ بوو بە ناوی سەرکۆمارەوە پاشایەتیی بەسەر میسر دا دەکرد. بە پێی مەنتیق هێزە شۆرشگێڕەکان‌و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لە بنیاتنانی رێژیمی دوای شۆرشدا بەشدار دەبن. پاوانخوازی‌و سەرەڕۆیی جگە لەوەی کە ئامانجەکانی شۆرش لەنێو دەبا، لە راستیدا ئاکامەکەی تەنیا دەبێتە ئەوە کە: دیکتاتۆرێک جێگای خۆی بدا بە دیکتاتۆرێکی دیکە. لەم کاتە دا وڵات لە جیاتی ئەوەی بەرەو ئاوەدانی‌و ئەمنییەت‌و گەشەکردنی ئابووری بچێ، بەرەو قەیران‌و تەنانەت شەڕ دەچێ. بە تایبەتی لە بارەی شۆرشی میسرەوە جیاوازیی نێوان کاندیدای براوە و دۆڕاو لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. کەوابوو داهاتووی میسر لە گرەوی پلۆرالیزمی سیاسی‌و دووری لە پاوانخوازیی دەسەڵات دایە.

# پێگەی ئەخلاق لە پرسی کورد و مافی مرۆڤی کورد لە ئێران



عەلی بداغی

١٠ ی دێسامبر، ٢٠ ی سەرماوەز، رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کاتێکدا یادی کرایەوە کە راست لەو رۆژەدا لە کوردستان هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر رێگای پیرانشار – مەهاباد لە شوێنێک بە ناوی «سەری مەیدان» ماشێنی کاسبکارێکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم جیهان ئارا» یان دایە بەر دەسڕێژ و بێ هیچ سووچ و تاوانێک و بێ ئەوەی هیچ کاڵایەکی قاچاغی! پێ بێت، ناوبراویان کوشت. هەر ئەو رۆژە و لە شوێنێکی دیکە کوردستان، لە شاری پاوە هێزە ئەمنیەتییەکان ٢ کەسی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوەکانی «لایەق مستەفایی« تەمەن ٣١ ساڵ و «عومەر مستەفایی» تەمەن ٢١ ساڵ لە ماڵەکەی خۆیاندا دەستبەسەر کرد. ئەو کەسانە و کەسانی وەک ئەوان کە رۆژانە لە کوردستان دەگیرێن، دوای گیرانیان و بێ ئەوەی پەروەندەکانیان رەوتێکی قەزایی بپێوێ، لە گرتووخانەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتدا بە چەندین مانگ رادەگیرێن و دوای ئەشکەنجەدران و لێوەرگیرانی دانانی زۆرەملی، بێ ئەوەی مافی بەرگری کردن لە خۆیان هەبێ، دادگایی دەکرێن و نەک حوکمی قەزایی، بەڵکوو حوکمی سیاسییان بۆ دەردەچێ.

رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کاتێکدا یادی دەکرێتەوە کە لە کوردستان کوشتن، ئێعدام، گرتن، ئەشکەنجە، پێشێلکردنی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بەشێک لە واقعی ژیانی خەڵک لە کوردستانن، بە جۆرێک کە رۆژ نیە تاکی کورد چەند حاڵەتێکی هەرە بەرچاوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە چاوی خۆی نەبینێ و لە خۆی روو نەدا.

رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کاتێکدا یادی دەکرێتەوە کە لە کوردستان بە هۆی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵکی کوردستان لە سەرەکی و سەرەتاییترین مافەکانیان وەک خوێندن بە زمانی زگماکی و تەنانەت هەڵبژاردنی ناو بۆ زارۆکان بە دڵخوازی دایک و باوکیان بێبەشن.

بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و لە ئێران بە هۆی کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دایە کە ئەو رێژیمە حەوتوویەک بەر لە رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ جارێکی دیکەش لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی رەهای مافی مرۆڤ لە ئێران مەحکووم کرایەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی ٣٤ ساڵ تەمەنی ئەو رێژیمەدا یەک دوو ساڵ نەبێ، ئەگینا بە بەردەوامی لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی دیکەی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە، بەڵام هەموو ئەو کاردانەوە جیهانییانەش هیچ شوێنکارێکیان لە سەر سیاسەت و مامەڵەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا نەبووە.

لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان خاڵێک جێی سەرنجە، ئەویش ئەوەی کە ئەگەر لە لایەک مافی گەلانی ئێران بە گشتی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێشێل دەکرێ، بەڵام دەبینین کە بە هۆی زاڵبوونی روانگەی ئەمنیەتی بە سەر کوردستاندا رەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان هەم توند و تیژتر و فرە رەهەندترە، هەمیش ئەوەی کە بێدەنگترە و کەمتر وایە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان وەک خۆی و بە بارتەقای قورسایی خۆی دەنگدانەوەی لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە ئێرانی و جیهانییەکاندا بووبێ. بەو مانایەی کە ئەگەر کوردستان چەق و ناوەندی سەرکوت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانە و تێچووی کاری سیاسی و هەرچەشنە جموجۆڵ و مافخوازییەک لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران لە سەرێیە، بەڵام هەر بەو رادەیەش پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانیدا لەلایەن چالاکان و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ سەرنجی نەدراوەتێ. محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی گیراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە خۆی بە تاوانی بەرگری لە مافی مرۆڤی کورد زیندانی و بە ١١ ساڵ زیندان حوکم دراوە، لە نامەیەکدا کە بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە لە زیندان داویەتە دەرێ، بە وردی قامکی لە سەر ئەو بابەتە داناوە و بە رەخنەگرتن لەو بەیاننامە و راگەیەندراوانەی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامییەوە بەو بۆنە دراونەتە دەرێ، دەڵێ کە ئەو بەیاننامانە تەنیا و تەنیا تەعبیر لە هەڵوێستی تەک رەهەندیی گرووپێک و باڵێکی سیاسی لەو بابەتە دەکەن و ئەوەش بە مانای هەڵاواردن و فەرق و جیاوازی خستن لە بەرگری کردن لە مافی مرۆڤە کە هەر خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.



کەبوودوەند ، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان

مانای ئەو قسانەی کەبودوەند ئەو کاتە پتر دەردەکەوێ کە دەبینین لە کاتێکدا بە هۆی سیاسەتی پشتگوێ و پەراوێز خستن و هەڵاواردنی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی و بێبایەخیی گیانی مرۆڤی کورد تراژیدیی سووتانی قوتابخانەی شیناوێی پیرانشار دێتە گۆڕێ، یان ئەوەی لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا بە دەیان کۆڵبەر و کاسبکاری کورد _ کە بەهۆی هەژاری و بێکاریی سەرچاوە گرتوو لە سیاسەتە ئەمنیەتی و ئابوورییەکانی ڕێژێم لە کوردستان ناچار بە گرتنەبەری ئەو ڕێیە بۆ دابینکردنی ژیانیان بوون _ راستەوخۆ لەلایەن هێزە چەکدارەکانی رێژیمەوە دراونەتە بەر دەسڕێژ و کوژراون و بریندار بوون، ئەوەندەی کەیفیەتیی خواردن و خۆراکی موسەوی و ڕەهنەوەرد لە ماڵەخۆیاندا خەمی چالاکان و بەرگریکارانی مافی

مرۆڤ لە ئێرانە، رووداوە تراژیدییەکان لە کوردستان سەدا یەکی ئەوەندەش نابیندرێن.

ئەوش راستییەک ئاشکرا دەکا کە چالاکانی مافی مرۆڤی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی بنەما فیکرییەکانی ناوەندگەرێتی و لاگیریی سیاسییان ئاراستەیەکی تایبەت لە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران لەبەر دەم دنیای دەرەوەدا دادەنێن. ئەو جۆرە تێڕوانین و کارکردە بەجێی بەرگری لە مافی ئینسانی و مرۆڤ بوونی ئەوانەی مافەکانیان پێشێل دەکرێ، لاگیری و ئینتیما سیاسییەکان وەپێش دەدا و تەنانەت زۆر جار دەبینین کە سنوورە ئەخلاقییەکانیش دەبەزێندرێن، وەک چۆن زۆرجار لە زمان چالاکانی سیاسی و مافی مرۆڤی بیستوومانە کە ویست و داخوازی نەتەوە نافارسەکانی وەک کورد و بەلووچ و عەرەب یان زیرەکانە شیواندوە و ناخ و بنەچەکی ئەو ویستانەیان مەزهەبی و لە باشترین حاڵەتدا فەرهەنگی پێناسە کردوە، نەک نەتەوەیی.

لە روانگەی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەو بەشە لە ڕەهەندەکانی مافی مرۆڤ کە پێوەندییان بە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوە بندەستەکان هەیە، وەک ئەوەی زەرەری بۆ پەز هەبێ نەک نابێ سەرنجی بدرێتێ، بەڵکوو ئەوەندەش کە دەکرێ بە ئاراستەیەکی دیکەدا بخرێتە بەرچاو، وەک چۆن تا ئێستا بینیومانە کە ئەو جۆرە روانین و بینینی ئەو لایەنانە چەندەی یارمەتی کۆماری ئیسلامی داوە تا بە ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد و بەلووچ لە ژێر ناوی قاچاغچیی مادە هۆشبەرەکان، تێچووی سیاسیی خۆی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو ناوچانە کەم کاتەوە.

کۆماری ئیسلامی کاتێک دەبینێ کە برینەوەی سزای ئێعدام و سەرروو ٤٠ ساڵ زیندان بە سەر چالاکێکی سیاسیی کورد و رێگریی چەندی ساڵە لە چاوپێکەوتنی زیندانییەکی سیاسیی کورد لەگەڵ بنەماڵەکەی بە قەت مانگرتنی چەند رۆژەی زیندانییەکی غەیرە کورد دەنگدانەوەی لە بیرورای گشتیی جیهاندا نیە، دەستی بۆ هەموو جۆرە سەرکوتێکی بزاوتی سیاسی و مەدەنیی کوردستان ئاوەڵاتر دەبێ . پرۆژەی ئەو سەرکوتە لەگەڵ بایکۆیی خەبەریی کوردستان لەلایەن ناوەند و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە تەنیا دەکرێ بە کالبوونەوەی بایەخە ئەخلاقییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان تەعبیری لێ بکرێ.

# کوردە پەنابەرەکانی فینلاند و گیروگرفتەکانی ژیانیان



نووسین و ئامادە کردنی:
لوقمان زەهرایی

کوردەکانیش وەکوو زۆرێک لە نەتەوەکانی دانیشتووی ئاسیا وئافریقا بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابووری سالانێکە ژیانی کۆچبەریان هەڵبژاردوە وژومارەیەکی یەکجار زۆر کە سەرلە دەیان هەزار کورد دەدا نیشتەجێی وڵاتانی ئوروپا ، ئوسترالیا، ئامریکا، کانادا ونیوزیلەندن. وڵاتی فینلاندیش وەکوو یەکێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لە سەرەتاکانی دەهەی هەشتای زایینی پەنابەری کوردی وەرگرتوە و ئێستا وبە پێی ئامارە فەرمی و نافەرمیەکان نزیک بە ١٠ هەزار کورد لەو وڵاتە دەژین. کوردەکانی دانیشتووی فینلاند زۆرتر لە کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوون کە لە شاروناوچە جیاجیاکانی فینلاند نیشتەجێن. ژومارەیەک لەو کوردانە بە فەرمی لە لایەن حکوومەتی فینلاند وەکوو پەنابەر وەرگیراون کە لە تورکیە، عێراق و پاکستانەوە ڕاستەوخۆ هێنراون بۆ فینلاند. ژومارەیەکی زۆریش لەو پەنابەرە کوردانە لە ڕێگای قاچاغەوە وبە دانی ڕادەیەکی زۆر پارە بە قاچاخچیەکان خۆیان گەیاندۆتە ئەو وڵاتە ولێرە داوای پەنابەریان کردوە.

ئەو پەنابەرانەی کە بە قاچاغ دێن بۆ فینلاند لە کەمپی پەنابەران نیشتەجێ دەکرێن تا ئەوکاتەی کە مافی مانەوە وئیقامەتیان پێ دەدرێ. جێی ئاماژە پێ کردنە کە هیندێک لەو پەنابەرانە کە کەس وکارو خزم وقەومیان لە فینلاند دەژین ناچار نین لە کەمپ بمێننەوە ولە سەرئیزنی کاربەدەستانی کەمپەکان ئادرەسیان دەخەنە سەرهی خزم وقەوم وناسیاوانیان. وەرگرتنی ئیقامەت وئیجازەی مانەوە لەو وڵاتە هەڵگری کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری وتەندروستییە بۆ کەسی پەناخواز. بەشێکی بەرچاو لەو کوردانەی کە لە کەمپەکان دا چاوەڕێی وڵامی داواکاریەکەیان دەکەن دەبێ ماوەیەکی دووررودرێژ چاوەڕوان بن. ئەو ماوە لە سالێک تاکوو ٣ ساڵ وبگرە زیاتریش دەخایەنێت. مانەوەی لە کەمپ وژیان لەو شوێنە کۆمەلێک گیروگرفتی ئابووری، کۆمەڵایەتی ولە هەمووی گرینگتر تەندروستی هەیە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەنابەرەکان تووشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بن. ژیان لە کەمپ وناڕوون بوونی ئاسۆی وەرگیرانیان وەکوو پەنابەرلە لایەن دایرەی کۆچبەرانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ژیانی ڕۆژانەی ئەو پەنابەرانەوە هەیە. بوونی کولتوروزمانی جیاواز و جیاوازیی شێوازی ژیان وگوزەران لە فینلاند بە نیسبەت ئەو وڵاتەی کە کوردەکانی لێهاتوون، خولقێنەری ئەو کێشانەن کە دام ودەزگا وکاربەدەستانی فینلاندیش ئاماژەی پێ دەکەن.

خۆگونجاندن وخۆرێکخستن لە گەل ژیانی نوێ کۆمەلێک گیروگرفتی سەرەکی بەدواوەیە وپەنابەرانی کوردیش لە سەر ئاستی جیاواز وبە شێوازی جۆراوجۆر لە گەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە تەمەن، ڕەگەزی نێرینە یا مێینە،

**ئەو پەنابەرانەی کە موسولمانن گیروگرفتی یەکجار زۆریان هەیە بۆ خۆگونجاندن لە گەڵ کۆمەڵگای فینلاندی بە نیسبەت روسەکان، ئێستۆنیەکان کە ڕێژەیان لە فینلاند زۆرە و یان هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە وڵاتانی دیکەی غەیری موسولمانەوە هاتوون بۆ فینلاند**

ڕادەی خوێندەواری، گوندی یان شاری بوون، شێوازی پەروەردەیی بنەماڵەیی و زانینی زمانێک یان چەند زمانی بێگانە دەور و ڕۆلی سەرەکی دەگێرن لە سەر ژیان تاکی پەنابەر. نەخۆش کەوتن ودوکتورودەرمان وبەکارهێنانی وەرگێر لە دایرە جۆراجۆرەکانی فینلاندی لە باری ئابووریەوە خەرجێکی زۆریشی بۆ حکوومەت وپارێزگا وشارەوانیەکان هەیە وبەشی زۆری ئەو خەرجانەش لە باج وەرگرتن لە هاووڵاتیانەوە دابین دەکرێ. هەرچەند زۆرێک لە پەنابەرەکان بەوە نازانن و لایان وایە کە ئەوە پارەی نەوتی هەرێمی کوردستانە کە لێرە دەولەتی فینلاند بۆیان خەرج دەکاتەوە ویان دەبێ بۆیان خەرج بکا. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو وبۆ چەندین جارلە ڕێگای دام و دەزگای پەیوەندیدار بە پەنابەرانەوە، بەتایبەت وەزارەتی کاروتەندروستی وشارەوانیەکان لێکۆلینەوە لە سەر چۆنیەتی ئاستی ژیان و خۆگونجاندنی پەنابەران وکۆچبەرانی بە گشتی کراوە و هەوڵ دراوە لەو ڕێگایەوە گیروگرفتە سەرەکیەکانی بە تایبەت پەناخوازانی ئاسیایی وئافریقایی بخرێتە ڕوو.

ئاکامی بەشێکی زۆر لەو لێکۆلینانەوە لە سەر پەنابەران ئەوەی دەرخستوە کە پەنابەرانی ولاتانی ئیسلامی یان ئەو پەنابەرانەی کە موسولمانن گیروگرفتی یەکجار زۆریان هەیە بۆ خۆگونجاندن لە گەڵ کۆمەڵگای فینلاندی بە نیسبەت روسەکان، ئێستۆنیەکان کە ڕێژەیان لە فینلاند زۆرە و یان هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە وڵاتانی دیکەی غەیری موسولمانەوە هاتوون بۆ فینلاند . ژنانی موسولمان داواکارن و دەیانهەوێ کە حەتمەن دوکتورەکەیان ژن بێ، وەرگێرەکەیان ژن بێ. حەوزی تایبەت بە مەلە کردنی ژنانی موسولمان بۆ وان جیابکرێتەوە وسالۆنی وەرزیشیی ئەوان جیا بێ وزۆر شتی تر. بەشێکیان بێکارن ولە ماڵەوە هەر خەریکی منداڵ بە خێوکردنن و ناتوانن بە هۆی زمان نەزانین کار بکەن وهەشن کە زمانیش بەشی خۆیان فیر بوون، بەڵام حەز بە تێکەڵ بوون بە بازاری کارەوە ناکەن ولە ماڵەوە دەمێننەوە. پیاوەکانیش کۆمەلێک گیروگرفتی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ئەویش لە نەزانینی زمان، ئاشنا نەبوون بە فەرهەنگی فینلاندی وبە چۆنیەتی شێوازی کارکردی دام ودەزگای فینلاندی، بێکاری،تەنیایی، کێشەی خێزانی وکۆمەلێک کێشەی دیکە خۆی دەردەخا . ژن و پیاوە کوردەکانیش تاڕادەیەکی بەرچاو بێ بەش نەبوون لەو گیروگرفت وکێشانە.

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی بەشێکی زۆر لە خێزانە کوردەکان تێکەڵاو نەبوون بە کۆمەڵگای فینلاندییە. کوردەکان زۆرتر لە ناو خۆیان دادەژین وبەشێکی زۆری پەیوەندیەکانیشیان هەرلە گەڵ یەکتر یان لە گەڵ خاریجیەکانی دیکەی دانیشتووی فینلاندە تاکوو فینلاندیەکان. هەڵبەت سارد وسڕی وداخراوبوون و جیاوازیی کولتوری فینلاندیش و جیاوازی ئاینیش دەوری سەرەکی دەبینن لەوەیکە کوردەکان نەتوانن بە پێی پێویست تێکەلاوی کولتوری فینلاندی وکۆمەڵگای فینلاند بین. هۆیەکی سەرەکیی دیکەش زمانی فینلاندیە کە زمانێکی قورسە بۆ فێر بوون ، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە یان خوێندەوارییان هەر نیە ویان ئاستی خوێندەواریان زۆرلە خوارێیە و جگە لە زمانی زگماکی هیچ زمانێکی دیکە نازانن. ئەوەش خۆی بەربەست دروست دەکا لە هەمبەر دروست کردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە نێوان کوردەکان وفینلاندییەکان.

لەم دوایانە دا لە لایەن چەند لێکۆلەرەوە لێکۆلینەوەیەک لە ژێر ناوی «بواری تەندروستی وگوزەرانی کۆچبەران لە فینلاند›› ئەنجام دراوە کە سێ نەتەوەی کورد وروس وسۆمالی دەگرێتە خۆ. ئەو لێکۆلینەوە بە پشتگری وەزارەتی تەندروستی وسۆسیالی فینلاند و بە هاوکاری یەکیەتیی ئەوروپا راپۆرتێکیان لە مەڕ تەندروستی وبواری گوزەرانی ئەو سێ نەتەوە لە فینلەندا بڵاو کردەوە. لە هەرکام لەو سێ نەتەوانە ١٠٠٠ کەس بۆ ئەو لێکۆلینەوانە دەست نیشان کراون وئاکامەکەی بە فەرمی بڵاو بۆتەوە کە بە نیسبەت کوردەکان زۆر جێگای نیگەرانیە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە کوردەکان بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر زۆرترین کێشەی دەرونی و تەندروستیان هەیە لەو وڵاتە دا.

مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە دوو ساڵی خایاندووە ئەوەبووە کە گرفتە سەرەکیەکانی پەنابەران و کۆچبەران گرێدراو بە بواری تەندروستی و گوزەرانەوە بخەنە ڕوو ولەورێگایەوە کەسانی بەرپرس وپسپۆران ودام ودەزگای حکومەتی وکاربەدەستانی شارەوانیەکان لەو گیروگرفتانە ئاگاداربن بۆ ئەوەی رێگا چارەیەک بۆ ئەو گیروفرفتانە بدۆزنەوە.

# کارەساتی شیناوێ، چەند سەرنج و تێبینی



مەسعود فەتحی

ئەمرۆکە لەولاتگەلی پێشکەوتوودا ئەو راستیە سەلمێندراوە کە، هیچ گەشەیەک بە بێ پەروەردە پێک نایە، هەربۆیە گرنگیدان بە پەروەردە و بە زانستی کردنی شێوازی پەروەردە وەک ئەرکی سەرەکیی دەولەتان دێتە ئەژمار، بۆ ئەم مەبەستەش پەروەردە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەر لە سەرەتای منداڵیەوە گرنگیەکی تایبەتی پیدەدرێ، بە واتایەکی دیکە ئەوان لە سەر پەروەردە کاری بنەڕەتی دەکەن، ئەوان خوێندنی منداڵانیان کردوە بە ئەرک و پێداویستیەکانی پەروەردە، کەرستەکانی یارمەتیدەری فێرکاری، وەرزش و کایەو کامپیوتر و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی جۆراجۆر و.. بەشێکن لە بەرنامەکانی پەردوەدە، کە لەلایەن شارەداریەکان و رێکخراوەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردەو پارێزگاکان و شار و ناوچەو گوندەکانەوە دابین دەکرێن و بە شێوازی شوورایی چاودێری وردی دۆخ و ئیمکاناتی خوێندن دەکەن، یەکێک لەو خاڵانەی کە ئاوێنەی باڵاوێنی گرنگی دان بە پەروەردەیە ساختمانی(فیزیکی قوتابخانەکان) قوتابخانەیە.

لە وڵاتێکی وەک ژاپۆندا قوتابخانەی منداڵان گرنگی زیاتری پێ دەدرێ هەتا زانکۆکان ، ئەڵبەت ئەم روانگەیە بە نیسبەت پەروەردە زۆرترین بەشی وڵاتانی پێشکەوتوو دەگرێتەوە، لە ژاپۆن ژوورێکی قوتابخانە بۆ پۆلێکی ئاسایی لە ژاپۆن ٧٤ میتر پانتایی هەیە، پانتایی قوتابخانەیەکی ٦ پۆلی ١٠ هەزار میتری چوارگۆشەیە، هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکان ژووری خوێندن ، ژووری بێهداشت، ژووری مۆسیقا، سالۆنی نان خواردن، شوێنی وەرزش و شوێنی «استخر»سەرپۆشراوی مەلە و گۆرەپانی فووتباڵی هەیە، هەر لە ساڵی ١٩٨٦ دا ٩٥ لە سەدی قوتابخانەکان سالۆنی وەرزشیی ٨٠٠ میتریان هەبووە، ٨١ لە سەدی قوتابخانە سەرەتاییەکان و ٧٠ لە سەدی قوتابخانەی ناوەندی حەوزی سەرداپۆشراو «استخر»ی مەلەیان هەبووە.

بەڵام لە ئێران ٣٠ لە سەدی قوتابخانەکانی ئێران ئاوی خواردنەوەیان نیە، ٨٠ لە سەدی کارمەندانی پەروەردە بەتایبەت مامۆستایان لە ژێر هێڵی هەژاریدان، پتر لە ٩٠ لە سەدی ئەو پارەیەی کە بۆ پەروەردە دابین دەکرێ دەچێتە خانەی مووچەی کارمەندانی پەروەردەوە و لە هەموان سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە یەک میلیۆن و نیو لە قوتابیانی ئێران لە قوتابخانەگەلێکدا دەرس دەخوێنن کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ تەمەنیەتی ، دەکرێ بڵێین ئەمە ئاوێنەی باڵاوینی سیستەمی پەروەردەیە لە ئێراندا، ئەمە بارودۆخی قوتابخانەکانی ئێرانە بە گشتی بەڵام لەوناوچانەی کە نەتەوەبندەستەکانی کورد و بەلووچ و تورک و عەرەبی لێ دەژین سەرەڕای هەژاری و کەمداهاتیی دانیشتوانی ناوچەکە هاوکات منداڵانیش لەنەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست دان و تەنانەت ئەمنیەتی گیانیشیان لە قوتابخانەکان لە ژێر مەترسیدایە.

بەم جۆرە بۆمان دەر دەکەوێ کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئاخوندیدا گرنگیدان بە پەروەردە لە چ ئاستێکدایە! ! بەڵام ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدراوە رێژەیەکی گشتیە ، ئەمە لە حاڵێکدایە بی ئیمکاناتی لە ناوەندی وڵات هەتا ناوچەکانی دیکەی ئێران لە ئاستێکی هێندە مەترسیداردایە کە گیانی قوتابیانی کورد و تورک و بەلووچ و عەرەبی خستووەتە مەترسیەوە.

سیستەمی پەروەردەی ئێران، لەو ناوچانەی کە نەتەوە بندەستەکانی لێدەژی زۆرتر ئامانجی سیاسی لە پشتە هەتا بواری زانستی و فێرکاری، ئەم هەڵوێستە شوڤێنیستیە تەنیا تایبەتمەندیی سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵکوو هەر لە سەرەتای دامەزراندی قوتابخانە(قوتابخانە بە واتا ئیمرۆییەکەی نەک حوجرە کە مێژوویەکی درێژی لە ئێران هەیە) لە ئێران هەتا ئەمرۆکە لە لایەن دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسەلاتی ئاخوندیەوە پێڕەو کراوە، ئەوەی ڕەزاشای باوک وەک سیاسەتی پەروەردە پێرەوی دەکرد درووستکردنی شوناسی «ئێرانی» بوو، وەک یەک نەتەوە بۆ هەموو گەلانی ئێران، شوناسێک لە سەر بنەمای دەولەت _میللەت، بەرێوە دەچوو و لە سەر ئەو ئەساسەش ناوەندگەراییەکی توند و شۆڤێنیستی پێوە دیار بوو، ئەوەی کۆماری ئیسلامیش لە ماوەی پتر لە ٣٠ ساڵدا پێرەوی کردوە شوناسێکی ئێرانی _ مەزهەبی «شێعە» بووە ، هەرچەندە دەسەڵاتی مەلاکان زۆرتر جەختی لە سەر بنەما ئایینیەکەی کردوەتەوە، بەڵام لە هەردوحاڵەتدا ئەم سیاسەتە وەهای کردوە کە حکوومەتی ناوەندی تەنیا لە بواری رەخساندنی هەل و دەرفەتەکان و «گزینشی››کردنی خوێندن بۆ نەتەوە بندەستەکان، هەتا ئیمکاناتی خوێندن و بینای قوتابخانەکان هەڵاواردنێکی زۆر پێرەو بکا.

کارەساتی شیناوێ یەکێک لە دڵتەزێنترین کارەساتەکانی ئەمساڵ بووە لە ڕۆژهەڵاتی کورستان، کە تێیدا ٣٨ کەس (قوتابی) بوونەقوربانی. بەڵام ئاگر کەوتنەوە لە قوتابخانەکانی ئێران بە سووتانی منداڵانی شیناوێ دەستی پێ نەکردوە و بە داخەوە پێ ناچی بەم کارەساتەش کۆتایی پێ بێ، بەڵکوو هەر ئێستاش منداڵانی چواردەوری ئێران مەترسی کارەساتگەلێکی لەو چەشنەیان لە سەرە. هەر لەم ساڵانەی دواییدا ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەکان، یان شوێنی حەوانەوەی قوتابیان و کەم ئەندامان وەک دیاردەیەکی مەترسیدار بووەتە هۆی ئەوەی کە دەیان قوتابی و خوێندکار ببنە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردنخواز و کەمتەر خەمیی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئێران، لێرەدا ئاماژە بە چەند وێنە لەو ئاگرکەوتنەوانە دەکەین،

١_ ساڵی ١٣٨٣ قوتابخانەی گوندی سقیلان لە ناوچەی چوارمەحاڵ و بەختیاری کە تێیدا ١٣ قوتابی بە توندی بریندار بوون،

٢_ساڵی ١٣٨٥ دروودزەن لە نزیکی ‹تخت جمشید››،

٣_ساڵی ١٣٨٩ بەلووچستان ئاگرکەوتنەوە لە شوێنی خەوی قوتابیان کە لە ژوورێکی ١٢ لە ٤ میتیردا ٩٠ قوتابی لێ دەژیا و بەداخەوە قوتابییەک گیانی لە دەست داو ١٤ قوتابی دیکەش بریندار بوون،

٤_ ساڵی ١٣٩٠ چابەهار (بەلووچستان) بە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە شوێنی خەوتنی قوتابیان ، ٢ کەس کوژران و ٣ کەس بە توندی بریندار بوون

٥_ ساڵی ١٣٩٠ بووشەهر، ئاگرکەوتنەوە لە شوێنی خەوتنی منداڵانی کەم ئەندام،

٦_ ئەمساڵیش(١٣٩١) کارەساتی قوتابخانەی کچانەی شیناوێ،

ئەوەی وەک خاڵی هاوبەش لەم ڕووداوانەدا بەرچاوە، ئەوەیە کە هەموو ئەو ئاگرانە لە لە ناوچەگەلێک کەوتوونەتەوە کە سەربە نەتەوە بندەستەکانی ئێرانن، کە بە درێژایی دەسەڵاتی پاشایەتی و ئاخوندی سیاسەتی هەڵاواردن بە نیسبەتی ئەو نەتەوانە پێڕەو کراوە.

بەڵام کارەساتی شیناوی لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەی کە پێشتر هاتبوونە ئاراوە جیاوازی هەبوو، لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵی ئەو جیاوازییانە دەکەین

١_ بینای قوتابخانەکە هەر بۆ ئەوە نەدەبوو کە کەڵکی لێ وەربگیرێ، چونکە زیاتر لە ٤٠ ساڵ بە سەر دروستکرنی ئەو بینایەدا تێپەڕیبوو، هەر بە هۆی خراپیی بیناکەش بووە کە گازکێشی بۆ نەکراوە. رۆژنامەنووس وچالاکی مافی مرۆڤ «ئەمیربابەکری» لە وتارێکدا بە ناوی «لە پەراوێزی کارەساتەکەی قوتابخانەی شیناوێدا» دەڵێ «ساڵی (٩٨) لەو قوتابخانەیە مامۆستا بووم بەشێکی بینای قوتابخانەکە بە هۆی دارمانی زەوی ئەگەری رووخانی هەبوو کەهەر رۆژ لەوانە بوو بڕۆخێ و لەگەڵ ئەوەشدا منالی تیابوو و لە بیرمە ئەوکات تەنانەت باس لەشێناژکردنی دەکرا کەبەرێوەبەری ئەوکات ئەو مەسەلەی باسدهکرد، بەڵام وادیار بوو ئەندازیارەکان تاکەرێگایان تێکدانی بینایەکە زانیبوو. ئێستا پاش چاردەساڵ دەبینین کە ئەو بینایە هەر ئەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت و ئەمەش نیشاندهدات کەتا چ رادەک گیانی مناڵانمان بەلای بەرپرسانی پەروەدەی هەرێمەکەو کاربەدەستانەوەگرنگە››

٢_ ئەو قوتابخانە لە لایەن خێرخوازێکەوە سازکرابوو بەڵام پاش ٤٠ ساڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی رژیم لە ئاست نوێژن کردنەوەی کەمتەرخەمیان نواندوە، هاوکات ٣٨ منداڵی ١٠ و ١١ ساڵان لەو پۆلەدا بوون کە نەبوونی ئیمکاناتی ئەو قوتابخانەیە لە ئاستێکدا بووە کە جگەلە نەبوونی کەپسوولی کوژاندنەوەی ئاگر، تەنانەت درگای قوتابخانەکە دەستگیرەی نەبووە.



٣_ هاوکات پاش رووداوەکەی شیناوی هێندێک پرسی دیکە هاتنە ئاراوە کە جێگای سەرنجن، لەوانە:

الف- بەشێک لە بریندارەکانی شیناوی بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانی لە نەخۆشخانەی شاری پیرانشار، بۆ دەرمان ڕەوانەی شارەکانی تەورێز و ورمێ کران، لێرەدا پرسیار دروست دەبێ، پیرانشار شارێکی سنووریە و داهاتێکی گومرکیی زۆری هەیە کە لە رێگەی فەرمانداری شارەکەوە دەچێتە خەزانەی دەوڵەتەوە. باشە رژیمی ئێران بۆچی هەر لە و داهاتە گومرکیە لانی کەمی خزمەتگوزاریی دەرمانی بە خەڵک ناکا هەتا لەئەگەری هاتنە ئارای هەر رووداوێکی نەخوازراوەوە نەخۆشخانەی شارەکە توانای پێڕاگەیشتنی هەبێ؟

ب) پاش رووداوەکە وەزیری پەروەردەی ئێران «حەمیدڕەزا حاجی بابایی›› لە وڵامی ئەگەری ئیستیزاحی ناوبراو لە لایەن مەجلیسی شۆرای ئیسلامیەوە وتی ، ئەی نوێنەرانی مەجلیس و رۆژنامەنووسان بۆ لە سەر کار لانەبرێن! رووداوێکی لەو چەشنە و تەنانەت لە ئاستێکی فرەخوارتریشدا لە هەر شوێنی دیکەی ئەم جیهانەدا بێتە ئاراوە بەدڵنیاییەوە وەزیری پەروەردە خۆی دەست لە کار دەکێشێتەوە. ئاخر لە وڵاتانی جیهان سیستەمی وڵات هەڵبژێردراوی خەڵکەو هەر پلەو پایەیەکی ئیداریش بەرپرسیاریەتی دروست دەکا ، بە دڵنیاییەوە ئەگەر لە شوێنێکی وەک تارانی پێتەخت رووداوی لەم چەشنە ڕوو بدا دیسان وەزریری پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە جیدی دەکەونە ژێر پرسیار، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دەدا لە ڕەدەکانی خوارەوە کەس یان کەسانێک بە تاوانبار بناسێنن هەر لەو پەیوەندیەشدا لە راپۆرتێکی ویدیۆیی کە لە «خبرآنلاین›› بڵاو بووەوە هەوڵی رژیم بۆ تاوانبار کردنی مامۆستای قوتابخانەکە بوو.

کارەساتی شیناوێ و هەڵوێستە نابەرپرسانەکانی کاربەدەستانی رژیم جارێکی دیکە برینەکانی خەڵکی کوردستانی کولاندەوە و لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە نارەزایەتی زۆری لێکەوتەوە، هەڵوێستی کۆمەڵگای کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە دەرەوەو وناوخۆی کوردستان لەم بارەوە جێگەی سەرنج بوو، نیشاندانی نارەزایەتی خوێندکارانی کورد لە شارەکانی نێوخۆی کوردستان بە تایبەت خۆپیشاندانی خوێندکارانی مەهاباد و دەرکردنی سکاڵانامەی خوێندکارانی مەریوانی و بانگەوازی چالاکانی مەدەنی کورد بۆ دیاریکردنی رۆژی ٥ شەممە ٢٣ ی سەرماوەز وەک رۆژی ماتەمینی خەڵکی کوردستان و پشتیوانی ئەوبانگەوازە لەلایەن حیزب و رێکخراوە کوردیەکانەوە،وەک هەڵوێستێکی هاوبەش کارێکی پیرۆزو نیشانەی وریایی کۆمەڵگای مەدەنی، سیاسیی کوردستانە، لە گەڵ ئەوەشدا مەزڵوومیەتی منداڵانی کورد دەنگی نارەزایەتی لە لایەن بەشێک لە فارسەکانەوە بەرزکردوە . هاوکات لە کاردانەوە بە دژی وتەکانی وەزیری پەروەردەی ئێران لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی سەیران یەگانە قوتابی گیان بەخت کردووی ئەو رووداوە و سەرجەم قوربانیانییەکان، لە رۆژی ٩/٢١ دا کورەیەکی نەوتیان بردە بەردەم وەزارەتی پەروەردەی ئێران و وەک نارەزایەتیەکی سەمبوولیک پێشکەشی وەزیری پەروەردەیان کرد هەتا ژووری کارەکەی خۆیشی بە کورەی نەوتی گەرم بکا.

# مه‌رگی بێ‌ده‌نگ

## (خه‌سارناسیی زمانی زگماکی له‌نێو کورده‌کانی باکووری خوراسان)

شیرین ده‌وڵه‌تپوور ـ ده‌رگه‌ز

(به‌شی دووهه‌م و کۆتایی)

و: سیروان موساپوور

( له ژماره‌ی پێشووی «کودستان» دا باس له سێ هۆکار له هۆکاره‌کانی لاوازبوون و په‌ره‌نه‌ستاندنی زمانی کوردی له‌نێو کوردانی باکووری خوراسان کرا، له به‌شی دووهه‌م وله درێژه‌ی هه‌مان بابه‌تدا باس له پێنج هۆکاری دیکه ده‌کرێت)

**٤ ـ نه‌بوونی ئه‌لف و بێی نووسراوه‌یی**

جیا له نووسراوه ئه‌کادیمییه‌کانی وه‌ک کتێب یان وتار، جاری وایه نووسینی نامه، پیرۆزبایی، بانگهێشت کردن، په‌یامێکی بچووک یان قسه‌یه‌کی خۆش به زمانی زگماکیی له‌نێو خه‌ڵکدا ده‌توانێ ئیعتبار و بایه‌خێکی کلتووری و کۆمه‌ڵایه‌تی به‌و زمانه ببه‌خشێ و پێشوازیی خه‌ڵک له‌و زمانه زیاتر بکا. به‌ڵام کوردی خوراسان هیچ وێنایه‌کی له خوێندن و نووسین به زمانی زگماکیی خۆی نییه و چاوه‌ڕوانی ئه‌وه ناکا که زمانه‌که‌ی بتوانێ شیاوی فێرکردن و خاوه‌نی پێکهاته‌ی نووسراوه‌یی بێ. ته‌نیا له چه‌ند ساڵی دواییدا به په‌ره‌سه‌ندنی پێوه‌ندییه‌کان و له‌ژێر کاریگه‌ریی ره‌وته کلتوورییه‌کانی کوردستان، پێکهاته‌کانی نووسراوه‌یی ئارامی و لاتین به زمانی کوردی، ئه‌ویش ته‌نیا له به‌ینی به‌شێکی که‌م بۆته باو و بڵاو بۆته‌وه.

له‌لایه‌کی دیکه به‌کارهێنانی ئه‌لفوبێ لاتینی کرمانجی تورکیا بێ‌سه‌رنجدان به جیاوازییه زاراوه‌ییه‌کان و روانینی خۆماڵییانه، له بابه‌ته نوێیه‌کانی دیکه‌ی ئه‌م ساڵانه‌ی دوایی له‌نێو کوردانی باکووری خوراسانه که به جۆرێک فێربوون، خوێندنه‌وه و نووسینی کرمانجیی له‌نێو توێژی ئاسایی ئه‌م کۆمه‌ڵگه‌یه‌دا دژوار کردوه. زۆر له نووسه‌ران و چالاکانی فه‌رهه‌نگیی کورد له خوراسان، یه‌که‌مین شێوه بۆ خوێندنه‌وه و نووسین به زمانی زگماکییان هه‌ر له هه‌نگاوی یه‌که‌مه‌وه به‌م شێوازه ده‌ست پێکردووه و به‌م کاره ده‌یانهه‌وێ رێگه‌ی سه‌د ساڵه به شه‌وێک ببڕن، بێ‌خه‌به‌ر له‌وه که ئه‌م کاره پێویستی به به‌ستێن خوڵقێنی، راهێنان و گه‌شه‌ی وشیاری و زانیارییه. ئه‌وه که زۆربه‌ی سه‌رچاوه کرمانجییه‌کان به الفوبێ لاتین بووه و کورده‌کان ده‌بێ بۆ که‌ڵکوه‌رگرتن لێی شاره‌زای ئه‌م الفوبێ و رێنووسه بن و هه‌روه‌ها بتوانن به‌رهه‌م و نووسراوه‌کانی خۆیان بخه‌نه به‌رده‌م کورده‌کانی دیکه‌ش، شیاوی سه‌رنجه به‌ڵام به ئاگاداربوون له‌وه که پێکهاته‌ی زمانی فێرکاریی فارسی له‌سه‌ر بنه‌مای الفوبێ ئارامییه، رێگه‌ی باشتر ئه‌وه‌یه که هه‌نگاوی یه‌که‌م بۆفێربوونی زمانی کوردی له‌نێو کوردانی خوراسان، که‌ڵکوه‌رگرتن له الف و بێ ئارامی کوردییه و وادێته به‌رچاو که ئه‌م شێوازه بۆ فێربوون ساده‌تر و به‌سوودتر بێ و پێشوازییه‌کی زیاتریشی لێبکرێ. شایانی ئاماژه‌پێدانه که له چه‌ند ساڵی دواییدا به هه‌وڵی دامه‌زراوه‌ی کرمانج، له قوچان، نووسینی کارتی پیرۆزبایی و ده‌عوه‌تنامه به زمانی کوردی و به الفوبێ ئارامی بره‌وی سه‌ندووه و ئه‌مڕۆکه له لایه‌ن کرمانجه‌کانه‌وه پێشوازییه‌کی زیاتری لێکراوه به شێوه‌یه‌ک که هه‌ر که‌سێکی ئاسایی ده‌توانێ رسته‌کانی به زمانی کوردی بخوێنێته‌وه و لێیان تێ‌بگات، شتێک که له دوو ده‌یه‌ی رابردوودا له‌وانه‌یه که‌س فکریشی بۆی نه‌چووبا.

**٥ـ لاوازیی ئه‌ده‌بیاتی مناڵان و به‌رهه‌مه کلتوورییه‌کان له بواری مناڵاندا**

نه‌بوونی نووسراو و به‌رهه‌مه فه‌رهه‌نگی و ئه‌ده‌بییه‌کان به زمانی کوردی وه‌ک کتێب، گۆڤار، فیلمی کارتۆن و (سی دی)ییه فێرکارییه‌کان بۆ مناڵان یه‌کێک له بۆشاییه بنه‌ڕه‌تی و سه‌ره‌کییه‌کان له‌نێو کوردانی خوراسان دایه. چیرۆکه‌کان، لایی لایی و داستانه شیرین و پڕ له ئامۆژگارییه‌کان که دایکانی کورد له سه‌رده‌می مناڵیدا بۆ مناڵه‌کانیان ده‌گێڕایه‌وه هیچ یه‌کیان له باکووری خوراسان تۆمار نه‌کراون و به نه‌مانی هه‌ر یه‌ک له‌م که‌سه گه‌ورانه، ئه‌و میرات و که‌له‌پووره زاره‌کییه‌شیان



له‌گه‌ڵی مردووه و له‌نێو چووه. کوردی خوراسان له بواری مناڵاندا خاوه‌نی ئه‌ده‌بیاتێکی فۆلکلۆری ده‌وڵه‌مه‌نده، به‌ڵام کۆنه‌کردنه‌وه و نه‌گه‌یاندنیان به ئێستا له شکڵی به‌رهه‌می وێنه‌داری کلتووری بۆ مناڵان بۆته هۆی ئه‌وه که ته‌واوی تواناییه‌کانی ئه‌م زمانه له بواری ئه‌ده‌بیاتی مناڵاندا به‌بێ‌ده‌نگی بمێنێته‌وه.

ئه‌مڕۆکه زۆر له چالاکه فه‌رهه‌نگییه‌کان له‌م ناوچه‌یه‌دا هه‌م توانایی ماددی و هه‌م توانایی نووسه‌ریی و ئه‌ده‌بییان هه‌یه که ساڵانه چه‌ند به‌رهه‌مێک له جۆره‌کانی ئه‌ده‌بیاتی مناڵان بۆ مناڵانی کوردی خوراسان بنووسن و بیخه‌نه‌ڕوو، به‌ڵام هیچکات بیریان له پێویستبوونی وه‌ها شتێک نه‌کردۆته‌وه. ئه‌و پووڵ و سامانه‌ی که له جه‌ژن و زه‌ماوه‌نده‌کاندا به زیاده‌وه خه‌رج ده‌کرێ، ئه‌گه‌ر له پێناو ئه‌م جۆره ئامانجه کلتوورییانه‌دا به‌کار بهێنرێ تا راده‌یه‌ک ده‌توانێ ئه‌م زمان و کلتووره له‌م قه‌یرانی فه‌رامۆشی و له‌بیرکراوییه رزگار بکا.

**٦ـ لاوازیی راگه‌یه‌نه‌گشتییه‌کان**

رادیۆ و ته‌له‌ویزیۆنه ئوستانییه‌کان وه‌ک راگه‌یه‌نێکی گونجاو و خاوه‌ن لایه‌نگری زۆر، رێگه‌یه‌کی باشی بڵاوکردنه‌وه، پاراستن و گه‌شه‌پێدانی شێوه‌زاره خۆماڵییه‌کان دێنه ئه‌ژمار و ئامانج له دامه‌زراندن و وه‌کارخستنی که‌ناڵه ئوستانییه‌کانیش یارمه‌تیدانی پاراستنی کلتووری و ئه‌م شێوه‌زاره خۆماڵییانه بووه. له باکووری خوراسان به هۆکارگه‌لی جوغرافیایی و بڵاویی کورده‌کان له دوو پارێزگای خوراسانی باکوور و ره‌زه‌وی و کۆنه‌بوونه‌وه‌یان، ده‌رفه‌تی دامه‌زرانی وه‌ها که‌ناڵێکی به‌هێز و شوێندانه‌ر له خه‌ڵکی کورد ئه‌ستێنراوه‌ته‌وه. له دوو پارێزگای خوراسانی باکووری و ره‌زه‌وی، به‌شی خه‌ڵکی کورد له راگه‌یه‌نه لۆکاڵییه‌کان، ته‌نیا نیو کاتژمێر به‌رنامه‌ی رادیۆیی به زمانی زگماکییه که ئه‌ویش به بڵاوکردنه‌وه‌ی به‌رنامه‌ی دووپاتکراو و چه‌ند پارچه مۆسیقایه‌ک سه‌ر و بنی وێک دێته‌وه و ته‌واو ده‌بێ. جاری وایه فیلمه دیکۆمێنتی و به‌رنامه ته‌له‌ویزیۆنییه‌کانیش که له ناوچه کوردنشینه‌کان به‌رهه‌م دێن، به زمانی فارسییه و خه‌ڵک له‌وانیشدا به زمانی زگماکیی خۆیان ناپه‌یڤن. هه‌ر بۆیه نه ته‌نیا هیچ که‌ڵکه‌ڵه و پێویستییه‌ک له خه‌ریکبوون به زمانی زگماکیی له لایه‌ن کاربه‌ده‌ستان و به‌رنامه‌دانه‌رانی ئه‌م ناوچه‌یه هه‌ست پێ‌ناکرێ، به‌ڵکوو هه‌وڵ ده‌درێ ناوچه‌که به ره‌وتێکی ئارام و له‌سه‌رخۆ به‌ره‌و یه‌کده‌ستی و یه‌ک شێوه‌یی بچێته پێش. له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و قسانه‌ی له‌م باره‌وه کران، به سه‌رنجدان به‌وه که کوردانی خوراسان له پارێزگایه‌کدا جێگیر نین و حه‌شیمه‌تێکی به‌رفراوان و شیاوی گرینگی پێدان له‌خۆ ده‌گرن، پێویستیی به راگه‌یاندنێکی ناوچه‌یی سه‌روو ئوستانی که بتوانێ پێداویستییه کلتووری ـ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی ئه‌م خه‌ڵکه دابین بکا، به توندی هه‌ست پێ‌ده‌کرێ.

**٧ـ نه‌بوونی چاپ و بڵاوکراوه‌ی کوردی**

زمانناسان رۆڵی شێعر و به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه‌کان له پاراستن و به‌زیندوویی راگرتنی زمان به رۆڵێکی دیار و یه‌کلاکه‌ره‌وه ده‌زانن. دوکتۆر حه‌قشناس، زمانناسی ئێرانی ده‌ڵێ:»ئه‌من رازی مه‌رگی زمانه‌کان له راوه‌ستان و نه‌زۆکیی شیعری ئه‌و زمانه‌دا ده‌بینم، هه‌ر زمانێک ئه‌و کاته ده‌مرێ که دوایین شاعیری مردبێ«. هه‌ر بۆیه به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه خۆماڵییه‌کان جیا له به‌نووسین ده‌رهێنانی فه‌رهه‌نگی گشتی و هێنانه‌سه‌رکاغه‌زی هه‌ستی شاعیرانه، ده‌توانێ به به‌ها و زیندوویێتی شێوه‌زار و زمانه‌کانیش زیاد بکا. به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه کوردییه‌کان چه‌ند ساڵێکه له باکووری خوراسان بره‌ویان سه‌ندووه و شاعیر و ئه‌دیبگه‌لێک ده‌رکه‌وتوون که به‌م زمانه شێعر ده‌ڵێن و ده‌نووسن. نموونه‌ی دیار و به‌رچاوی ئه‌م شته هۆنراوه‌ی «جیکسای» به هه‌وڵی مامۆستا حه‌سه‌ن ره‌وشانه که به‌ڕاستی بایه‌خی ته‌واوی پێ‌داوه. هه‌رچه‌ند له‌م نێوه‌دا به‌رهه‌می ساده، نازانستی و ناکارناسانه‌ش به‌رچاو ده‌که‌ون که جێی خۆیه‌تی ره‌خنه‌یان لێ بگیرێ. نموونه‌شیان کتێبی که‌سێک به ناوی محه‌مه‌د.م که تێیدا، شێوه‌زاری کرمانجی به لقێک له زمانی فارسی زانیوه و هه‌تا ئاستی زاراوه‌یه‌ک دایده‌به‌زێنێ! که به‌داخه‌وه ئه‌م کتێبه به پێشه‌کی که‌سانێک چاپ کراوه که خۆیان له نووسه‌ران و چالاکه فه‌رهه‌نگییه‌کانی ئه‌م ناوچه‌یه دێنه ئه‌ژمار. مه‌به‌ست له‌م جۆره ره‌خنانه، بێ‌ڕێزی به که‌س یان گرووپێکی تایبه‌ت نییه. به‌ڵکوو مه‌به‌ست ته‌نیا به‌کارهێنانی وردیی و دووربینیی زیاتر له نووسین و لێکۆڵینه‌وه دایه. زۆر له شاعیران، نووسه‌ران و چالاکه فه‌رهه‌نگییه‌کانی کوردی باکووری خوراسان یا هه‌نووکه‌ش له نۆستالۆژیای رابردوو و خه‌ونی گه‌ڕانه‌وه بۆ ژیانی هۆزایه‌تی و عه‌شیره‌تی و گه‌ڕان له پاکیی و راستگۆیی ئه‌و سه‌رده‌مدا به‌سه‌ر ده‌به‌ن و یان نووسراوه‌کانیان باس له بابه‌تگه‌لی مێژوویی و چه‌ندپاتکراو ده‌که‌ن که هیچ گرێیه‌ک له کێشه هه‌نوکه‌ییه‌کانی ئێمه ناکه‌نه‌وه. له‌حاڵێکدا که ژیانی مۆدێرنی ئه‌مرۆ وه‌ک کۆمه‌ڵگه‌کانی دیکه، بابه‌ت و کێشه‌ی نوێی خستۆته به‌رده‌می ئێمه که ئه‌ده‌بیات و دیسکۆرسی تایبه‌ت به‌خۆی ده‌وێت. گرفته‌کانی وه‌ک قه‌یرانی شوناس، ژینگه، نه‌خوێنده‌واری، هه‌ڕه‌شه له زمانی زگماکی، گیرۆده‌یی، لێکهه‌ڵوه‌شانی بنه‌ماڵه، پیاوسالاری، مافه‌کانی ژن و ... که ئه‌مڕۆکه کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی خوراسانیش ده‌ست و په‌نجه‌یان له‌گه‌ڵا نه‌رم ده‌کا، ئه‌و بابه‌تانه‌ن که که‌متر باسیان لێده‌کرێ. له بیاڤی چاپه‌مه‌نی کوردیشدا ئه‌م ناوچه‌یه زۆر هه‌ژاره و ده‌توانرێ بگوترێ که له ئێستادا هیچ بڵاوکراوه‌یه‌کی تایبه‌ت به زمانی کوردی تێدا بڵاو نابێته‌وه. بڵاوکراوه‌ی وه‌ک کرمانج و (هزار مسجد)یش که تایبه‌ت به کورده‌کانی باکووری خوراسان بوو و جاروبار باسی بابه‌ته‌کانی ئه‌و ناوچه‌یه‌یان ده‌کرد، ئیتر بڵاو نابنه‌وه.

**٨ـ لاوازیی رێکخراو و ئه‌نجومه‌نه فه‌رهه‌نگی ـ مه‌ده‌نییه‌کان**

ئه‌نجوومه‌ن و رێکخراوه مه‌ده‌نییه‌کان که له ده‌یه‌ی رابردوو له‌نێو کوردانی خوراسان شکڵیان گرتووه زیاتر له‌ژێر کاریگه‌ریی که‌شی سیاسی و بزاڤه خوێندکارییه‌کاندا بووه که چالاکییه‌که‌یان هێنده رێکوپێک، به‌رده‌وام و به‌هێز نه‌بووه و ته‌نیا سه‌رکه‌وتنیان زیندووکردنه‌وه و به‌ڕێوه‌بردنی رێوڕه‌سمه‌کانی زه‌ماوه‌ند، دابونه‌ریته‌کان، مۆسیقا، جل‌وبه‌رگ و هه‌ڵپه‌ڕکێی کوردی بووه و گرینگییه‌کی ئه‌وتۆیان به زمانی کوردی له‌و ناوچه‌یه نه‌داوه. له بواری ئه‌نجومه‌ن و ریکخراوه مه‌ده‌نییه‌کان ده‌بێ پێداگیری له‌سه‌ر دامه‌زراندنی رێکخراوگه‌لی خه‌ڵکیی و به‌هێز بکرێته‌وه که بتوانێ له پێناو پاراستن و بردنه‌سه‌ری لایه‌نه جیاوازه‌کانی کلتووری کوردی خوراسان هه‌نگاو هه‌ڵێنێته‌وه. بۆ نموونه پێکهێنانی ئه‌نجومه‌نی مۆسیقای کوردی باکووری خوراسان، ئه‌نجومه‌نی داکۆکی له زمانی زگماکی، پاراستنی هه‌ڵپه‌ڕکێ و رێوڕه‌سمه کوردییه‌کان، پشتیوانی و زیندووڕاگرتنی شوێنه‌وار و پیشه ده‌ستییه کوردییه‌کان، ئه‌نجومه‌نی توێژینه‌وه‌ی کلتووریی گشتی و ... له‌و دامه‌زراوه مه‌ده‌نیانه‌ن که نه‌بوون و بۆشاییان له باکووری خوراسان له ته‌واوه‌تی هه‌ست پێ‌ده‌کرێت. بێجگه له‌مه‌ش، زۆر له کوردانی ئه‌م ناوچه‌یه بێجگه له شاره‌کانی باکوری خوراسان، ئێستاکه له شاره گه‌وره‌کانی وه‌ک تاران، که‌ره‌ج، مه‌شهه‌د و گورگان نیشته‌جێن و بڵاو بوونه‌ته‌وه و ئاگایان له یه‌کتر نییه و ناوه‌ندێکی پێوه‌ندیی یان ئه‌نجومه‌نێکی فه‌رهه‌نگیی به‌هێزیان پێک نه‌هێناوه که جاروبار له ده‌وی یه‌کتر کۆیان بکاته‌وه و به جۆرێک پێکه‌وه‌یان لێک نزیک بکاته‌وه و یارمه‌تی گه‌شه و بردنه‌سه‌ری شوناس و یه‌کگرتوویی کلتووری ئه‌وان بدا..

هه‌روه‌ک ئاماژه پێ‌کرا، کۆچکردن ده‌توانێ ببێته هۆی به‌رهه‌مهێنانی دژه‌نۆرم و گرفته کۆمه‌ڵایه‌تی و کلتوورییه‌کان له کۆمه‌ڵگه‌ی نوێدا. یه‌کێک له رێگه‌کانی به‌ربه‌ره‌کانی له‌گه‌ڵا ئه‌م دواهاته خراپانه، پێکهێنانی دامه‌زراوه و ئه‌نجومه‌نه مه‌ده‌نییه‌کان بۆ گرووپه کلتوورییه کۆچبه‌ره‌کان له کۆمه‌ڵگه‌دایه. به‌م کاره کۆچبه‌ران له شوێنی نوێ، به پاراستنی به‌ها و تایبه‌تمه‌ندییه کولتوورییه‌کانی خۆیان، ده‌توانن له پێناو گه‌شه‌پێدانی فه‌رهه‌نگی کۆمه‌ڵگه‌ی نوێش هه‌نگاو هه‌ڵێننه‌وه. بۆ نموونه که‌مایه‌تیی ئه‌رمه‌نی کۆچبه‌ر که به‌شێوه‌ی که‌مینه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی له هه‌ندێک له شاره‌کانی ئێران ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن، بێجگه له پاراستنی شوناسی خۆیان توانیویانه خزمه‌تی کلتوورییش پێشکش به‌م شارانه بکه‌ن. یان گورجییه‌کانی ئیسفه‌هان که نزیکه‌ی ٤٠٠ ساڵا پێش به فه‌رمانی شا عه‌بباسی یه‌که‌م له وڵاتی گورجستان بۆ ئێران کۆچیان پێ‌کرا و نیشته‌جێ‌کران و ئه‌مڕۆکه توانیویانه ته‌نانه‌ت به تێپه‌ڕینی ساڵانێکی زۆریش، زمانی زگماکیی خۆیان له هه‌ر چه‌شنه ده‌ستکارییه‌ک، بپارێزن و میراتی کلتووریی خۆیان گه‌شه و په‌ره پێ‌بده‌ن . یان ده‌توانین وه‌ک نموونه ئاماژه به کۆمه‌ڵگه‌ی زه‌رده‌شتیان له هیند یان که‌مینه‌ی کورد له قه‌زاقستان و رووسیا بکه‌ین.

له په‌نا ئه‌و هۆکارانه‌ی باسیان کرا ده‌توانرێ ئاماژه به دووربوونی جوغرافیایی له نیشتمانی سه‌ره‌کی و نه‌بوونی کارلێک و بێ‌ئاگایی له ره‌وته کلتوورییه‌کانی کوردستان، لاوازیی خوێنده‌واری له ناوچه و سیستمی فێرکاریی یه‌ک زمانه بکرێ که هه‌ر یه‌کێکیان به نۆره‌ی خۆی له دیارده‌ی راکردن له زمانی زگماکی له‌نێو کوردانی باکووری خوراساندا کاریگه‌ریی خۆیان هه‌بووه. بۆ هه‌موومان ئاشکرایه که گرینگترین فاکته‌ری شوناسیی هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌ک، زمانه‌که‌یه‌تی. له ماوه‌ی سه‌عاتێکدا ده‌کرێ جل‌وبه‌رگی کوردی له جه‌ژنه‌کاندا له‌به‌ر بکرێ و دابنرێ، به‌ڵام هیچ کات له سه‌عاتێکدا ناتوانرێ زمانی کوردی فێر ببی. پۆشینی جل‌وبه‌رگی کوردی و هه‌ڵپه‌ڕکێی گرووپی له جه‌ژنه‌کاندا زۆر دیمه‌نی جوانن، به‌ڵام جوانتر و گرینگتر له‌وه قسه‌کردن به زمانێکه که ئه‌گه‌ر نه‌سڵی ئێمه بڕیاری پاراستنی نه‌دا، بنچینه‌ی مه‌سه‌له‌ی کوردبوونی ئێمه ره‌ش ده‌بێته‌وه و خۆمان له مه‌رگی شوناسی خۆماندا زۆرترین ده‌ور و رۆڵمان گێڕاوه. ئه‌ویش مه‌رگێکی له‌سه‌رخۆ و ته‌واو بێ‌ده‌نگ.



**له گۆڤاری «مه‌هاباد» ژماره ١٣٨ وه‌رگیراوه**

# بەیتی کوردی لە خوێدنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیک‌دا



ڕەهبەر مەحمودزادە

بەشی دووهەم

بەر لەوەی بپەرژێینە سەر چۆنیەتی وەدی هاتنی ئاڵ و گۆڕ لە فۆرمی بەربڵاوی بەیتی کوردی دا، با بە شێوەیەکی بەراوردکارانە، ئاوڕ لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیک بدەینەوە و قسە لە سەر قالبێکی شێعری کلاسیک بکەین کە لکی چکۆلەتری لێ بووەتەوە و دواتر ئەم لکە وەکوو قالبێکی تازە لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیکدا بەڕەسمی ناسراوە، ڕووداوێک کە لە بەستێنی بەیتی کوردیش دا ڕووی داوە بەڵام زۆرکەم ئاوڕی زانستی لێ دراوەتەوە.

قەسیدە قالبێکی شێعریی زۆر گرینگ لە شێعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی دایە، گرینگی قەسیدە بێژی لە شێعری عەرەب دا تەنانەت بۆ دەورانی بەر لە ئیسلامیش دەگەڕێتەوە و ئەو حەوت پارچە قەسیدە فەسیح و بەلیغە کە بە «معلقات سبع» ناویان دەرکردووە و دەڵێن هۆنراوەی حەوت شاعیری بە نێوبانگی عەرەبی زەمانی جاهیلین و وەختی خۆی لە دیواری کابە هەڵاوەسراون، شاهیدی ئەم بۆچوونەن. فارسەکان ئەم قاڵبە شێعرییەیان لە عەڕەبەکان وەرگرتووە و بۆ مەدحی پادشا و ئەمیرە گەورەکانیان بە کاریان هێناون. (لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی دا، حکوومەتێکی نەتەوەیی بەهێز نەبووە کە بە دیاریکردنی ناوەندێک، حوکم بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتی کوردان دا بکا، یان ئەگەر هەبووە وەکوو نموونەی فەرمانڕەوایی بەدرخان، زۆرکەم خایەن بووە، هەر بۆیە دەرباری ئاواش نەبووە کە بە پووت زێڕ و زیو بخاتە بەردەمی ئەو شاعیرە مەدداح و پەسن بێژانەی کاریان هەر بەتەنیا هۆندنەوەی قەسیدەی مەدحی بێ. ئەوەتا لە ئێرانیش دا، لە سەدەی شەشەم و حەوتەم بەم لاوە، بە دوای تێک چوونی فەرمانڕەواییەکی بەهێزی ناوەندی لە ئاکامی هێرشی مەغوول دا، گوتنی قەسیدەش بەم شێوەیە لەناو چوو و قەسیدە بێژەکانیش لە مەدحی پادشاکانەوە بایان داوە بۆ پەسنی وەلی و پیاوچاکان.

قەسیدە پارچە شێعرێکی درێژە و تەنانەت جاری وایە هەتا حەفتا بەیتیش خۆی لە بەریەک دەکێشێتەوە. ئەم قاڵبە شێعرییە لە چوار بەش پێک دێ. بەشی یەکەم (تەشبیب)ی پێ دەڵێن. وشەی تەشبیب کە لەگەڵ وشەی (شباب) هاوریشەیە، بەمانای یادکردنەوەی هەڕەتی لاوی یە. لەبەر ئەوەی قورسایی زۆرتری هەست و سۆزی ئەم دەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی و ئەویندارای، کەواتە ئەم بەشەی قەسیدە، زیادتر لەخۆگری شێعری ئەویندارانەیە. هەربۆیە ئەو بەشە سەرەتاییە، جگە لە (تشبیب) بە (تغزل) واتە گوتنی شێعری ئەویندارانە و هەروەها بە (نسیب) واتە گوتنی شێعری ناسک بۆ ژنانیش ناسراوە. دیارە لە بەر ئەوەی بەشی سێهەمی قەسیدە، مەدح و پێهەڵگوتنی پیاوێکی گەورە لە خۆی دەگرێ، دەبێ شاعیر بتوانێ بە شێوەیەکی زیرەکانە بەشی یەکەم یان بەشی تەشبیب لە بەشی سێیەم واتە بەشی مەدح گرێ بدا و لێکیان ببەستێتەوە. ئەوبەشەی کاری ئەو پێوەندی ساز کردنە ماناییە دەکا (تخلص)ی پێ دەڵێن کە بەشی دووەمە و سەرکەوتنی بەرچاوی شاعیریش بۆ ڕێکخستنی ئەم پاژە کە ئەگەرچی لە هەموو بەشەکانی دیکەی قەسیدە کورت ترە بەڵام لە هەمووشیان دژوارترە، (حسن تخلص)ی پێ دەگوترا. دوای بەشی مەدح کە زۆرترین پێوانە لە ڕووبەری قەسیدەکە دەگرێتەوە، لە دوایین بەشی دا کە (شریطە)ی پێ دەڵێن، شاعیر دوعای بەخێر بۆ کەسایەتییە گەورەکە (مەمدووح) دەکا و لە بەر ئەوەی شاعیری قەسیدە بێژ لەم بەشەدا زۆرتر هیوای تەمەن درێژی هەتاهەتایی و ژیانی ئەبەدی بۆ مەمدوح دەخواست، ئەم بەشە، (دعای تابید)یشی پێ دەگوترێ کەبەمانای دوعای هەتا ئەبەد مانەوەیە.

نموونەیەک لەم قەسیدە مەدحییانە بەهەر چوار بەشەکانییەوە ئەم پارچە شێعرەی خاقانی یە:

(تشبیب)

ما فتنه بر توایم و تو فتنه بر آینه
ما را نگاه در تو، ترا اندر آینه
تا آینه جمال تو دید و تو حسن خویش    تو عاشق خودی،
ز تو عاشق تر آینه
.........
در آینه دریغ بود صورتی کزو
ببیند هزار صورت جانپرور آینه

(تخلص)

از روی شاه گیرد نور و ضوء آفتاب
و ز روی تو پذیرد زیب و فر آینه





(مدح)

سلطان اعظم آنکه اشارات او زغیب
چونان دهد نشانی کز پیکر آینه
شاهنشهی که بهر عروس جلال اوست
هفت آسمان مشاطه و هفت اختر آینه

(شریطه)

بادت جلال و مرتبه چندان که آسمان
هر صبحدم برآورد از خاور آینه

ئەوە قاڵبی تایبەتی و فۆرمی گشتی قەسیدە بوو. بەڵام ئەم بابەتەی دەمانهەوێ لەم وتارە دا جەختی لەسەر بکەین، باسێکی واوەی باسی ئەم قالب و فۆرمەیە. قەسیدە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی دوور و درێژ بوو و بێبەری بوو لە تایبەتمەندی کورت برینەوە و لە لایەکی تریشەوە لە بەرئەوەی بەردەنگەکەی هەر بەتەنیا کەسێک یان کەسانێکی تایبەت بوون، وێڕای ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی باسمان کردن، بەرەبەرە لە کورتی و لە کزی دا. بەڵام لە جیاتی ئەو، بەشی یەکەمی واتە تەشبیب هەم لە بەر ئەوەی ناسک ترین و هونەری ترین بەشی قەسیدە بوو و هەم لەبەر ئەوەی سەرنجی جەماعەتێکی یەکجار زۆری بۆلای خۆی ڕادەکێشا، بەرەبەرە لە قەسیدە جودا بووەوە و وەکوو قاڵبێکی شێعریی سەربەخۆ بە ناوی «غەزەل» ناوی دەرکرد. لە غەزەلدا بەگوتەی نووسەرێکی ئێرانی، مەعشووق جێگای بە مەمدووح لێژ کرد و بە سیمایەکی دڵڕفێنی ئەوتۆ کە تێکەڵاوێک بو لە سێ سیمای مەعشووق و مەعبود و مەمدووح، هاتە مەیدانی شێعری کلاسیک. لەبەر ئەوەی شاعیر لە قەسیدەدا، بەر لە دەستپێکردنی بەشی مەدح، تەخەللوسی بەناوی مەمدووحەکەوە دەکرد، دوای لەکزی دانی قالبی قەسیدە و وە ڕمێن کەوتنی قالبی غەزەل، تەخەللوس بوو بە کۆتایی غەزەل و شاعیر لە جیاتی ناوی مەمدووح، ناوی خۆی دەهێنا.

غەزەل تا ئەو ڕادەیە لە لایەن شاعیران و شێعرناسانەوە گرینگی پێ درا کە دیوانی زۆریەک لە شاعیرە گەورەکان، لە ڕاستیدا دیوانی غەزەلیات بوو. بەڵام دیسان ئەو قسەیە هەتا ئێستاش لە سەرزاری شێعرناسان بووە کە: «غەزەل تەشبیبی قەسیدەیە». بەم شێوەیە غەزەلێک کە ئەوپەڕی هەتا دە بەیت درێژ دەبووەوە جێگای قەسیدەی حەفتا بەیتی گرتەوە و ناوەڕۆکی تەڕی وەسفی ئەویندارانە جێگای نێواخنی ئیشکی وەسفی دەستەڵاتدارانی گرتەوە.

حافز لە قەسیدەیەک دا بۆمەدحی دەستەڵاتدارێک دەڵێ:

وزیر شاهنشان، خواجەی زمین و زمان
که خرمست بدو حال انسی و جان
قوام دولت و دنیا محمد بن علی
که میدرخشدش از چهره فر یزدان

بڵێی بەلای شێعر ناسانەوە زیادتر ئەم دوو بەیتەی سەرەوە پەسند بێ یان ئەم دوو بەیتەی خوارەوە کە هەر لە غەزەلێکی حافزەوە هەڵبژێردراون.

آه از آن نرگس جادوو که چه بازی انگیخت    واه از آن مست که با مردم هشیار چه کرد
اشک من رنگ شفق یافت ز بی مهری یار
طالع بی‌شفقت بین که درین کار چه کرد

بەیتی کوردی مەدحی دەستەڵاتداران ناکا. وێکچوونی بەیت و قەسیدە، نەک لەم لایەنە ناوەڕۆکییەدا بەڵکوو لە لایەنێکی فۆرمی و پێکهاتەیی‌دا زەق دەبێتەوە. بەیتە درێژەکان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چەندین بەشی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن کە مەنتیقی فۆرمیی و ناوەڕۆکیی ئەم بەشە جۆراوجۆرانە تاڕادەیەک پێکەوە جوداوازییان هەیە.

بەیت لە هەندێک بەشی‌دا بە وەسفی ناسک و ئەویندارانە شێوازێکی لیریک و غینایی بەخۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەویندارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قاڵبی مۆنۆلۆگ دا بەدی دەکرێن:

مەرزینگان هەر لە کن من مەرزینگانە
لە کن من چاوی کۆترە ولێی ون بووە هێلانە
لەکن من بەرخە کۆرپەڵەی دوای مێگەلانە
لە کن من گەوهەری خەزێنەی شاە و سوڵتانە
هەر لە کن من موحتەبەرە، لەبەر دڵانە
یان دەبێ سەری خۆم بەرمەوە گۆڕ و گۆڕخانە
یان دەبێ سەری خۆم بکەم بە کۆی مەیدانە

لە هەندێک بەشی تردا، بەهۆی زەق بوونەوەی کێشەکان (کێشە بە مانا دراماتیکییەکەی)، ڕەنگی دراماتیکی بەیت بەشێوەیەکی تۆختر خۆی دەنوێنێ. بەیت ئەگەر لە بەشە لیریکییەکەی‌دا مەنتیقێکی ستاتیک و نەرم و نیانی هەیە لە بەشە دراماتیکەکەی‌دا خاوەنی مەنتیقێکی دینامیک و پڕ جووڵەترە. لەم بەشانەدا کارەساتە تراژیدییەکان بە خێراییەکی زۆر لە حاڵی قەومان دان:

دەجا سواران با وەخڕ بن. جڵەوگیری دوژمن بکەن ڕۆژی لێ قەومانە
کەلاک دەکەوێتە گۆڕێ و ڕۆژی دڵ هێشانە...
لەشکر بەرانبەری یەکتری دەبوون، دەنگی قەرەبینایە و ڕمبی دەم ڕەشی هەژدە قەماوە شۆڕ مەحموود هەرجارێکی ڕکێفی بۆ وڵاغی شێرخەزاڵی (؟) دەهێناوە
دوازدە کەسی لە ئەمیر و سەردار عێلان لەسەر پشتی ڕکێفی فڕێ دەداوە.
مەستی مەرزینگانە، دەربەستی مردن نییە هیچ ئاگای لەخۆی نەماوە
وادەزانێ دەستی لە گەردنی مەرزینگان دایە، هەر نازانێ ڕۆژی دڵ هێشانە و قەوماوە
......

ماویەتی

لە وێبلاگی نووسەر (خێوەت) وەرگیراوە

## هەڵقرچان



ڕەسووڵ سوڵتانی

بەهارەو خەونی باران هەڵدەقرچێ

سەمای سەرسەوزی شاران هەڵدەقرچێ

هەناسەی پڕ لە تاسەی شەنگە بێری

لە جێژوان و هەواران هەڵدەقرچێ

قوتابخانە لە وانەی گڕ گڤەی دێ

لەوێ دەنگی هەژاران هەڵدەقرچێ

لە شیناوێ دەگێڕن شین و دەگرین

کە خونچەی لێوی داران هەڵدەقرچێ

دڵی دایک بڵێسەی دێ لەبەر ژان

نێو ژان و پەژاران هەڵدەقرچێ

لە ئیبراهیمەکەت پاکتر، خودایە

لە ئاگردا هەزاران هەڵدەقرچێ

کەچی نەتفەرموو «بەردەن وەسەلامەن»

کە دیت دیدەی بەهاران هەڵدەقرچێ

دەترسم تۆش بفەرمووی جا چ قەیدی

بە سوودی گورگی تاران هەڵدەقرچێ

بە ئایاتی ڕەشی شەیتانی تاران

گوڵووکی لێوبەباران هەڵدەقرچێ

ئەوەی لێرەی دەبینی خوا دەزانی

لە سای پیری جەماران هەڵدەقرچێ





هەڵە چێنی

## ڕووناکبیری لە دونیای مەجازیدا



مستەفا شێخە

ئەم دونیا مەجازییە ئەوەندە خۆشە پیاو ناتوانێت وازی لیبنێت. بۆ ئەوەی لێرەشدا نەکەومە بەر پەستە و تەپ و توانجی ئەو ژن و کچانەی بە سێحری فۆتۆشاپ، پشتی کارگەکانی بەرهەم هێنانی سووراو و سپیاو و ریمێل و کرێم و خەتی لێو و ژێلەی پرچیان شکاندووە، بە ڕستەی یەکەمدا دەچمەوە و دەڵێم «مرۆڤ ناتوانێت وازی لیبێنت.»

با ئەوەش لە ناوخۆمان دەرنەچێت، ئەم دۆستە بەڕێزانەی یەکەم جار لە دونیای مەجازی لەگەڵیاندا ئاشنا دەبم، کاتێک لە دونیای هوشیاریدا بەرەوڕوویان دەبمەوە، هێندێکیان خۆم ئاسایی ئەوەندە ناشرین و دزێون، دەبێ بۆ ماوەیەک پێلووی چاوت لێک بنێی و لە بیرگەی درێژخایەنی مێشکتدا بە دوای وێنە مەجازیەکەیاندا بگەڕێی. ئەگەر بۆت کرا پێوەندییەک لە نێوان هەردووکیاندا دروست بکەی، ئەمجارەیان ناچاری بەزۆر بەخۆت بسەلمێنی ئەم مرۆڤە خوێن تاڵ و ڕەزاگرانەی بەردەمت هەر ئەو خوێن‌شرینە ڕەزا سووکە قسە خۆشەیە کە لەمەوبەر لە دونیای مەجازیدا دەتناسی و بە قسەخۆشەکانی لە خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری دەکردی و نەیدەهێشت سەیری هەواڵەکانی تەلەفزیۆن بکەی و دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی بۆنی چێشتی سووتاویش لە ماڵەکەتدا.

دونیای مەجازی وات لێدەکات، بێ ئەوەی ئەزموونی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزریت هەبێت، لەپڕێک ببی بە ڕووناکبیر. دەک ماڵی ئەو کەسە ئاوەدان بێت یەکەم جار ڕێگەی بۆ پەرەسەندنی ئەم دونیا مەجازییە خۆش کرد.

هیچ پێویست ناکات شەو و شەونخوونی بکێشی و شان وەبەر خوێندنەوەی کتێبی سەدان لاپەڕەیی بدەی، یان ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەماڵەوە لەسەریەک دابنێی و پاشەکەوتیان بکەی. پێویست نییە لە ژووری وانەی کۆلێژ و مۆلێژان دابنیشی یان لەم جیهانە سێهەمەی لای خۆماندا شەو و نێوەشەوان بەدوای چالاکیی سیاسیدا لە پاڵ حیزب و میزباندا خەریکی کاری سیاسەت بی و لەترسی سەرکۆنەکردن و هەڵپەساردن و شتی واش وەک مێژۆکە بلەرزی. هەر هێندی بڵێی یەک و دوو، سێ چوار ستاتووس و پێنج شەش کامێنتان بخوێنەوە و سەیری دووسێ گرتەی ڤیدیۆیی بکە، بە چاو نوقاندنێک دەبی بە ڕووناکبیر. هەر ئەوەندەیە دوو سێ کەسی کەم ئەزموون پێتەوە شاگەشکە بن و چوارپێنج خوێندەوار و ڕووناکبیریش کاتی پشوودانیان، بۆ ئەوەی هەوێنی پێکەنینیان دەست کەوتبێ، یەک دوو شووتی لە خۆت گەورەترت بخەنە ژێر باڵ.

کاتێک ئەم قۆناخەی بە ڕووناکبیر بوونت تێپەڕاند، کەس ناتوانێت دەستت وەبەر بێنێت. ئەوە تۆ وئەوەش دونیای هەراو و پان و بەرینی ئینترنێت. هەر لە تویتێر و فەیسبووک و دەرفەتەکانی ناو یاهوو و گووگل و ماڵپەڕ و وێبلاگەوە بگرە تا دەگاتە مەسەنجێر و سکایپ و سەدان دۆدی و بۆدی دیکە، هەموویان لەبەر دەستی تۆدان. هەوسار لەسەر ئەسپی سەرکێشی هەمووشت زانی ڕووناکبیرانەت داماڵە و بەرهەڵڵای کە با بەکەیفی خۆی جووتە بوەشێنێت و بەسەر تەیمان و پەرژیناندا قەڵەمبازان باوێت. کەس ناتوانێ دەستت وەبەر بێنێت و بەکەیفی خۆت دەنووسی. نە سەرووتری ناو حیزب سزات دەدات، نەمامۆستا شوڵت لێ ڕادەوەشێنت، نە دایک و باوکت حەددیان هەیە بڵێن ڕۆڵە وامەکە، نە سەرنووسەری گۆڤار و ڕۆژنامە بە بابەتەکەتدا دەچنەوە.

ئەگەر کەسیش لای لێ نەکردییەوە، هەر خۆت کرتە لەسەر بابەتەکان بکە. دەتوانی ئەوەندەی وزەت لەبەردایە بە ناوی جیاوازەوە کامێنت و بۆچوون لەسەر بابەتەکانی خۆت بنووسی. هەر پێویست ناکات خەڵک لات لێبکاتەوە، دەتوانی خۆت بە چەند ناوی جیاوازەوە دیالۆگ و گفتوگۆ لە ناوبەینی خۆت و خۆتەکانی دیکەدا ساز بکەی. خۆت دەیگری و دەیبڕی و هەر خۆشت دەتوانی بە وردە درومان لێکی بدەی و یان شەش تەقەڵی بکەی. ئەگەر حەزت لە ئاشتی بوو، خۆت و خۆتەکانی دیکە، دیالۆگێکی بنیاتنەرانە و ئاشتی خوازانە دروست دەکەن و ئەگەر حەزیشت لەشەڕە، هیچ پێویست ناکات دوژمنی و نەیاری سەر جادە و شەقام و ناو کۆڵانەکانت هەبێت. هەر لەوێ خۆت و خۆتەکانی دیکە بەگژ یەکتری دابکە و کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاواز بخولقێنە. ئەگەر حەزت لە دەم شڕی و شەڕە جوێنە، لەم بوارەشدا دەستت بۆ هەموو تازەگەری و نوێبوونەوەیەک ئاوەڵایە. بێ هیچ کێشەیەک دەتوانی ڕەگەزیشت بگۆڕی خۆتی خانم و خاتوون

بەرێزەوە کۆمێنت و بۆچوون لەسەر هەمان خۆتی پیاوی ژیکەڵە و خاوەن پرستیژ بنووسی. هەر لەوێ دەتوانی کێشەی نێوان پیاوانی پیاوسالار و ژنانی فیمینیستیش چارەسەربکەی و کۆتایی بەم جیاوازییە قووڵ و مێژووییەش بهێنی و ئەم سەرکەوتنەش بۆخۆت تۆمار بکەی.

..........................

..........................

......................

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 598 20 des 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# واژۆی پەیمانێک گرنگە، بەڵام گرنگتر لە واژۆکە پابەند بوونە بە پەیمانەکە

**لە پەراوێزی ئیمزاکردنی دوو پرۆتوکولی جیهانی لە لایەن ٥ حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە**

کوێستان فتووحی

ڕێکخراوی ژنێڤاکال (بانگەوازی ژنێڤ) بە مەبەستی پابەند بوونی بزووتنەوە چەکدارییەکانی جیهان لەپیوەندی لە گەڵ قانوونە مرۆڤدۆستانەکاندا، و لەسەر بانگهێشتنی سەرۆکایەتیی ئەو رێکخراوەیە، نوێنەرانی پێنج حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە_ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێرانی، لە شاری ژنێڤ کۆ کردەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن ئەو حیزبانەوە دوو پرۆتوکولی گرنگ لەبواری مافەکانی ژنان و منداڵاندا واژۆ کران.

دیارە ئەوەندی من ئاگادار بم لە سالانی رابردووش دا،لانیکەم حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پیوەندی لە گەڵ بەکارنەهێنانی مین، رێککەوتننامەیەکی لە گەڵ رێکخراوی ژنێڤاکاڵ، مۆر کردوە. بە شێوەیەکی گشتی، نێوەرۆکی پەیماننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی زۆربەی ئەو حیزبانە دا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بە واژۆکردنی ئەم دوو پرۆتۆکۆلە زۆر زیاتر لە پێشوو بەرپرسایەتی و ئەرک بەرانبەر بە نێوەرۆکی پەیماننامە جیهانییەکان بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ منداڵان و ژناندا دەکەوێتە سەر شانیان.

**فێرکردن یەکێکە لە پایەکانی نەهادینەبوونی مافی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا**

لە پێوەندیی لەگەڵ واژۆی دوو پرۆتۆکولی رێکخراوی ژنێڤاکال لەلایەن٥ حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە هەر وەک واژۆی سەر کاغەز نەمێنێتەوە، پێویستە وەک پرۆژەیەکی ژیانی حیزبی چاوی لێ بکەن و لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردنی خۆیاندا ماددەکانی ئەم پەیماننامانە و ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان وەک وانە بە تیکۆشەران و ئەندامان و لایەنگرانیان بلێنەوە. تاکەکانی نێو ئەم رێکخراوانە دەبێ وەک ئوسوولی حیزبەکەیان چاو لە خاڵ بە خاڵی ئەم پەیماننامانە بکەن و ڕێز لە جەوهەری واژۆی حیزبەکانیان بگرن.

فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدان و ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان لەو مەسەلە گرنگانەن کە لە ئەم حیزبانەوە دەبێ لە نێو قەوارەی تەشکیلاتییاندا بەردەوام پێی لەسەر دابگرن و بیکەنە وانەی تەشکیلاتی.واتە پێویستە کەسەکانی خۆیان بە گیانی ریزگرتن لەو مافانە وباوەر بەوان، پەروەردە بکەن. پێویستە لەو هەنگاوە سەمبولیکانە، بەولاوەتر بڕۆن و بەرنامە و ڕێوشوێن بۆ بەرەسمی ناسین و بەڕێوەبردنی ئەو مافانەی لەم پەیماننامە جیهانییانەدا هاتوون، دابنێن و چ لە نێو تاکەکانی نیو ڕێکخراوەکانیان دا و چ لە هەلسوکەوت لە گەڵ خەڵک دا بەڕیوەیان بەرن. گومانی تیدا نییە کە فێرکردنی مافی مرۆڤ لە دروستکردنی کلتووری پاراستتن و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و پەرەسەندن و جێگیربوونی ئەو مافانە لە کۆمەڵگەدا، نەخشێکی سەرەکی و بنیاتنەری دەبێ.

ئەگەر تا دوێنێ بۆ پاراستنی ئوسوول و پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەر خۆمان بەسەر حیزبەکانی خۆماندا چاوەدێر بووین ، لەمەوبەدوا ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ وەک رێکخراوی ژنێڤاکال، چاودێریی بەڕێوەچوونی ئەو پڕنسیپانە لە نێو ئەو حیزبەکانمان دا دەکەن. دیارە واژۆکەرانی ئەم پرۆتۆکۆلانە دەبێ حیسابی ئەوەیان کردبێ کە لەمەودوا ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانیان لە ئاست مافەکانی ژنان و منداڵان زیاتر دەبێت. وەدیارکەوتن لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵی نیونەتەوەیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و واژۆکردنی پەیماننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، دەتوانێ ببێتە هەوێنی تەبلیغاتی بۆ هەر کام لەو لایەنانە. بەڵام ئێعتبار و جێگە و پێگەی ئەوان لەم واژۆیەدا ئەو کاتە بەرجەستە دەبێ کە بە جیددی بیکەنە پرۆژەی تێکۆشان و تێهەڵکێشی ژیان و کەلتووری حیزبەکانیانی بکەن. جێگیر کردنی یەکسانیی ژن و پیاو و پاراستنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە هەر حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵگەیەکدا پێویستیی بە بەرنامە و پرۆژە و کار و تیکۆشان لە بوار و ئاستی جۆراوجۆر دا هەیە. بۆیە ئەو ٥ حیزبە بەم واژۆ کردنە ئەرکدار کراون لەمەودوا پرۆژەی مافی مرۆڤ (ژنان ومنداڵان) لە ریزەکانی خۆیان و لە نیو نەتەوەکەی خۆیان دا بەرەوپێش بەرن و وەک چۆن لەئاست ئەرکە نەتەوەییەکانیان، هەست بە بپرسایەتی دەکەن، هەر ئاواش لەئاست مافەکانی ژنان و منداڵاندا دەبێ خۆبەبەرپرس بزانن . ئەو واژۆکردنە ئەوکاتە بایەخ پەیدا دەکا کە بە شێوەیەکی بنچینەیی فێرکردنی مافی مرۆڤ لە پرۆگرامی ناوەندە فێرکارییەکانیاندا رەنگ بداتەوە،تێکەڵ بە ریوشوینە تەشکیلاتییەکانیان ببێ و لە ناوەندە جۆراوجۆرەکان و دامودەزگاکانی راگەیاندنیان دا، ڕێنوینی و ئیلهامیان لیوەربگیریت.

فێرکردن دەبێتە هۆی بەرەوژووربردنی ئاستی زانیاری و تێگەیشتن لە ماف و ئازادییەکان و ئەمەش گرنگترین ئامرازی پەرپێدانی کەلتووری پاراستنی مافی مرۆڤە. پاراستنی مافی مرۆڤ مەرجی پێویستی جێگیربوونی دێموکراسی، ئاشتی و هەماهەنگیی کۆمەڵایەتییە.

حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە بواری فکری و سیاسی و راگەیاندن دا، هەر کامێکیان بە گوێرەی نفووز و توانا و باوەرەکانیان،کەم تا زۆر بە قازانجی جێکەوتنی باوەر بە مافە مرۆییەکان، هەوڵیان داوە. بەڵام واژۆکردنی ئەم پەیماننامانە، ئەرکی ئەوانی لە پیوەندی لە گەڵ کارو تێکۆشان لە بواری مافی مرۆڤ دا قورستر کردوە. بە تایبەتی پێویستە لە هەموو کات و ساتێکدا بوێرانە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان و ژنان بکەن، ئەو مافانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بناسێنن و مرۆڤی کورد رابێنن پابەند بن بە پاراستنی مافەکانی ژنان و منداڵان. ئەمە دەتوانێ روخسارێکی مرۆڤدۆستانە و ئینسانی بە خەباتی نەتەوەیی،دادپەروەرانە و دێموکراسیخوازی ئەوان بدا. لەم روانگەیەوە، مۆرکردنی پەیماننامەکانی ژنێڤاکاڵ لە لایەن حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانم.

## منداڵانی رۆژهەڵات، هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ کچانی قوتابخانەی شیناوێ راگەیاند







دوانیوەرۆی پێنجشەممە ١٣٩١/٩/٢٣ (٢٠١٢/١٢/١٣) بە دەسپێشخەریی کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی رۆژهەلاتی کوردستان رێوڕەسمێک لە پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر بۆ هاوپیوەندی و هاوخەمی لەگەڵ قوربانیانی کارەساتی سووتانی قوتابخانەی کچانی گوندی شیناوێ بەڕیوەچوو. لەم ریورەسمەدا دەیان کەس لە منداڵانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێرسەرپەرستیی ناوەندی منداڵپاریزی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون.

چالاکییەکانی ئەو ریوڕەسمە بریتی بوون لە کۆمەڵێک کارو چالاکیی هونەریی جوان وەکوو خوێندنەوەی سروود و پەخشان و پەیامی هاودەردی لە لایەن منداڵانەوە. لەم ریوڕەسمەدا، کیژولەی قوتابی ئاشنا گوڵپەسەندی، پەیامی هاوخەمی و هاوپیوەندیی ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەلاتی کوردستانی خویندەوە. پێویستە بوترێ ڕێکخەرانی ئەم هاوپیوەندییە، دیمەنی پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی کچانی شیناوێ و قوتابییەکانی ئەم پۆلەیان لە نمایشێکی سەرنجراکێشدا، بە هاوکاری و بەشداریی منداڵانی رۆژهەلات لە تاراوگە، دروست کردبۆوە. منداڵانی رۆژهەڵات لەم یادکردنەوەیەدا لە پارکی شانەدەر، بە دروشم و نووسینی سەر پەلاکارد، هاوسۆزی و هاودەردیی خۆیان لەگەل قوتابیانی قوتابخانە سووتاوەکەی شیناوێ و بنەماڵەکانیان دەربڕی و داوایان لە کۆمەلانی خەڵک کرد لە هاوکاری و پشتیوانیی قوربانیانی کارەساتە دڵتەزینەکەی ١٥ی سەرماوەزی شیناوێ، غافڵ نەبن.

## کردنەوەی پێشانگایەکی وێنە بۆ ڕێزگرتن لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان







بە مەبەستی ڕێز گرتن لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دوو پێشمەرگەی نگارکیشی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشانگایەکی وینەیان کردەوە.

رۆژی یەکشەممە٢٦ی سەرماوەزی بەمەبەستی پیرۆزکردن و بەرزراگرتنی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، دوو پێشمەرگەی هونەرمەندی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات بەرێزان؛ شەفیع محەممەدپوور و ئەنسار سالّحی، پێشانگایەکی وینەیان کردەوە.

لەم پێشانگایەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی هەردوو هونەرمەند کە بریتی بوون لە کۆمەڵە وێنەیەکی جوان و تایبەت بە پێشمەرگەی کوردستان، کەسایەتی‌یەکانی مێژووی کوردستان، ڕێبەرانی شەهیدی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەم پێشانگایە لە لایەن زۆرێک لە تێکۆشەرانی دێموکراتەوە پێشوازیی لێکراو بە سەردانی پێشانگاو دیتنی وێنەکان سپاس و پێزانین ئاراستەی هەردوو هونەرمەندی پێشمەرگە بەڕێزان: شەفیع محەممەدپوورو ئەنسار سالّحی کرا.

## پێشانگای «کوردستانناسیی» خۆیندکارانی زانکۆی «پیام نور»ی سنە بە بۆنەی رۆژی خۆێندکار



سەرەڕای گوشار و هەڕەشەی بەرپرسانی ڕێژیم، خوێندکاران لە زانکۆی «پەیامی نوور»ی شاری سنە بە کردنەوەیٚ پێشانگایەک لە ژێر ناوی «کوردستان ناسی» یادی رۆژی خوێندکاریان کردەوە.

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی «کوردستان و کورد» ژمارەیەک لە خۆێندکارانی زانکۆی «پەیامی نوور»ی شاری سنە کە دەیانهەویست کۆبوونەوەیەک بە بۆنەیٚ رۆژی خۆێندکارەوە پێک بێنن، لە لایەن بەرپرسان و حەراسەتی زانکۆی ناوبراوەوە پێشیان پێ گیرا و زانکو بە هاوکاری حەراسەت بۆ خۆیٚ کۆبوونەوەیەکی فەرمایشی بەرێوە برد.

لە بەرانبەردا خوێندکارانی زانکۆ وێڕای بەشداری نەکردن لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی زانکۆ، لە رۆژانی ١٨ تا ٢٠ سەرماوەز، پێشانگایەکیان لە ژێر ناوی «کوردستان ناسی» ، بەڕێوە برد کە لە چەند بەشی جۆراوجۆر وەک : مێژووناسی، جوغرافیاناسی، جلۆبەرگی ژنان و پیاوانی ناوچە جوراوجورەکانی کوردستان، خواردنی کوردی، یادکردنەوە لە شاعران و نووسەرانی کوردی وەک مامۆستا هێمن، مەستورە ئەردەڵان و عەباس کەمەندی، موسیقی کوردی، و کتێبی کوردی کە پێک هاتبوو.

## هاوخەمیی شاخەوانانی کورد لەگەڵ قوربانیانی کارەساتی شیناوێ



٣١ کەس لە شاخەوانانی ناوچەی سەردەشت بە وەسەرکەوتن لە چیای «کەپری» ڕێزیان لە یادی قوربانیانی کارەساتی ئاورکەوتنەوەکەی قوتابخانەی شیناوێ گرت.

رۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوز، ٣١ کەس لە شاخەوانانی ناوچەی سەردەشت بە هەڵگرتنی وێنەو تراکت و پلاکاردی تایبەت بە رووداوی ئاورکەوتنەوەی قوتابخانەی کچانی ئاوایی شیناوێی شاری پیرانشار، بە وەسەکەوتن لە چیای «کەپری» بە بەرزایی٢٤١٧ میتر، هاودەردیی خۆیان لەگەڵ قوربانیانی ئەم کارەساتە و بنەماڵەکانیان راگەیاند.

شایانی باسە کە زۆربەی ئەم شاخەوانانی مامۆستای قوتابخانەکانی ناوچەی سەردەشتن.



شەوی یەڵدای زیندانیان....
ئیمسان گەنجی